# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولرەحمان - زریان محەمەد



2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە ئەرستۆ

وەرگێڕانی
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (64)

# ئەرستۆ
# (٣٢٢-٣٨٤پ.ز)

جیرار دوروزوی، ئەندرآ روسیل

لەعەرەبییەوە: ئاوات محەمەد

ئەرستۆ (یان ئەوەی لای زۆرێک لە ئێمە بە ئەرستۆتالیس ناسراوە)، لەگەڵ سوقراٹ و پلاتۆن، بە یەکێک لە گەورەترین فەیلەسوفەکانی گریک دادەنرێت، ساڵی 284ی پێش زاین لەدایکبووە، لەشاری ئەستاگیرا لەمەکدۆنیا، ساڵی 322 لە خلیکس کۆچی دوایی کردووە، کەبەناچاری لەو کاتەی لەئەسینا دەرکرا، چووە ئەو شارە ژیاو رۆژانی کۆتایی ژیانی لەوێ بەسەر برد، باوکی پزیشک بوو لەکۆشکی مەکدۆنیا، بەڵام فیلیبۆسی پاشای مەکدۆنیا کردییە مامۆستای ئەسکەندەری کوڕی (کە لە مێژوودا بەئەسکەندەری گەورە، یان ئەسکەنەری دوو قۆچ ناسراوە).

لەساڵی 367دا ئەرستۆ بووە قوتابی پلاتۆن، پاشان بووە یەکێک لە موریدەکانی بۆ ماوەی بیست ساڵ لەسەر ئەم حاڵەتە مایەوە، بەڵام پاش مردنی ئەم مامۆستا خواوەندییە، قوتابی لە باوەڕی مامۆستاکەی جیابۆوە، لەبەرئەوە دەبینین کە دەچێتە کۆشکی مەگدۆنیو لەوێ وانە بە ئەسکەندەر دەڵێتەوە، بەڕەزامەنی ئەم بۆ ئەسینا دەگەڕێتەوە تاکو قوتابخانەیەکی فەلسەفی تایبەتی تێدا دروست بکات، ئەوەی لەناوی لیکیۆنییەکان Lycee ناسرابوو، (ئەمیش بەناوی ئەو پەرستگایەی لەتەنیشتیەوە بوو ناوی پەرستگای ئەپۆلۆنی لکیۆنییە)، لە قوتابخانەکەیدا پاش نیوەڕوان، کێ حەزی لێبوایە وانەی دەوتەوە، کە تێگەیشتنیان ئاسان بووە واتە وانەی دیاردەگەریانە، بەڵام بەیانیان تەنها قوتابییە هەڵبژێردراوەکانی گوێیان لێدەگرت (کەدواتر ئەم قوتابیانە بەپێڕەوەکان ناسران، لەبەرئەوەی ئەوان بەپێوە لەکاتێک رۆشتندا وانەیان وەردەگرت، ئەو لەباخچەکەدا لەگەڵیاندا خەریک دەبوو

ئەو وانانەی پێدەوتن کە تێگەیشتنی ئاسان نەبوو، واتە وانە ناوەکییەکان، کە ئەمەی دوایی لەکارەکانی ئەرستۆ بە ئێمە گەیشتووە.

ئەوەی ئەرستۆ لەدوای خۆی بەجێیهێشت، کارێکی ئینسکلۆپیدیای زۆر گەورە بووە (ئەفسانەی سەدە کۆنەکان نزیکەی چوار سەد دانراوی دەخەنە پاڵ، بەڵام بەشێوەی تەواوەتی تەنها چلو حەوت دانراوی بە ئێمە گەیشتووە، هەروەها سەد کاری بڕگەبڕگەیی، ئەو دانراوانەی جیاوازن، جگە لەپێنجینە بەناوبانگەکەی کە بەئاورگانون ناسراوە، کۆمەڵێکی تر پەیوەسنە بەزانستی تیۆرەیی لەلایەک، هەندێکی تر پەیوەندی بەتیۆرەی پراکتیکیەوە هەیە، بەڵام ئاورگانون بنەماکانی لۆژیکی وێنەییمان دەداتێ، ئەویش لەبواری ئەو تیۆرەی بەتیۆرەی بەڵگە ناسرابوو، بەتایبەتی ئەوەی بەپێوەری syllogism ناسرابوو.

لێرەدا کەمێک دەوەستین، ئەویش بەرلەوەی دەست بکەین بە باسکردنی کورتەیەک لەفکرو کارەکانی ئەرستۆ، ئەگەر لەو تابلۆیە رابمێنین، کە رافائیلی نیگارکێشی ئیتاڵی بۆ قوتابخانەی ئەسینای کێشاوە، کە پلاتۆن لەلای چەپەوەیەو ئەرستۆ لەلای ڕاستییەوە، بەتەنیشت یەکەوە دەڕۆنو گفتوگۆیانە، یەکەمیان واتە پلاتۆن بەپەنجەی ئاماژە بۆ سەرەوە دەکات، ئەمەش لایەنی ئایدیالیستیانەی فەلسەفەکەی دیاری دەکات، بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێت، ئەویش لەقوڵایی دەروون و لەئاسمان، بەڵام دووەم (واتە ئەرستۆ) ئاماژە بۆ خوارەوە دەکات، ئەمیش بۆ دەرخستنی جەوهەری فەلسەفەکەی، کەزیاتر لە واقع و مرۆڤەوە نزیکە، لەبەرئەوەی ئەم جەوهەرە بریتیی بوو لە جیاوازی نێوان مامۆستاو قوتابیەکەی، کەدواتر ئەمانەوێت هەندێک بەدرێژی باسی لێوە بکەین، ئەویش بەم شێوەیە:

**1-زانستە تیۆریەکان:** ئەوەیە کەئەرستۆ بەشێوەیەکی سەرەکی کۆیکردەوە (وەک ئەوەی لەدانراوەکانی سەدەی یەکەمی پێش زایندا هاتووە)، لەژێر بەنی فیزیا، ئەوەی لە میتافیزیا بەراوردکراوەو دوای

دەکەوێت، کەمەبەست لێی گەڕانێکی دەسپاکانەیە بۆ حەقیقەت. ئەمش گەواهییە بۆ زیندویەتی فکری رەسەنو جیاکاریانەی ئەم فەیلەسوفەمان، کە زۆر لە مامۆستاکەی دوور کەوتەوە، کە دەبینین رەخنە لە فکری ئایدیاڵ دەگرێت، بەتایبەتی چەمکی ژمارەیی، لەبەرئەوەی بەتێڕوانینی خۆی لەواقعی ئەزمونگەریانە خۆی رزگار دەکات، هەروەها دەبینین پێشوەختیەتی ئەفلاتۆنی رەتدەکاتەوە (بەتایبەتی تیۆرەی وەبیرهاتنەوە)، کە رەهەندی واقعی بۆ تاک دەگەڕێنێتەوە، لەگەڵ کەرامەتی ئەنتۆلۆژیی تاک، زانست بەپێی قسەی ئەم تەنها وەک هەمەکییەت بوونی هەیە، واتە کە تایبەتمەندی هاوبەش لە نێوان تاکەکاندا ئەوە خەڵکە، ئەوە بۆ ئەو تایبەتمەندیانە زیاد دەکەن، کە نەفس وەک چەمکی پلەبەپلەیی دایڕوتاندووە (ئەویش بەپێی توخم و جۆرەکانی).

ئەگەر تەماشای بوونەوەری تاک بکەین، دەبینین هەمیشە رووبەڕووی گۆڕان دەبێتەوە، دەبینین لەخۆیدا ئەو سیفەتانە بەرجەستە دەکات، کە پێشتر سیفەتی گریمانەیی بوون، ئەمەش مانای وایە نێوەندێک هەیە لە نێوان نابوون و بووندا، ئەمەش ئەوەیە بەبوون بەهێزەوە ناوی دەبەین، یان باشترە بڵێین توانای هەوڵدان بۆ کارابوونی ئەوەی دەماندانێ، ئەویش لە ڕێگەی کردەکەیەوە، ئەو بوونەوەرە دەیبینین.

کەواتە لەم سۆنگەیەوە مادە دەبێتە هۆی ئەوەی هێزی لێوە دەرچێت، کە لەبواری کردەوە وێنەیەک بەخۆی دەدات، وێنەش دەبێتە(شکڵ)، دواتر دەبێتە بنەمای رێکخستنی ماتریاڵ کەمانەوەی پێدەبەخشێت: لەبەرئەوەی ماتریال برێتییە لەیەکێک لەهۆکارەکان (هۆی ماتریاڵی)، کە ئەرستۆ بۆ شیکردنەوەی بوونیادی بوونەوەر جەختی لێدەکاتەوە، لێرەدا کەمێک فراوانتر قسەدەکەین، وەک نمونە ئەو بەرە وەردەگرین، کە دەبێتە هاندەری ماتریاڵی ئەو پەیکەرەی پاش داتاشین لێوەی دروست دەبێت، دەبینین هاندەری شێوەکە فکرەو شێوەی پەیکەرەکە دیاریدەکات (واتە ئەو وێنانەیەی لەهزری پەیکەرتاشەکەدایە)،

بەڵام هۆکاری کارا بریتییە لەئامێری راستەوخۆ کەدەبێتە هۆی گۆڕینی پارچە بەردەکەو کردنی بەپەیکەر، بەڵام هۆکاری کۆتایی بریتییە لەو مەبەستەی کەپەیکەرەکەی بۆ دروست دەکرێت، (هەروەها ئەو خواستە بۆ قازانجکردنی مادی هەیە، یان خۆشەویستی هونەر).

لەبەرئەوەی هەموو بونەوەران هەوڵی تـەواو بۆ بەرجەستەبوون دەدەن، دەبینین بەپێی زنجیرەی پلەیی دابەشدەبێت لەگەڵ گونجاویەتی شێوەیدا دەگونجێت، ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین نەفس دەرخەری شێوەی جەستە زیندووەکانە، ئەوا کەرامەتی ئەنتۆلۆژی زیندووەکان لەگەڵ نەفسەکاندا دەگونجێت، لەوانەیە رووەکی بێت (وەک رووەکەکان)، یان هەستی (وەک گیانەوەرەکان)، یان قسەکەرە (ئەمیش سیفەتێکە بوونەوەری مرۆیی لەهەموو بوونەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە).

کەواتە لێرەدا هۆکارەکە هەیە، یان باشترە بڵێن، بۆ هەموو جوڵەکان بنەڕەتێک هەیە (لێرەدا مەبەست لەجوڵەکان هەموو ئەو گۆڕانکارییە هێندیانەیە، یان جۆریانەیە کە کاریگەری لەسەر هەموو بوونەوەرانی گەردوون دادەنێت)، دواتر نەگونجاوە دەست لەماهیەتی هۆکار بدەین، ئەویش بەهۆی یەکبەداویەکی راستەوخۆی هۆکارکراوەکەی، لەبەرئەوەی ئەم کارە پێویستی بەوە هەیە لەخاڵێکی دیاریکراودا بوەستین- لۆژیک بەرەو هەڵهێنجانی بوونی بزوێنەری یەکەم primum mobile دەمانبات، بەئاستی خۆی سەرمەدییە، بزوێنەر کردەی پوختو ئەبستکراتە، کەخاوەنی هەموو سیفەتەکانەو دەگاتە ئاستی کامڵبوون، لێرەدا دەگاتە ئەوەی ناوی خواوەندیەتی (ئەرستۆ)ی لێدەنێین، کە بریتییە لەکردەی پوخت کە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بزوێنەری هەموو بزوێنەرەکانی گەردوونە، گرنگترینیان ئەو جوڵە ئەقڵییەیە کە دەتوانین بەئاست بەرزترین شێوەکانی جوڵەی دابنێین، لێرەدا ئاماژە بەکردەی ئەقڵی خواوەندی بۆ گەردوون دەدەین کە ناڕاستەوخۆیە، کەئەم وەک نمونەیەکی رەهاو هۆکاری کۆتایی کاردەکات، کاریگەری خۆی لەسەر بوونەوەرەکان بەتەواوەتی دادەنێت.

**2-زانستە پراکتیکیەکان:** ئەمیش بە تێڕوانینی ئەرستۆ ئەخلاق و سیاسەت لەخۆ دەگرێت، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین خۆرئاوا ئەرستۆی لەڕێگەی فەیلەسوفە عەرەبەکانەوە ناسیووە، کە لەوێ بەهۆی تۆماس ئەکیونی کردی بە بەشێک لەفکری مەسیحی کەلێی جیانەبێتەوە، قەدیس تۆماس رای وایە ئەرستۆ فەیلەسوفی کامڵەو نوێنەری راستەقینەی فەلسەفەی نەمرە، ئەم عەرشەی فەیلەسوف بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەری مایەوە، وەک گەواهی هەموو جارێک دەیوت (ئەرستۆ دەیوت)، ئەم سیفەتە تاکو سەردەمی رۆشنگەری لەگەڵی مایەوە، تائەو کاتەی دیکارت هات، کەچاوی بەهەندێک لە ئامۆژگارییەکانیدا گێڕایەوە، ئەوەی چاوی پێداخشاندەوە یەکەمجار ئەوە بوو پەیوەندی بەفیزیاوە هەیە، کەوای تێدەگەیشت، ئەویش بەپێی تێگەیشتنی زانستی سەردەمەکەی خۆی، کەئەمیان تەواو گریمانەییە، کە لەگەڵ دەرئەنجامی ئەزمونەکاندا یەکناگرێتەوە، ئەم چاوپێداخشانەوەیە کەهاوتای باوەڕە رۆشنەکەیەتیو بەدرێژایی سالان بەردەوام بووە، کە لە شێوەیەکی وەستاوی نەزۆکی درێژخایەندا مایەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەرستۆ (تاکو ئێستاشی لەسەر بێت) بە گرنگترین بیرمەندەکان دادەنرێت، کە کاریگەری لەسەر فکری مرۆڤایەتی لە هەموو سەدەکاندا بەجێهێشتووە.

لە شیکردنەوە یەکەمیو دووەمیەکانیدا، کە بەشی سێهەمی ئاورگانۆن پێکدەهێنێت، ئەرستۆ لێکۆڵینەوەی لەوتە پێویستنەکان کردووە -زانست وەک ئەو تێدەگات برییتیە لە زانینی رۆشنی ئەو وتانە، هەروەها توێژینەوەی لەمەرجەکانی راستیەتی بەڵگەکان کردووە، بەشێوەیەکی تایبەت هەمەجۆر پێوەرەکان پاڵاوتە بکات، ئەگەرچی ئەگەر بمانەوێت لەڕاستی نزیکبینەوە ئەم ئەو جۆرە بەڵگەیە جەبرییەی نەدۆزیوەتەوە، بەڵام هەوڵیداوە بە تەواوترین شێوەی شیاو لەبواری پاکژکردنەوەی لە هەموو رووکارێکی وەهمی دایبڕێژێتەوە.

لەشیکردنەوە سەرەتاییەکاندا ئەرستۆ بنەماکانی تیۆرەی هەمەجۆر شێوەکانی ئیسندلالی پاڵپشتی دانا -ئـەوەی رێـگـەدەداتْ بگەینە ئەو دەرئەنجامەی لە نمایشی یەکەمە پێبگەین، هەروەها لە ڕێگەی بەهانەی لاوەکییەوە کە دەبێتە ناوەندێکی پێویست، بەڵام ئەم پێشەکەشکارییە دەبێتە شێوەیەکی پاڵپشتی (لەجۆری ا برێتییە لە ب) - ئەم بابەتیە لای زانا هاوچەرخەکان چیدی قبوڵ نییە، ئەمڕۆ بەپێی (ج. برنهاردتْ) (دیاریکراویەتی) دەردەکەوێتْ، ئەم تیۆرەیە ئەمڕۆ وەک هەمان تیۆرەی ئاقلیدیس نییە.

بەڵام شیکردنەوە دووەمەییەکان، باسی لە شێوازی پلەبەپلەیی کردووە، کەمەعریفەی لێ پێکدێتْ گومانی تێدا نییە، لە هەستەوە دەسپێدەکاتْ، لەوێوە دەگەینە درک پێکردنی ئەقڵی (هەڵهێنجانی، یان زەینرۆنیانە) ئەویش لەڕێگەی لۆژیکی گشتی یان ئەندێشەوە، لەبەرئەوە شیکردنەوەکان بێگومان لەبواری تیۆرە دەرئەنجام دەرەکانییەوە مەحکەم بووە، خاوەنی پێگەیەکی تایبەتْ بووە لە مێژووی فەلسەفەدا، وەک کانتْ دەڵێتْ: لە ماوەی دوو هەزارساڵدا لەرۆژگاری ئەرستۆوە هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر لۆژیکی وێنەییدا نەهاتووە، لەبەرئەوەی هەندێک ئەوەیان لە لۆژیکی ئەرستۆدا دەبینی کە لۆژیکێکی دەمارگرژە، لەوانەیە بەشداری لە دواخستنی سەرەتایی زانستی حەقیقیدا کردبێتْ، بەهۆی ئەوەی گرنگییەکی زیاد لەپێویستی بۆ ئەبستکراتیەک خراوەتە پاڵی، ئەویش لەسەر حسابی چاودێریو ئەزمون، لەڕاستیدا ئەوەی تێبینی دەکەین، ئەم ئاڵۆزییە تەنها لای خاوەنی زانستی وتنی باشتر بەدیدەکەین، بەڵام هەرگیز نابێتْ ئەوەمان بیر بچێتْ کە دەرئەنجام هێنانی راستەقینە هێشتا پێکنەهاتبوو، ئەمیش بەتێڕوانینی خودی ئەرستۆ، وەک ئەوەی لەدانراوەکانیدا دەردەکەوێتْ، ئەمیش شان بەشانی زانستْ کە لەبەرامبەردا روکاری ئەزمونکاریانەی لە چەندەها کتێبی تریدا بەدیدەکەین، (وەک مێژووی زیندەوەرزانی، سەبارەتْ بەگەردونو گەندەڵبوون، سەبارەتْ بەئاسمان... هتد).

هەندێک رەخنەگری هاوچەرخ پێیانوایە کتێبی ئەخلاقی نیقۆماخی (برینییە لەکتێبی ئەخلاق کە ئەرستۆ، بۆ نیقۆماخۆسی کوڕی نوسی) ئەمە یەکەم کتێبە بۆ ئەم مەبەستە نوسیویەتی، ئەگەرچی ئەم کتێبە هەتا خۆی لەژیاندا بوو بڵاونەکرایەوە، بەڵکو دواتر لەسەر دەستی کوڕەکەی بڵاوبووەوە، ئەویش بەپشت بەستن بەکۆمەڵێک پەراوێز کەئەرستۆ نوسیبووی، لەوانەیە لە هەندێک کتێبی گشتیدا، بەڵام ئەو کتێبانەی تر کە دەکرێت بەکتێبی ئەو پەیوەستە بەم بابەتەوە، وەک ئەخلاقی ئاوزیمۆسو ئەخلاقی گەورە، هەروەها وتارێک دەربارەی چاکەکاریو خراپەکاری، کە لەوانەیە هەندێک لەقوتابیەکانی بەپێی تێڕوانینی خۆیان دایان نابێت.

جا ئەگەر ئەم گریمانەیە راست بێت، یان نا ئەوا ئەرستۆ لەناو ئەخلاقیاتەکانی کەلە فەلسەفەی شادمانییەوەو چەمکێکی ئەقڵکراوی ترەوە دێتو دەچێت، هەمیشە سوور بوو لەسەر ئەوەی پشت بەئەزمونی گشتی هەمەجۆر مرۆڤ ببەستێت، جا ئەگەر لەناو ئەبستکراتیەتدا ون نەبێت.

لەبەرئەوەی هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن ژیانی کردەیی، یان باشترە بڵێین خێری پیرۆز برینییە لەگەیشتن بەشادمانی، بەڵام شادمانی چییە؟ بێگومان برینی نییە لەوەی لە لەزەتی تێژڕەودا بەرجەستە دەبێت، هەروەها ئەوەش نا کە لەتێڕاماندا خۆی قاڵدەکات (ئەفلاتونی)، لەخێری پوخت بەخودی خۆی، بەڵکو ئەو شادمانیەیە کەلەئەقڵیەتی جەوهەری مرۆڤەوە دەردەچێت، کەئەمەش وادەکات خێری مرۆیی، بەڵکو برینییە لەو شادمانییەی کەلەئەقڵەیەتی جەوهەری مرۆڤدا درکی پێدەکەین، ئەم کارەش وادەکات خێری مرۆیی کردەیەک بێت، تەنها تایبەت بەخۆی، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەو نەفسەی ستایش دەکات، برینییە لەنەفسی عاقڵ (کتێبی یەکەم)، پێویستە لێرەدا لە نێوان چاکەکاری بەدەستهات و dianoétiques، کە دەرئەنجامی کاری ئەقڵییە، کەدەکرێت لەڕێگەی فێربوونەوە پەری پێبدەین جیا بکەینەوە لە چاکەکاری ئەخلاقی éthiques (کە بەهۆی نەریتەوە دروست دەبێت.

لەکتێبی دووەمـدا سەبارەت بە ئەخلاق ئەرستۆ جیاوازی نێوان چاکەکاری ئەخلاقیو نەریتدا دەکات: لەبەرئەوەی چاکەکاری تەنها کردار نییە، بەڵکو (شتێکی پێکهاتووە) (ئێمە ئەو کاتە دادپەروەرین کە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە هەڵسوکەوت دەکەین)، شتێکە لەلایەنی ئیرادەییەوە پێکدێت و مەبەست دیاری دەکات، هەروەها لەلایەنێکی ئەقلانی هۆکار دیاری دەکات، لێرەوەیە ئەو پێناسە ئەرستۆییە هاتووە، کەدەڵێت چاکەکاری (بریتییە لەحاڵەتێکی بەدەستهات و بەشێوەیەکی ئیرادەیی، ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە بریتییە لەپێوەر، حاڵەتێکە عەقڵ دیاری دەکات، کە لەگەڵ هەڵسوکەوتی مرۆڤی هاوسەنگدا بگونجێت).

بەڵام کتێبی سێهەم کرداری مومارەسەکراو شیدەکاتەوە، بۆئەوەی ئەو پێناسەیە دیاری بکات وەک نەریتی رازیبوون، واتە بەلۆژێکی راستەوە بەراوردکراوە، ئەمەش مانایوایە جەخت لەبەرپرسیارێتی مرۆیی کراوەتەوە، ئەمەش لەگەڵ تێگەیشتنی سوقراتی ناکۆکە، کەدەڵێت (کەس بەهەڵبژاردنی خۆی شەڕانگێز نییە).

بەڵام هـەردوو کتێبی چوارو پێنج، وەسفی چاکەکاری ئەخلاقی تایبەت دەکەن (وەک میانڕەوی، راشکاویی،... هتد)، لەگەڵ ئەوەی بەتەواوەتی جەخت لەدادوەری دەکاتەوە، کە یان ئەوەتا دابەشکراوە یان ئەوەتا بەرژەوەندکراوە، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە چاکەکاری بەدەستهاتوو لەدەرئەنجامی کاری ئەقڵیەوەیە، ئەو پێنج چاکەکاریەی ئەرستۆ لە کتێبی شەشەمدا ژماردونی بریتین لە: زانست، هونەر، فکر، حیکمەت، کە پێکەوە ناسراون، یان هەریەکەیان بەتەنها لەبواری خۆیدا، مەبەستی خێرو وێنەکەی.

کتێبی حەوتەم بریتییە لەدەستپێکی ئەوەی لەکتێبی دەهەمدا باسی لێوە دەکرێت: کەتێیدا فەیلەسوف هێند بۆ چەمکێکی دیارکراوی چێژ دادەنێت وەک بنەمایەک بۆ شادمانی، بەڵام بەو مەرجەی پشت بەئەقڵ ببەستێت.

بەڵام کتێبی هەشت و نۆ، تایبەتە بەلێکۆڵینەوە لە چەمکی هاوڕێیەتی - ئەوەی فەیلەسوف لێکۆڵینەوەی لێدەکات- لەهەمەجۆر شێوەکانی‌و گریمانەکانی، وەک چاکەکارییەک لەچاکەکارییە سەرەکییەکانی مرۆڤ (وەک بوونەوەرێکی سیاسی)، کە بەچەمکی دادوەرییەوە بەستراوەتەوە، لەبەرئەوەی مرۆڤ ناتوانێت بەتەواوەتی بکرێتەوە مەگەر لە ڕێگەی پەیوەندیگرتن بەوانی ترەوە بێت.

دەگەینە کتێبی کۆتایی (کتێبی دەهــەم)، کەلە لێکۆڵینەوە لەچەمکی لەزەتدا قوڵدەبێتەوە، بەوە بەڵگەی بۆ دەهێنێتەوە، ئەگەر درایە پاڵ کرداری کامڵ، ئەوە لەوانەیە هاوشانی هەمەجۆر ئەرکەکانی نەفس بێت، لەوانە ئەوەی خاوەنی مەزنترین پیرۆزییە، لەبەرئەوە ناکرێت لەچاکەکاری و شادمانی جیابکرێتەوە. لێرەدا تێبینی دەکەین شیکردنەوەی فەیلەسوف مەیلی بەرەو جۆرێک لەبەئەقڵبوون دەچێت (ئەم کارە هەندێک لەوەوە رەخنەیان لێگرت، کەشێوەیەکە لەشێوەکانی دژبەیەکبوون لای ئەرستۆ)، کە ئەرستۆ جەخت لەوە دەکاتەوە مرۆڤ شادمانی تەواوی دەست ناکەوێت، تەنها لەبواری تێڕامان لەحەقیقەتەوە نەبێت، ئەوەی بەهۆی جیاکردنەوەی لەڕووداوەکانی ئەم جیهانە، وامان لێدەکات چێژ لەباشیەتی تەواو یان خواوەندیەتی وەرنەگرێت، لەبەرئەوەی باشیەتی بەکامڵی بەرجەستە نابێت تەنیا لە خواوەندیەتیدا نەبێت، ئـەوا چالاکی ئەخلاقی بۆ مـرۆڤ دەبێتە پێویستی، تاکو شەهوەتەکانی کەم بکاتەوەو خەریکی ژیانی سیاسی بێت.

لەم دەسپێکەوە دەبینین، کتێبی ئەخلاقی نیقۆماخی لەگەڵ میتافیزیکدا هاوشێوە دەبێت، هەروەک چۆن لەگەڵ سیاسەتدا هاوشێوە دەبێت، لەگەڵ ئەوەی فکری ئەرستۆ بەشێوەیەکی نا سەرنجڕاکێش بەرەو پێش دەچێت (کەزیادە رۆیی لە چڕکردنەوەیدا کراوە، یان هەندێک جاری تر زیاد لە پێویست سادە دەکرێتەوە)، بەڵام ئەم کتێبە کارێکی

سەرەکییە لەبەرئەوەی ئیرادەی پێشکەشکردنی ئەخلاقی راستەقینەی تێدا بەرجەستە دەبێت، ئەویش لەسەر ئاستی مرۆڤ، تەنانەت لەو کاتەی بەرەو کۆمەڵێک لە هاوڵاتیان ئاراستە دەکرێت، کە راهاتوون لەسەر مومارەسەکردنی چاکەکاری، بەڵام لەسیاسەتدا کە وەک خۆی دەڵێت پاش ئەوەی لە دەستورەکانی شارەکانی یۆنانی و دەوڵەتانی وەحشی کۆڵییەوەو نوسی، ئەرستۆ جەخت لەوە دەکاتەوە، دەوڵەت برینییە لەشێوەیەک لەشێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەو لەم دەسپێکەوە بەکارێکی بێ وێنە کەپێشتر شتی وانەبووە، بۆ خێزان و تاک ئەژماری دەکات، بەوەندەی دەتوانێت، یاخود خۆی ئیکتفا بکات و مەبەستەکانی لای تاکو خێزان گرنگن بەدەست بهێنێت، لەهەمانکاتدا لەوان واوەلاتر بچێت، ئەو وتە گرنگەی وەبیر دەهێنینەوە کە ئەرستۆ دەڵێت (مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسیە).

لەکاتێک لێکۆڵینەوە لەتوخمەکانی دەوڵەت، ئەرەستۆ بوونی کۆیلە وەک دەرئەنجامێکی جیاوازی سروشتی چاولێدەکات، لەنێوان مرۆڤو پێداویستیەکانی تەکنیکی بەرهەمهێنان، لەبەرئەوەی هەندێکیان لەئەنجامی دیلییەوە دەبێتە کۆیلە، لەکۆتایدا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی جیاوازی نێوان مرۆڤی ئازادو کۆیلە وەک جیاوازی نێوان چاکەکاریو خراپەکاری وایە، ئەویش لەئەنجامی نیشاندانی پەیوەندیو چالاکی خێزانی، ئەرستۆ لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، چۆن مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی دەوڵەمەند دەبێت (واتە بە پێچەوانەی سود وەرگرتن کەئەرستۆ بەهەموو شێوەیەک رەتی دەکردەوە)، هەروەها لێکۆڵیەنەوە لەهەمەجۆر رووی دەسەلأت لەناو رێکخستنی خێزاندا دەکات: کەدەسەڵاتی مێرد بەسەر ژنەوە وەک دەسەڵاتی ناو دڵی حکومەتی کۆماری وایە، دەسەڵاتی باوک بەسەر منداڵکانییەوە وەک دەسەڵاتی موڵکداری وایە.

ئەرستۆ دژی بیروڕا کۆمۆنیستیەکانی ئەفلاتونی مامۆستای بووە، کەپەیوەستە بەپەیوەندیو پەیوەستی سۆزداری لەنێوان دایکو باوکو منداڵەکاندا، ئەوەی وای دەبینێت ئەوەی ئەم پەیوەندییە دیاری دەکات بریتییە لەخودی سروشت لەلایەک، هەروەها بنەماکانی پەروەردە (لێرەدا رۆڵی دەوڵەت لە پەروەوەدەدا سەرهەڵدەدات، کە پێویستە ئەمانە ببنە هاوڵاتی پاشەڕۆژ) لەلایەکی ترەوە.

دوو چاکەکاری هاوڵاتی هەق بریتین لە ملکەچیو توانای سەرکردایەتیکردن، ئەوەی ئەم دوو سیفەتە دیاری دەکات بریتییە لەبەشداری پۆزەتیڤ لە دروستکردنی دادپەروەری لە دادوەریدا.

ئەرستۆ سێ شێوەی حکومەت دیاریدەکات ئەویش بەپێی شێوەکانی مومارەسەی دەسەڵات، کە هەمیشە لەتێڕوانینی ئەمەوە بریتییە لەواقعی حکومەت کەدەکرێت تاکرەوی بێت، یان گروپێکی گەورە یان بچوک بەڕێوەی بەرن: واتە مولکداری، یان ئەرستۆقراتی، یان کۆماری جەختی لەوە کردووەتەوە هەموو یەکێک لەم دەسەڵاتانە روویەکی گەندەڵی هەیە، کە بریتییە لەدەسەڵاتی ستەمکار، یان ئۆلیگارشی، یان دیموکراتی هەموویان دژی سروشتن، لەبەرئەوە ئەم فەیلەسوفە هیچ شێوەیەکی حکومەت بە باشتر لەوی تر نازانێت، ئەو پێیوایە هەریەکەیان دەتوانن لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی گەلدا بگونجێن.

دواجار فەیلەسوف دەبینین، وەک ئەوەی پێش زەمەنی خۆی بکەوێت، باس لەهەر سێ شێوەکەی دەسەڵات دەکات، ئەوانیش وەک ئەو دیاری کردوون بریتییە لە راوێژکاریو ئیدارەو دادوەری، ئەوەی مۆنتیسکۆ پاش هەزار ساڵ بەکاری دەهێنێتەوە، ئەمڕۆ بەناوی دەسەڵاتی تەشریعیو جێبەجێکردنو دادوەری ناوی دەبەین، بەڵام باڵادەستی ئیمپریالیزمیانەی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی ترەوە، لەتێڕوانینی ئەرستۆدا هیچ پاساوێکی نییە، تەنها ئەوە نەبێت لەڕووی سروشتییەوە

یەکێکیان لەوی تر بەهێزتر بێت، وەک حاڵەتی یۆنان کەئەرکی بوو نەتەوەکانی تر بکاتە شارستانی.

هەندێک لەکتێبە بەناوبانگەکانی تری ئەرستۆ: فیزیا، دەربارەی ئاسمان، سەبارەت بەگەردوون و گەندەڵی، مێژووی زیندەوەرزانی، ئەندامەکانی زیندەوەر، زنجیرەی ئاژەڵان، سەبارەت بەرۆح، میتافیزیک، دەستوری ئەسینا، هونەری شیعر، رەوانبێژی.

**سەرچاوە:**

-سایتی المعابر

# تیۆری سیاسی ئەرستۆ

فرید میللەر

لەئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود

ئەرستۆ فەیلەسوف و ژیربێژ و زانـای یۆنانی، لەگەڵ مامۆستاکەی ئەفلاتون، بە یەکێک لە بیریارە کاریگەرەکان دادەنرێت لە زۆر بواری فەلسەفیدا، لەوانەش تیۆری سیاسی. ئەرستۆ لە (Stagira)ی باکوری یۆنان لە دایکبووە، باوکی پزیشکی بنەماڵەی پاشایەتی بووە، لە سەردەمی لاوێتیدا لە ئەکادیمیای ئەفلاتون لە ئەسینا خوێندویەتی. دوای مردنی ئەفلاتون، ئەرستۆ ئەسینا بەجێدەهێڵێت و بەردەوام دەبێت لەگەڕان و لێکۆڵینەوەکانی لە بواری فەلسەفە و زیندەوەرزانیدا، پاشان لەلایەن شا فلیپی دووەم، شای (ماسادۆن-Macedon) بانگهێشت دەکرێت، بۆئەوەی ببێتە مامۆستای تایبەتی کوڕەکەی، ئەسکەندەری مەزن. دوای ئەوەی ئەسکەندەری مەزن شوێنی باوکی دەگرێتەوە و دەستدەکات بە یەکخستنی شارەکانی یۆنان وەدەردەچێت بۆ داگیرکردنی ئیمپراتۆریەتی فارس، ئەرستۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەسینا. لەم کاتەدا ئەرستۆ هەندێک لە کارە سەرەکیەکانی تەواو دەکات لەوانەش سیاسەت، پاشان ئەسکەندەری مەزن دەمرێت و ئەرستۆ ناچار دەبێت ئەسینا بەجێبهێڵێت بەهۆی ئەو پەیوەندیانەی لەگەڵ بنەماڵەی ماسادۆنیا هەیبووە، دوای ئەوە بەماوەیەکی کەم کۆچی دوایی دەکات.

ژیانی تایبەتی ئەرستۆ کاریگەری زۆری خستۆتە سەر بیرکردنەوە سیاسیەکانی لە زۆر لایەنەوە: حەزی ئەو لە زیندەوەرزانی ئاماژەی پێکراوە لە سروشتی تیۆرە سیاسیەکەیدا. حەزی ئەو بۆ سیاسەتی بەراوردکاری و دیمکراسی ئاماژەی پێکراوە لەرێگەی سەفەر و ئەزمونەکانییەوە لە گۆڕانی سیستمە سیاسیەکاندا. بەتوندی رەخنەی لە کارەکانی ئەفلاتون: کۆمار،

پیاوی دەوڵەت، یاسا گرتووە. کتێبی سیاسەت کە لەلایەن خۆیەوە نوسراوە، وەک رابەرێک وایە بۆ کاربەدەستان و پیاوانی دەوڵەت.

**زانستی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی**

وشەی مۆدێرنی سیاسەت politics لە وشەی politicos ی یۆنانیەوە وەرگیراوە، کە بە مانای (شار) دێت. وەک شارەکانی ئەسینا و سپارتا کە لەچەند یەکەیەکی بچوکی یەکگرتوو پێکهاتبوون و لە رووی خەمی ئاینی و کلتورییەوە هاوبەش بوون، دەوڵەتی نەتەوەیی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەو شێوەیەی هەیە. وشەی سیاسەت لای ئەرستۆ بەواتای زانستی سیاسی دێت.کە سەر بەیەکێک لە سێ لقەکانی زانستەو ئەرستۆ بەپێی ئامانجەکانیان پۆلێنیکردون و لەیەکتری جیاکردونەتەوە. یەکەم: زانستی تێڕامان کە تایبەتە بە زانینی راستی و زانیاری، دووەم: زانستی جێبەجێکردنەوە تایبەتە بە ئەنجامدانی کاری باشە. سێیەم: زانستی بەرهەم هێنان کە تایبەتە بە دروستکردنی شتی جوان و باش. سیاسەت دەچێتە خانەی زانستی جێبەجێکردنەوە کە ئامانج لێی ئەنجامدانی کاری باش و ئاسودەکردنی هاوڵاتیانە، (لە هەمانکاتدا دەتوانین وەک زانستی بەرهەمهێنان، سەیری بکەین کە ئامانج لێی دروستکردن و پاراستن و چاکسازییە لە سیستمی سیاسیدا).

ئەرستۆ وا دەڕوانێتە سیاسەت دیسپلینێکە کە دەبێت پەیڕەو بکریت زیاتر لەوەی شیبکرێتەوە و وەسف بکرێت. لە Nicomachean Ethics I .2 دا ئەرستۆ وەک زانستێکی دەسەڵاتگەرا دەڕوانێتە سیاسەت. کە دەبێت وەک زانستەکانی تر لە شاردا بخوێنرێت و پیشە و تواناکانی تری وەک – زانستی سەربازی، ماڵداری، وتاردان –بکەونە ژێر دەسەڵاتییەوە، لەبەرئەوەی زانستەکانی تری جێبەجێکردن بەڕێوە دەبات، ئامانجەکان هۆکارەکان دیاریدەکەن، کە ئەویش برینییە لە بەدەستهێنانی چاکە بۆ

مرۆڤەکان. «ئەنانەت ئەگەر ئامانجی تاکە کەس و شار وەک یەک بوو لەم کاتەدا دەبێت ئامانجی شار لە بەرچاو بگیرێت و بەدەست بهێنرێت و بپارێزرێت.»

زانستی سیاسی ئەرستۆ لە دوو بوار دەکۆڵێتەوە کە ئێستا لەلایەن بیریارانی مۆدێرنەوە بە: ئەخلاق و فەلسەفەی سیاسی پۆلێن دەکرێن.

**تێڕوانینی ئەرستۆ بۆ سیاسەت**

زانستی سیاسەت لە کار و فەرمانی سیاسەتمەداران و پیاوانی دەوڵەت دەکۆڵێتەوە، هەروەک چۆن زانستی پزیشکی گرنگی بەکاری پزیشکەکان دەدات. بەشێوەیەکی وردتر زانستی سیاسەت جەستەی زانیاری پسپۆڕانیەتی بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان. گرنگترین کاری سیاسەتمەداران دیاریکردنی رۆڵی (یاسادانەران)ە بەمەبەستی دانانی دەستورێکی گونجاو بۆ شار.

ئەم دەستورەش دەبێت یاسایەکی درێژ خایەن، داب و نەریت، دامەزراوەکان لە خۆبگرێت بۆ هاوڵاتیان. کاتێک دەستوریش ئامادەکراو دانرا لەسەر سیاسەتمەداران پێویستە یاساو رێنمایی گونجاو دابنێن بۆ پاراستنی، یان ریفۆرم ئەنجام بدەن ئەگەر پێویست بوو، هەروەها دەبێت سیاسەتمەداران رێگا لەو پێشهاتانە بگرن، کە دەبێنە هۆی تێکچونی سیستمی سیاسی. بەمە دەوترێت زانستی یاسادانان، کە بەلای ئەرستۆوە لە سیاسەت گرنگترە کاتێک لە ژیانی رۆژانەدا جێبەجێدەکرێت وەک جۆرێک لە مەراسیم.

ئەرستۆ بەردەوام دەبێت و سیاسەتمەدار بە پیشەگەر دەشوبهێنێ. بەراوردێک زۆر ورد نییە، ئەگەر لەسۆنگەی یاسادانانەوە سەیری بکەین، بەڵام ئەگەر لەو سۆنگەیەوە سەیری بکەین، کە سیاسەتمەدار هەڵدەستێت بە دروستکردن و کارپێکردن و پاراستنی سیستمی سیاسی بە پێی پرەنسیپی گەردوونی ئەوە بەراوردەکە راست دەبێت، بۆئەوەی لەم لێکچوونە بگەین ئەرستۆ کاری پیشەگەرمان لە رێگەی چوار قۆناغەوە بۆ راڤە دەکات: قۆناغی

مادی، قۆناغی شێوە(فۆرم)، قۆناغی کارامەیی، قۆناغی کۆتایی. بۆنمونە قوڕ (قۆناغی مادی)، دەکرێتە گۆزە (قۆناغی شێوە) لەلایەن گۆزەکەرەوە (قۆناغی کارامەیی)، پاشان ئاوی تێدەکرێت (قۆناغی کۆتایی).

کەسێک دەتوانێت شار لەرێگەی ئەم چوار قۆناغەوە شیکار بکات. شار کۆمەڵگایەکە پێکهاتووە لەکۆی چەند بەشێک، کە چەند کارو ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە. بەشەکانی کۆمەڵگە بریتین لە: ئابوری (دەوڵەمەندو هەژار) سیاسی، هەروەها شار پێکدێت لە تاکەکانی کۆمەڵگە کە لەگەڵ سەرچاوە سروشتیەکان دەبنە (قۆناغی مادی = مادە) کە لە ئەوانەوە شار دەنەخشێنرێت.

قۆناغی شێوەی شار بریتییە لە دەستور. بەلای ئەرستۆوە دەستور بریتییە لە «کۆمەڵێک یاساو فەرمان بۆ دانیشتوانی شار». ئەرستۆ زیاتر قسە لەسەر دەستور دەکات و پێیوایە دەستووری کۆمەڵگە (فۆڕمێکی رێکەوتن-یەکخستن)ە و کۆمەڵگەش هەمان کۆمەڵگە دەبێت بە درێژای رۆژگار ئەگەر هەمان دەستوری هەبێت. دەستور دۆکۆمێنتێکی نوسراو نییە، بەڵکو جەوهەری پرەنیسپی رێکخستنە، هەروەها دەستور شێوازی «ژیان»ی هاولاتیانە. ئەو هاولاتیانەی هەموو مافێکی سیاسیان هەیە.

دروستبوونی شار پێویستی بە قۆناغی کارامەیی هەیە، ئەگەر ناوی بنێین ئەو کارامەیە بریتییە لە دەسەڵاتدار. بە بۆچوونی ئەرستۆ کۆمەڵگە کاتێک فەرمان وەردەگرێت، ئەگەر بنەمای دەسەڵاتدارێتی هەبێت. ئەم پرەنسیپی دەسەڵادارێتییە لە دەستوردا پێناسەیان بۆ کراوە کە دەسەڵاتی ئۆفیسی سیاسیەکان و ئۆفیسی شا دیاری دەکات، بە شێوەیەکی قوڵتر دەبێت لە قۆناغی کارامەیدا قەناعەت بەهاولاتیان بکرێت بۆچی شار دەستوری پێویستە. ئەو پێیوایە ئەوکەسەی یەکەمجار شار بنیات دەنێت، سودێکی زۆر دەگەیەنێت. وەک دروستکەری پاپۆڕێک کە لەهەندێک مادە بەرهەمێکی نەخشێنراو دروست دەکات.

بیروباوەڕی ئەرستۆش لەسەر قۆناغی کۆتایی لەم دێڕانە خوارەوەدا دەردەکەوێت:

لە کاتێکدا شار جۆرێکە لە کۆمەڵگەو هەر کۆمەڵگەیەک بۆ ئەوە دروستبووە کاری باش ئەنجام بدات (هەموو کەسێک ئەوە دەکات، لە پێناوی ئەوەی کەپێیوایە باشە). شتێکی ئاشکراشە هەر کۆمەڵگایەک ئامانجی هەندێک (باش)ەیە. ئەو کۆمەڵگەیەش کە دەسەڵات و مەبەستەکانی زۆربەی تاکەکانی تێدایە پێی دەوترێت شار، یان کۆمەڵگەی سیاسی. دوای دروست بوونی شار هاوڵاتیان بەدوای باشی و خۆشگوزەرانی شاردا دەگەڕێن، کەئەمەش ئامانجی کۆتاییە.

**پوختە**

شار رێکەوتنی هاوڵاتیانە لەسەر خاک (قۆناغی مادی) و دەستور (قۆناغی شێوە). دەستوریش لەلایەن یاسادانەرانەوە داڕێژراوە، کە لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە پەیڕەو دەکرێت کە وەک پیشەگەران وان (قۆناغی کارامەیی) هاوکات دەستور ئامانجەکانی شار دیاری دەکات (قۆناغی کۆتایی).

**سەرچاوە:**

-STANFORD ENCYCLOPEDIA OF PHILOSOPHY

# ئەرستۆ ژیان و کارەکانی

ئەی. ئی. تایلۆر
لەئینگلیزییەوە: ئاوات ئەحمەد

(1)

**ژیان و کارەکانی**

ناوی فەیلەسوفان، ئەوەندەی ناوی شاعیرە مەزنەکان پێمان ئاشنانین. زەحمەتە خوێنەرێکی باشی ئینگلیز ناوی سۆفۆکلیس، یان مۆلێری نەبیستبێت. خوێنەرێکی باش هەرهیچ نەبێت، دەزانێت ئەو دوو نوسەرە کێ بوون، دەتوانێت لە نهێنی ئەنتیگۆناو میسانترۆپ تێبگات.

ئێمە بە یەکێک دەڵێین خوێنەرێکی زۆرباش، کە چەند شیعرو پەخشانێکی مێژووی دێرین لە یادەوەریدا هەبێت، گەرچی شتێکی ئەوتۆش دەربارەی دیکارت یان کانت نەزانێت، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک فەیلەسوف هەن کاریگەرییان لەسەر هزرو زمان ئەوەندە فراوانە، خوێنەرێک نییە ناوەکانیان نەزانێت، پیاوێکی رۆشنبیری ئەوروپایی کەباسی زمان دەکات، وشە و زاراوەکانی ئەوان بەکاردەهێنێت. لەناو ئەمانەدا ئەرستۆ لەسەرووی هەموویانەوەیە. ئێمە ناویمان بیستووە، وەک چۆن هەمووومان ناوی هۆمیریشمان بیستووە. کاریگەریی ئەرستۆ لەسەر تیۆلۆژیا ئەوەندە زۆرە، کە زۆربەی کەنیسەکان تێڕوانینەکەی ئەویان لەمەڕ گەردوون هەڵگرتۆتەوە، ئەگەر ئێمە بایەخ بەگەشەکردنی زانستە مۆدێرنەکان بدەین، بۆمان دەردەکەوێت هەندێک لە زانیارییەکانی ئەرستۆمان بۆ تێگەیشتنی بیکۆن و گالیلۆو ئەو مەزنانەی تر پێویستە، کە لە تێڕوانینیاندا بۆ سروشت، دژی ئەرستۆی خوڵقێنەری زانستی مۆدێرنن، ئەگەر بچینە سەر ئەدەبە ئەندێشەییەکەی زمانە مۆدێرنەکان، ئەگەر ئاگاداری فەلسەفەکەی ئەرستۆ

نەبین، ناتوانین کتێبە بەنرخەکەی دانتێو زۆرێک لەکارەکانی چاسەرو شکسپیرو میلتۆنیش، بەتەواوی تێبگەین، ئەگەر بچینە سەر زمانی ئاسایی، دەبینین ناتوانین لە زۆرێک لە گۆڕانکارییە ئاشناکانی ئاخاوتنی مۆدێرن تێبگەین، بێ تێگەیشتنی ئەو پێڕەوەی سەرەتا لێیەوە سەریانهەڵداوە، بۆیە مەبەستی ئەم کتێبە بچوکە ئەوەیە یاریدەی خوێنەرانی ئینگلیز بدات، بۆئەوەی باشتر لەو زمانە ئاشنایە تێبگەنو ساناتر لەگەڵ کارەکانی دانتێ، شەیکسپیەر، بیکۆن، میلتۆندا مامەڵەبکەن.

## ژیانی ئەرستۆ

دەتوانین بەکورتی باسی راستییە سەرەکییەکانی ژیانی ئەرستۆ بکەین. لە ساڵی 385 یان 384 ی پێش زاییندا لە ستاگیرۆس لەدایکبووە، کەشارێکی بچوکە لە نیمچە دورگەی خاڵیکدیک، کە تائێستاش زۆرجار بەناوە دێرینەکەیەوە بانگدەکرێت، لە تەمەنی شەستو دوو ساڵیدا، لە کاڵیکسی ئێوبا دەمرێت. ئەرەستۆ هاوچەرخی دیمۆسین بووە. لەسەردەمی گەنجیدا ئاگاداری کێشەو ململانێیەک بووە کە سەرەنجامەکەی دامەزراندنی شانشینی مەکدۆنیا بووە وەک دەسەڵاتی باڵا لەناوچەی هیلینییەکاندا. ساڵانی دواتریشی لەگەڵ ئەسکەندەری مەزنی قوتابییدا بەسەربردووە کە ئیمپڕاتۆرییەتی فارسی رماندو شارستانێتی یۆنانی گەیاندە کەنارەکانی جومنا، لە پێشچاوگرتنی ئەم راستییانە لە لێکۆڵینەوەی تیۆرییە بنەڕەتییەکانی ئەرستۆدا، شتێکی گرنگە.

ئەوانە یاریدەمان دەدەن بۆ رونکردنەوەی ئەو دیمەنەی ئەگەر وانەبوایە وەک شتێکی نامۆ بەو پیاوە مەزنەوە دیار دەبوو. رۆشناییەکی زۆر دەخەنە سەر باوەڕی بەتینی فەیلەسوفەکەمان بە ناتەواویی سروشتییانەی بەربەرییەکان، هەروەها ئەوەشی لەبیرە کە خۆی لەناوچەیەکی دوورە دەستدا گەورە بووە، لەوێ ژیانی بەربەرییانە شێوازێکی ئاسایی ژیان بووە،

بۆیە بەلای ئەوەوە جیاکردنەوەی گریک و بەربەرییەکان لەیەکتری وەک هێڵە رەنگییەکەی ئەو ئەمەریکیانە وابوو کە لە باشوری وڵاتەکەوە هاتن، بۆیە دیسانەوە کاتێک بە ناوچەگەرێتییەکەی ئەو کاریگەر دەبین، ئایدیاڵی دەوڵەتی شارە بچوکەکان، کە بەشێوەیەکی هێورانە حکومەتی ئۆلیگارکی بوون، بەلای ئەرستۆوە سیستمێکی باشەو گرفتێکی کۆمەڵایەتی تێدا نییە، بەڵام بێبەرییە لەدابونەریتی مەزنو ئامانجی دوورمەودا، پێویستە ئەوەمان لەبیربێت کە خودی فەیلەسوفەکە خۆشی لە کۆمەڵگەیەکی ئاوا بچوکی بێ رابوردووی بێ ئایندە. شارە خاڵیکدیکییەکانەوە هاتووە، کە لە سەرەتادا وەکو کۆڵۆنییەکانی شارۆچکەی خاڵیک لەئێۆبا، دامەزرێنراون، هەروەک ناوی نیمچە دورگەکە ئاماژەی بۆدەکات.

کۆرینسیش کە دەکەوێتە هەمان ناوچەوە، شوێنێکی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی بووە. لە لوتکەی گەشانەوەی ئەسینای ئیمپراتۆرییدا لەسەردەمی پێریکلێسدا، لەرووی سیاسییەوە ناوچەکە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئەسیناوە، بەڵام لە دوایین ساڵی جەنگی ئارخیدایمدا، بەهۆی بلیمەتیو لێهاتوویی بارسیدێسی سەرکردەو دیپلۆماتی سپارتاوە، لەچنگی ئەسینایییەکان دەرهێنرایەوە، لەسەرەتایی سەدەی چوارەمدا شارەکانی خاڵیکدیک، خۆیان هەوڵیاندا فیدراڵیزمێک بۆ خۆیان دابمەزرێنن، بەڵام سپارتا هەرەسی بە جوڵانەوەکە هێناو شارەکان کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی شانشینی تازە سەرهەڵداوی مەکەدۆنییەوە، لەو کاتەدا ئەرستۆ ساوابوو.

نەوەیەک دواتر، بەهۆی پیلانێکی دووسەرەی شارەکانەوە لەنێوان فلیپی مەکەدۆنیو ئەسینایییەکاندا، شانشینەکە لەکارخراو دواجار نیمچە دوورگەکە لەگەڵ شانشینی مەکەدۆنییدا یەکی گرت، هەروەها ئەوەش گرنگە کە سەرنج بدەین فەیلەسوفەکەمان لەناو گروپی ئەسکلیپیادەکاندا لە دایکبووە، ئەوان پشتاوپشت پزیشکی لێهاتوو بوون، نیکۆماخۆسی باوکی سەرەک پزیشکانی ئامینتاسی سێهەم بوو، ئەو پاشایەی سپارتییەکان

لەبەر بەرژەوەندیی ئەو کۆمەڵەی خالیکدیکیەکانیان هـەرەس پێهێنا، ئەم پەیوەستبوونە زووە بەپزیشکی و ژیانی سەختی مەکەدۆنییەکانەوە، بەباشی هەژمونی بایۆلۆجیا بەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی ئەرستۆو حەزنەکردنی لەمیرانو فەرمانڕەوایان لێکدەدەنەوە، لە تەمەنی هەژدە ساڵییدا رەوانەی ئەسینا دەکرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاریو رۆشنبیریی باڵاتر. لەوێ پەیوەندی دەکات، بە ئەکادیمیاکەی ئەفلاتونەوەو دەورووبەری بیست ساڵ وەکو ئەندامێکی گروپی زانستی لە دەوری مامۆستاکەی دەمێنێتەوە، تا سەروەختی مردنی ئەفلاتون لە ساڵی 347 – 346 ی پێش زایینیدا.

سێ ساڵی یەکەمی دوای مردنی ئەفلاتون، ئەرستۆو هیرمیاسی هاوڕێ و قوتابی خۆی لە ئاسیای بچوک مانەوە، دواتر هیرمیاس بوو بە پاشای شاری ئەترانیۆس لە ئیۆلیس، بەشی زۆری توانای خۆی دژی پاشای فارس تەرخانکرد. پیسیاسی خوشکەزای هیرمیاسیش بوو بەهاوسەری فەیلەسوفەکە، وادیارە زەماوەندێکی کامەران بووە. پشکنینی بنەماکانی بایۆلۆجیا دەریاییەکەی ئەرستۆ، دەریخستووە کە زانیاری ئەو دەربارەی بابەتەکە، بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ کەنارە ئیۆلییەکانو دورگەکانی دیش پێویست بووە، ئەمە رۆشنایی دەخاتە سەر ئەو ماوەیەی لەگەڵ هیرمیاسی هاوڕێیدا بووە، رێشی تێدەچێت ئەفلاتونی مامۆستای درکی بەبیرتیژی و زرنگی قوتابییەکەی کردبێت، ئەو لێکۆڵینەوە تایبەتییانەی لە ئەکادیمیادا ئەنجامیداون، وەک ئەوانەی سپیۆسیپۆسی خوشکەزاو جێنشینی ئەفلاتون، بەشێکی زۆریان بایۆلۆجی بوون. دەشزانین کە ماوەیەکی کورت دوای مردنی ئەفلاتون، ئەرستۆ یەکێک بوو لەوانەی تێبینییەکانی خۆیان دەربارەی وانە چاپنەکراوە نێودارەکەی مامۆستاکەیان (دەربارەی چاکە) بڵاوکردەوە.

لە ساڵی 343 دا، هیرمیاس لە میانی پشێوییەکەی وڵاتی فارسدا، تیرۆرکرا، ئەرەستۆش بە سرودێک یادی کردەوەو باسی نیکی یەزدانییانەی ژیانی هاوڕێکەی کرد. دواتر گوێزایەوە بۆ دادگای مەکدۆنیاو لەوێ بوو

بەمامۆستای شازادەی جێنشینی تاج کە لەو ماوەیەدا (ساڵی 343) کوڕێکی تەمەن سیازدە ساڵان بوو. دواتر بە هاوکاریی فەیلەسوفە مەزنەکەو پاشای مەزنیش، بوو بە ئەسکەندەری مەزن. ئەندێشەیەکی ئێژو کراوەی هەبوو. لە نوسینەکەی پلۆتارکدا بەناونیشانی (ژیانی ئەسکەندەر)، کاریگەریی هزری فەلسەفییانەی ئەرستۆ، لەسەر ئەسکەندەر بەزەقی دیارە، لەگەڵ ئەوەشدا پێناچێت کاریگەریی ئەرەستۆ بەشدارییەکی زۆری کردبێت لە دروستکردنی کەسێتی ئەسکەندەردا.

ناحەزیی ئەرەستۆ بەرامبەری پاشاو جێنشینەکانیشیان، بەئاشکرا لە نوسینەکانیدا لەمەڕ ئامارو سیاسەت بە دیدەکرێت، دەوڵەت شارێکی خۆبەخۆی بچوکی بێ تەماحی سیاسی، کە ئەرستۆ خۆی بۆ تەرخان کردبوو، لای فیلیپ یان ئەسکەندەر زیاتر وەک شوێنەوارێکی جێماو وەهابوو.

تاقە بەڵگەی هاوزەمان بۆ پەیوەندیی نێوان مامۆستاو قوتابییەکەی، رستەیەکە لە نامەیەکدا هاتووە کە ئایزۆکراتی ئەسینایی بۆ ئەسکەندەری لاوی ناردووەو بەشێوەیەکی فێڵبازانە پیرۆزبایی لە میر دەکات لەوەی رەوانبێژیی هونەری ئاخاوتنی گشتیی بەدڵەو گوێناداتە لۆجیک.

ئەرستۆ سۆزێکی کەمی بەرامبەر تەماحی قوتابییەکەی هەبوو، ئەمەش لەو راستییەدا بەرچاودەکەوێت کە تیورییە سیاسییەکانی ئەرستۆ لەو ماوەیەدا کاریان تێداکراوە، کە ئەسکەندەر هیلینییەکانی جۆشدەدا، بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتێکی جیهانی تیورییەکان هیچ ئاماژەیەکیان تێدا نییە، بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە سیستمی کۆمەڵایەتییدا روویان دەدا. لەم بارەیەوە ئەرستۆ پێمان دەڵێت، ئەگەر ئەسکەندەر نەبوایە، لەوانەبوو ئەو دەوڵەت شارە بچوکە دوایین وشەی پەرەسەندنی سیاسیی هیلینییەکان بوایە. رێی تێدەچێت هەڵبژاردنی ئەرەستۆ، کە هێشتا وەکو بیریارێکی سەربەخۆ نەناسرابوو تا بەشداری بکات، لە پەروەردەکردنی میری تاجەکەدا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شۆرەتە کەمەی هەیبوو، ئینجا پەیوەندیی خێزانەکەی

بەکۆشکەوە، کە هەردوکیان پێکەوە لەبەرچاوگیران، لەپاڵ پایەی خۆشیدا وەک قوتابی ئەفلاتون. دەستێوەردانی ئەو لە کاروباری گشتی سیسیلیدا بووە هۆی ئەوەی ئەکادیمیاکەی وەکو ماڵی تایبەتی بایەخدانی زانستییانە بە سیاسەت و یاسا لەقەڵەمبدرێت. رێی تێدەچێت ئەسکەندەر لەمیانی داگیرکارییەکانیدا بواری هەبووبێت نمونەی گیانەوەرەکان بۆ مامۆستاکەی کۆبکاتەوە. ئاشکرایە کەسێتی هەردوکیان ئەوەندە لە یەکتریی جیاوازبووە، کە ڕێگەیان نەداوە هیچیان کاریگەرییەکی بنەڕەتی لەسەر ئەوەی تریان هەبێت.

لەساڵی 336 دا، لەناکاو ئەسکەندەر لەلایەن بکوژی باوکییەوە بۆ وەرگرتنی تاجی مەکدۆنیا بانگهێشتکرا، ئیتر پێویستی بە خزمەتەکانی ئەرستۆ نەما، ئەویش گەڕایەوە بۆ ئەسیناو خۆی بۆ کاری زانستی تەرخانکرد. رێک لەو کاتەشدا بەهۆی مردنی سپیسیپۆسی کۆنە یاریدەدەری خۆی لە لێکۆڵینەوە بایۆلۆجییەکاندا، سەرۆکایەتی ئەکادیمیا چۆڵ بوو.

رەنگە ئەرستۆ دڵی شکابێت لەوەی قوتابخانەکە، ئەویان نەخوێندەوەو زینۆکراتی خالیدۆنییان بە سەرۆکی تازە هەڵبژارد. وادیارە لەوە بەدوا هەرگیز جارێکی دیکە پەیوەندیی بە ئەکادیمیاوە نەکردووەتەوە، لە ساڵی 335 دا، لە پاڵ پەرستگاکەی ئەپۆڵۆدا لە لیسیۆس پەیمانگایەکی رکابەری ئەکادیمیای لە لایسییەم، یان جیمناسیۆم دامەزراندو ژمارەیەکیش لە ئەندامانی ئەکادیمیا شوێنی کەوتنو گواستیانەوە بۆ لای ئەو. وانەکانی ئەرستۆ لە پریپاتۆس واتە لەناو راڕەوەکەی جیمناسیۆمدا، وتراونەتەوە، هەربۆیەشە قوتابخانەکە ناوی پریپاتێتیکی وەرگرت. ماوەی دوازدە ساڵی داهاتوو، ئەو دامەزراوەیە بنکەی توێژینەوەو تێڕامان ولێکۆڵینەوە بوو بۆ ئەرستۆ. سەرقاڵی نوسینەوەی کۆرسی وانەکانی بوو دەربارەی پرسیارە زانستیو فەلسەفییەکان. جیاوازیی سەرەکی لە نێوان ئەم قوتابخانە نوێیەو ئەکادیمیادا ئەوەیە کە: لە کاتێکدا بایەخدانی زانستی لای ئەفلاتونیەکان لەسەر ماتماتیک سەنتەری گرتبوو، لە لایسیەم شێوازی سەرەکی توێژینەوەی زانستی لە توێی بایۆلۆجیاو مێژووەوە ئەنجام دەدرا.

ئەسکەندەر هەتا کۆتایی ژیانی، مامۆستا کۆنەکەی خۆی لەیاد نەکرد، ناسیاوێکی ئەرستۆ کە ناوی کالیستنێنێسە وەک لێکۆڵەرێکی مێژوو پەیوەندیی بە هەڵمەتەکەی ئەسکەندەرەوە کرد، بەڵام لەبەرئەوەی جارێکیان لۆمەی پاشای کرد لەسەر ئەوەی پایە نیمچە دەستورییەکەی خۆی بەرامبەری هیلینییەکان وەکو فەرمانڕەوایەکی رەهای خۆرهەڵاتی بەکاردەهێنێت، رووبەڕووی رق و تورەیی ئەسکەندەر بووەوە. سەرەنجام بە پیلانگێڕان بۆ تیرۆرکردنی ئەسکەندەر تاوانبارکرا، ئیتر یان لە سێدارە درا، یاخود وەک هەندێک دەڵێن فڕێ درایە زیندانەوەو پێش ئەوەی دادگایی بکەن، مرد. دەڵێن گوایە ئەسکەندەر بەهۆی ئەم روداوەوە لەلایەن ناسیاوێکی ئەرستۆوە، ئەسکەندەر گومانی لەویش پەیدا کردووە، بیری لە تۆڵەستاندنەوە کردۆتەوە، بەڵام خۆشبەختانە لە کاتێک داگیرکردنی هیندستاندا بەهۆی بابەتیەکەوە ئەرستۆیان لە ئەنجومەنەکەی ئەرستۆ دوورخستەوە.

لە ساڵی 323 دا ئەسکەندەر مردو پشێوییەکی کورتخایەن، بەڵام پڕ هەراو زەنا لەئەسینادا بەرپا بوو. ئەرستۆش بەخزمایەتی دەگەڕایەوە بۆ مەکدۆنیا، بۆیە ئەویش بوو بەقوربانی، لەسەر سۆزی بەرامبەر فیلیپ و ئەسکەندەر، وەک سۆکراتی تۆمەتی بێ دینی درایە پاڵی و سزای مەرگی بەسەردا درا.

بەهانەی ئەوەش شیعرەکەی بیست ساڵ لەوەبەر بوو بەبۆنەی مەرگی هیرمیاسەوە، کە تێیدا هاوڕێکەی تا ئاستی خوداوەندەکان شکۆدارکردبوو. هەرچۆن بێت ئەمە بیانویەک بوو، تۆمەتە راستەقینەکە سیاسی بوو، ناسیاوێتی ئەو بوو لەگەڵ سەرکردە مەکەدۆنییە ناخۆشەویستەکەدا. تاوانبارکردنەکە مەترسیدار بوو، ئەرستۆو قوتابییەکانی روویان کردە کالیکس، شارەکەی دیکی ستاگیرۆسی ناسیاوی. ساڵی دواتر لە تەمەنی شەست و دوو، یان سێ ساڵییدا لەوێ مرد.

بەهۆی ئەو پەیکەرو وێنە نەخشێنراوانەی بۆ ئەرستۆ دروستکراون، بەسیمای ئاشنابووین، پیاوێکی قۆز بووە، پەیکەرەکان زیاد لە پێویست زێدەڕۆییان لەمەدا کـردووە، لە لێکۆڵینەوەی نوسینەکانی ئـەوەوە بۆچونێکمان لا دروست دەبێت، کە پەیکەرتاشەکان زیادەڕەوییان کردووە لە قۆزکردنی ئەرستۆدا. گێڕانەوەکان مۆرکێکی نیانی و ناسکی پێدەدەن، زۆر بایەخی خۆی نەداوە. وەسێتنامەکەی پێوەی دیارە، کە خێزانێکی کامەرانی هەبووەو بایەخیداوە بە ئایندەی منداڵەکانیو خزمەتکارەکانی. دووجار ژنی هێناوە، یەکەمجار پیسیاسی مارەکردووە، دووەم جاریش لەگەڵ هێرپیلیسدا زەماوەندی کردووەو لەمیان کوڕێکو کچێکی لێ جێما، کوڕەکەی ناوی نیکۆماخۆس بوو. هێرپیلاس لەگەڵ هاوسەرەکەیدا زۆر باش بوو، ئەویش لەچەند بڕگەیەکی وەسێتنامەکەیدا باسی کردووەو میراتی بۆ تەرخانکردووە، هەروەها هەست و سۆزی خۆی بەرامبەر پیسیاسی هاوسەری کۆچکردووە بەوە دەربڕیوە کە دەڵێت هەرچیەکی لێ جێماوە لەپاڵمدا بیخەنە چاڵەوە. خزمەتکارەکانیشی لەیاد نەچووەو بەشی ئەوانیشی جیاکردۆتەوە، ئەمەش دەیدەخات کە فەیلەسوفەکەمان گوزەرانی لە ئەفلاتون خۆشتر بووە.

**کارەکانی ئەرستۆ**

بابەتی کارەکانی ئەرستۆ بـــەرەوڕووی گرفتێکی بنەڕەتیمان دەکاتەوە. کاتێک لە ئەفلاتونەوە دەچینە سەر قوتابییەکەی، وەک ئەوە وایە گواستنبێتمانەوە بۆ کەشوهەوایەکی جیاواز. ئەفلاتون شێوازێکی هەیە رەنگە سەرنجڕاکێشترین بەرهەمهێنراوی نوسراو بێت، لە هیچ شوێنێکی دی کۆمەڵە نوسراوێکی تری ئاوا زرنگ و ئەندێشە بەرین، لۆجیکێکی ئاوا روون، ئەقڵێکی ئاوا تیژو قۆشمە نادۆزینەوە، بەڵام شێوازی ئەرستۆ وشکو رەسمیە. زمانی زبرەو پڕێتی لە تەکنیک، هەست و سۆزی کەم تێدایە، شێوازێکی تۆکمە بە راشکاوی سادەترین رێسای داڕشتن پێشێل دەکات، کاتێک

دەبینین نوسەرانی دوای خۆی لە نمونەی سیسیرۆ ستایشی شێوازی زێڕین و قەشەنگی ئەرستۆ دەکەن، ئەوەندەی تر سەرسام دەبین. رونکردنەوەی ئەم مەتەڵە شتێکی سانایە. ئەفلاتونو ئەرستۆ دوو کەسن، کە ئێمە پێیان دەڵیین پرۆفیسۆرو پیاوی نوسین، هەردوکیان بۆ بەکارهێنانی گشتی نوسیویانە، هەردوکیان کۆرسی وانەوتنەوەیان بۆ دەستەیەک خوێندکاری هەڵبژاردە کردۆتەوە. وانەکانی ئەفلاتون بە نەمریی ماونەتەوەو کتێبەکانی گەیشتونەتە دەستی ئێمە، بەڵام بەشی زۆری کتێبەکانی ئەرستۆ ونبوون، بەڵام زۆرێک لە وانەکانیمان لەبەردەستایە. سیسیرۆ سەرسام بوو لە دیالۆگی درەوشاوەی ئەرستۆو کارەکانی ئەوی پاراستووە.

ئەو کارانەبوون بە مۆدێلێک بۆ نوسینەکانی سیسیرۆو ئەویش هاوشێوەی ئەو نوسیویەتی، بەڵام هیچیان نەماونەتەوە، ئەوەندە هەیە کە هەندێک لەپەرەگرافەکانی لەلایەنی نوسەرانی ترەوە گواستراونەتەوە. کارەکانی ئەرستۆ لەڕاستیدا ئەو دەست نوسانەن کە قوتابییەکانی سەرپەرشتییان کردووە، ئەمەش لە بەڵگە دەرەکیو ناوەکییەکانەوە بەروونی دەردەکەوێت، لە نمونەیەکدا دوو پاک نوسمان لەبەردەستایە. ئێتیکەکەی ئەرستۆ، یاخود چەند گوتارێک دەربارەی دەستپێکردن کە بە دوو شێوە گەیشتۆتە دەستمان: ئەوەی پێی دەوترێت ئێتیکی نیکۆماخی، کوڕی فەیلەسوفەکەمان پاک نوسیکردووە کە ئەویش ناوی نیکۆماخۆسە. ئەو کتێبە هەموو وانە زارەکییەکانی ناو کۆرسەکانی تێدایە، لەگەڵ کۆپییەکی زیاترکراوەو سەربەستی ئودیمۆسی ماتماتیکزان کە قوتابی ئەو بووە، ئەمیان بەناوی ئێتیکی ئێودیمیانەوە ناسراوە.

لەم ساڵانەی دواییشدا لەناو لمی وڵاتی میسردا، نوسراوێکمان دۆزییەوەو بۆمان درکەوت یەکەم نمونەی نوسینی ئەرستۆ خۆیەتیو خەڵک بە شێوەیەکی بەرفراوان خوێندویانەتەوە، ئەویش وتاری لەمەڕ دەستورەکەی ئەسینایە. شێوازی ئەم وتارە ئاسانو جەماوەرییە، دەریدەخات کە ئەرستۆ دەتوانێت زۆر روون و راشکاوییش بنوسێت.

(2)

**پۆلاندنی زانست: میتۆدی زانستی**

دەشێت بڵێین فەلسەفە وەک ئەرستۆ لێی تێگەیشتووە، ڕێکخستنی زانینە پەرتوبڵاوەکانە، ئەو زانینەیە کە لەبەر هێوریەکەی بە دوایدا وێڵین، نەک وەک مەبەستە سەرەکییەکانی سودگەرایی. پاڵنەری ئەو هێورییە کرێسی، یان سەرسوڕمانە کە ئەرستۆ بە شتێکی خۆڕسکی مرۆیدادەنێت، هەربۆیە هەتا شارستانێتی ئەوەندە پێش نەکەوێت، کەتەدارەکی تۆکمەی خۆی بکات دەربارەی مادە پێویستەکانی ژیان، ئەو زانینە تەواو کامڵ نابێت، لە سەرەتادا کرێسی مرۆڤ بە ئاڕاستەی «کارە سەراسیمەکەرەکانی» جیهانی فیزیکی بووە، رووەکەکان، سووڕی جوڵانیان، سوڕی وەرزەکان، رەشەبا، هەورە بروسکەو هەورە گرمە، شتی تریش.

بۆیە لەسەرەتادا یۆنانەکان لە گرفتەکانی فەلەکناسیو کەشوهەوا راماون، پاشان کاردانەوەکە پەرەیسەندوو، لە شکڵە ئەندازەییەکانو ژمارەکان رامان، ئەگەری ئەوەی زانیارییەکی دڵنیامان هەبێت، لە پرەنسیپە باوەکانو لقەکانی لێکۆڵینەوەی پرەنسیپە تایبەتییەکاندایە، کە لە هەندێک لقی زانیندا گریمانەکراون.

دواجار فەلسەفە بوو بە لێکۆڵینەوەی پەرتوبڵاوی هەموو بەشێکی بوون و واقیع، چونکە ئەرستۆ پێیوابوو (وەک دواتر هێگڵیش) کە پێڕەوەکەی لە بنەڕەتدا دوایین وشەی تێڕامانە، گوزارشتە لە پرەنسیپەکان، ئەوانەی دواتر هاتن بەشێوەیەکی نائاگایانە کردیان بە ڕێنمای خۆیان.

ئەرستۆ باوەڕی وابوو گەیشتۆتە پلەیەک بتوانێت لقەکانی زانست پۆلێن بکات، دەری بخات چۆن پەیوەندییان پێکەوە هەیەو چۆنیش لە یەکتر جیاوازن. ئێستا لەم پۆلاندنە دەکۆڵینەوە.

**پۆلاندنی زانستەکان**

بۆئەوەی دەست پێبکەین، پێویستە فەلسەفە لە دوو رکابەر جیابکەینەوە، کەلە هەندێک تێڕوانینی باڵاوە گرەوی لێ دەبەنەوە، واتە دیالەکتیکو سۆفیستری (سەفسەتە). دیالەکتیک هونەری ئەقڵاندنی دروستە بۆ سەلماندنی دروستی و نا دروستی پێشەکییەکان، ئەم هونەرە چەند بەکارهێنانێکی لەباری خۆی هەیەو ئێمەش لە یەکێکیان دەدوێین، کە خۆی لەخۆیدا لە دروستی پێشەکییەکانی جیاواز نییە.

دەتوانیت لەو پێشەکییانەوە کە پێتوایە هەڵەن، بەشێوەیەکی دیالەکتیکییانە گوزارشت لە دەرەنجامە پەتییەکان بکەیت، یاخود دەتوانیت بەشێوەیەکی عەقڵانییانە لەو پێشەکییانەوە کە بەشێوەیەکی کاتێک گریمانەیان دەکەیت، تا ببینیت چ دەرەنجامێک، لە هەردوو حاڵەتەکەدا، ئامانجت ئەوە نییە راستەوخۆ بەدوای راستییدا بگەڕێیت.

زانست یان فەلسەفە راستەوخۆ مەبەستیان راستییە، لێرەشەوە پێویستییان بەوەیە لەگەڵ پێشەکی دروست و گونجاودا دەست پێبکەن. ئەم لێک جیاکردنەوەیەی زانستو دیالەکتیک، ئەوەیە زانست لە پێشەکی دروستەوە دەستپێدەکات، بەڵام دیالەکتیک لەو پێشەکییانەوە دەستپێدەکات، کە دروستن یان بە ڕووکەش لەدروست دەچن. سۆفیستریش بەهۆی ئەرکە ئاکارییەکەیەوە، لە زانست جیاوازەو بریتییە لە پسپۆڕیی خۆژیاندن لەڕێگای خراپ بەکارهێنانی دەرەنجام کردنەوە، فێڵی بەکارهێنانی توانا لۆژیکییەکان بۆ دەرخستنی ئەو شتانەی لە ڕووی زانستی یان ئاکارییەوە هەڵەن.

«سۆفیستٛ ئەو کەسەیە کە بژێوی خۆی بە داناییەکی رووکەش نەک راستەقینە پەیدا دەکاتٛ»، (کەواتە جەختکردنەکە لەسەر بیرۆکەی دروستکردنی «داناییەکی ناڕاستەقینە»یە، وەک بازرگانی ئەوەی لای سۆفیستٛ گرنگە ئەوەیە کرێکەی وەربگرێتٛ)، بۆیە زانین یان فەلسەفە بریتییە لە بەکارهێنانی نەزیهانەی تێگەیشتن لەپێناو دۆزینەوەی راستیدا.

ئێستا دەتوانین لقە جیاجیاکانی زانستٛ وەک ئەوەی پێناسەکراون لەیەکتری جیابکەینەوە. یەکەم و گرنگترین دابەشکردن لە نێوان زانستە ئەندێشەییەکان، یان تیۆرییەکان و زانستە پراکتیکییەکاندایە.

جیاکردنەوەی روونو راشکا، لە نێوان زانستەکان و هونەرەکاندایە (وەک هونەرە پیشەسازی و تەکنیکییەکان نەک هونەرە جوانەکان). فەلسەفەی ئەندێشەیی، یان تیوریی لەمەبەستدا فەلسەفەی پراکتیکی جیادەبێتەوە، هەروەها سەرەنجامیش لە بابەتە لێکۆڵراوەکەیو کاراکتەرە لۆجیکییە شێوەییەکەشی. مەبەستی یەکەمیان پێشبینیکردنی نەزیهانەی راستییە نا سەربەخۆکانن لە خواستٛ و ئیختیاری خۆمان، ئامانجیان ئەوەیە بزانینو هیچی تر، بەڵام مەبەستی زانستە پراکتیکییەکان ئەوەیە بزانین بۆ زانین نا، بەڵکو تا بەهۆی ئەو بەڵگانەوە کە بەدەستمان هێناون، بتوانین بەڕێگای جیاجیا زانینەکەمان بگۆڕین، بۆ بەهاو سود.

(گرنگی راستەقینەی ئەم جیاکردنەوەیە لە مامەڵەکردنی ئەرستۆدا لەگەڵ گرفتەکانی زانستە ئاکارییەکانو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەویتٛ. ئێمە پێویستیمان بەزانستی ئاکاریو کۆمەڵایەتی هەیە دەربارەی مرۆڤ، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆئەوە نا ئارەزویەکی رۆشنبیری تێربکەین، بەڵکو بۆئەوەی ببن بەبناغەی سیستمی پێڕەوکراوی خوێندنو حکومەتٛ، سیاسەتٛ و تیوریی فەرمانڕەوایيو ئیتیکیش، واتە تیوری چاکەی رەفتار، کە بەلای ئەرستۆوە تاکە لقی سانەویی سیاسەتەو دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی پراکتیکی نەک فەلسەفەی تیۆری، ئەم تێڕوانینەش لەرێگای

بەرەنجامە بایەخدارەکانەوە بەدەست دێت).

لەمەشەوە دەگەینە ئەوەی جیاوازییەکی هاوشێوە لەو بابەتانەدا هەیە، کەدوو لقەکەی فەلسەفە لێیان دەکۆڵنەوە. فەلسەفەی ئەندێشەیی و تیۆریی بایەخ دەدات بەوەی کە«ناشێت (س) شتێکی تربێت غەیری ئەوەی هەیە» راستییەکانو پەیوەندییەکان لەئیرادەی مرۆڤ سەربەخۆنو بوونی خۆیانیان هەیە.

فەلسەفەی پراکتیکی کار بەو پەیوەندییانە دەکات، کە ویستی مرۆڤ دەتوانێت مشتومالّیان بکات، «ئەو شتانەی پێویستە شتی تربن جیالەوەی هەن» شتە شیاوەکان (بۆنمونە تەنها سیاسەت نا، بەڵکو پزیشکی و ئابوریش سەر بەزانستە پراکتیکییەکانن).

لێرەشدا دیسان جیاوازیی لۆجیکی لە نێوان بەرەنجامەکانی فەلسەفەی تیۆری و پراکتیکیدا سەرهەڵدەدات. راستییە بنەڕەتی و گەردونییەکان قابیلی دەرەنجام کردنن، لەگەڵ پێداویستی لۆجیکیانەی پرەنسیپە بەڵگە نەویستەکان. ئەمانەی دواییان، چونکە پەیوەندییانە هەیە بەوەی «دەشێت بەپێچەوانەوە بێت» هەرگیز بەشێوەیەکی تۆکمە گەردونی نین، ئەوانە یاسای گشتیین «لە زۆرینەی بابەتکاندا» بەباشی جێبەجێ دەکرێن، بەڵام لە هەندێک ئاوارتەی کەمدا کە کاراکەتەرکانیان دەگمەنە، بەکارنایەن.

لای ئەرستۆ جیاکاریی نێوان پێویست و دەگمەن شتێکی راستەقینەیە، بەڵام روون نییە، هەروەها «ئەگەری رێنماییکەر» یش لەو لێکۆڵینەوانەدا کە لە ئاراستەی ژیان دەکۆڵنەوە، روون نییە.

دەچینە سەر پرسیاری ئەوەی لەناو فەلسەفەی تیوریدا چەند لقی لاوەکی هەیە. ئەفلاتون دەیوت هیچ. هەموو زانستەکان لەیەک پرەنسیپی تاقانەوە دێنو ئەویش ئەرکی ئەو زانستە باڵایەیە کە ئەفلاتون ناوی ناوە دیالەکتیکی دامەزراندن. تێڕوانینی ئەرستۆ وا نییە، بە بۆچوونی ئەو

فەلسەفەی تیۆری دەبێت بەچەند لقێکی جیاجیاوە، هەریەکەیان بابەتی لێکۆڵینەوەی خۆیو چەند پرەنسیپێکی تایبەتو بەڵگەنەویستی خۆی هەیە. ئەو لقانە سیانن، فەلسەفەو ماتماتیکو فیزیا.

یەکەم فەلسەفە (لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەناوی میتافیزیک)ەوە ناسرا، بەکارهێنرا بۆ گوزارشتەکەی ئەرەستۆ خۆی، بوون بەسیفەتی بوون. مەبەست لەمە ئەوەیە کە بایەخ بەو خەسڵەتە گەردونییانە دەدات، کە دەگەڕێنەوە بۆ سیستمی واقیعی زانراو، بۆ پرەنسیپەکان لە گەردونێتی خۆیاندا. فەلسەفەی یەکەم بە لە خاسییەتی ئەو فاکتەرە هۆکارییانە، لەناو سیستمەکەدا دەکۆڵێتەوە، کە شێوەو بارستەیان نییە، دوورن لە هەموو گۆڕانکارییەک، لە سیستمەکەی ئەرستۆدا، خودا هۆیەکی باڵای لەم چەشنەیە، بۆیە فەلسەفەی یەکەم لە زانینی خودادا دەگاتە لوتکە، لێرەشدا بەرِوونی پێی دەوترێت تیۆلۆجیا، شتێکیشی گرتۆتە خۆی کە تا ئەمڕۆش بۆ تیۆریی زانین تەرخانەو پێویستە بیدەینە پاڵ میتافیزیک، لەبەرئەوەی بایەخدەدات بەگریمانەی جەوهەریی زانینو هۆکارە جەوهەرییەکانی بوونی راستەقینە.

ماتماتیک مەودایەکی تەسکی هەیە. ئەوەی ئەم لێی دەکۆڵێتەوە بریتی نییە لەبوون وەک خۆی»، بەڵام دواجار تەنها بوونی راستەقینە فۆرمێکی ژمارەیی‌و ئەندازەیی پیشاندەدات. ئەرسێۆ پێیوایە ژمارەو شێوە بۆ پێناسەکردنی ئەو شتانەی خراونەتە بەر لێکۆڵینەوە بەکاردێن (بۆیە ماتماتیکزان لە فۆرمێکی ئەبستراکتدا مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانەدا دەکات، کە دەتوانێت لێیان تێ بگات)، جیاوازی نێوانی ماتماتیکو فەلسەفەی یەکەم ئەوەیە کە «بابەتەکانی فەلسەفەی یەکەم لە مادەو جوڵە جیان، کەچی ئەوانەی ماتماتیک وێڕای ئەوەی بۆ جوڵە لەبارنین، هیچ فراوانبوونەوەیەکی جیایان نییە، لەناو مادەدا چەسپیون». فیزیا بایەخدەدات بە لێکۆڵینەوەی ئەو شتانەی مادین‌و توانای جوڵەشیان هەیە.

بۆیە پرەنسیپی لێکجیاکردنەوە بریتییە لە ئامادەیی، یان بزریی

بەراییانەی پانتاییەکانی لقە جاوازەکانی زانستْ. فەلسەفەی یەکەم بەرینترین پانتایی هەیە، چونکە بەتەواویی هەموو زەمینەی واقیعو ئەوەی قابیلی زانینە دەگرێتەوە، فیزیا تەسکترینیانە، چونکە تەرخانە بۆ «گەردوونی گوتار» بە توانایەکی دوو هێندەی ئەوەی، کە هەموو بەشدارەکانی مادیینو توانای دیاریکردنیان هەیە. ماتماتیک لەناوەڕاستدایە، چونکە لەودا یەکێک لەو تواناییانە لادەبرێتْ، بەڵام ئەوەی تریان دەمێنێتەوە، شێوەی ئەندازەیی سنورەو تەنەکان دیاریدەکاتْ، ژمارەی جەبرییش خەسڵەتی تایبەتی تەنەکانە. ئەوەشی لەگەڵدابێتْ کە بەڵگەنەویستە بەراییەکان یان گریمانەکانی ماتماتیک لەچاو ئەوانەی فەلسەفەی یەکەمدا، لە سیستمێکی کەمتر سادەوە دێن، ئەوانەی فیزیاش لەچاو ئەوانەی ماتماتیکدا کەمتر سادەن. ماتماتیک پێویستی بە گریمانەی بەرایی هەیە، نەک تەنها ئەوانەی بۆ هەموو بیرکردنەوەیەک باشن، بگرە ئەو بەڵگەنەویستە تایبەتانەی، کە بەس بۆ جیهانی شیوەو ژمارە دەگونجێن، فیزیا پێویستی بەبەڵگەنەویستی تریشەو تەنها بۆئەوە پیادە دەبێتْ کە» لەجوڵەدایە»، بۆیە هەرسێ دیسپلینەکە وەکو جیابن لەیەکتریی ئاوا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێتْ، ئەوانە بەتەواویی هاوکار نین، فەلسەفەی یەکەمیش تویکلێکەو ئەوانی شاردۆتەوە، بۆیە یەکەمە.

## زانست

**فیزیک    ماتماتیک    فەلسەفەی یەکەم یان تیۆلۆژجیا**

ئەرستۆ فەلسەفەی پراکتیکی بە هیچ بەشێکی لاوەکییەوە گرێ نادات. قوتابییەکانی سێ جۆرە دابەشبوونییان دەناسییەوە، ئێتیک (تیوری رەفتاری تاکەکان).

ئابوری (تیوری بەڕێوەبردنی ناوماڵ)، سیاسەت (تیوری بەڕێوەبردنی دەوڵـەت). ئەرستۆ دابەشکردنی وای نەکردووە. ناوە گشتییەکەی ئەو بۆ تی ۆ وری رەفتارکردن سیاسەتە، پێڕەوی رەفتاری تاکەکانەو لای ئەو لەسیستمی دروستی کۆمەڵگە جیانەدەکرایەوە، بۆیە ئەو وەک کۆرسێکی جیای وانەکان دەربارەی رەفتاری تاکەکان (ئێتیک) دەیوتەوە، بەلایەوە گرنگ بوو کۆرسەکەی بەباسی ئەوە دەست پێ بکات، کە بڵێت ئەو زانستەی مامەڵەی لەگەڵ سیاسەتدا دەکات، هەروەها زۆرجار بەهانەیەکە بۆ کارکردن لەسەر کاراکتەری تاکەکان جیالە پەیڕەوە زیاتر گشتییەکەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، لە پۆلاندنی ئەرستۆدا فەلسەفەی هونەر هیچ ناسینەوەیەکی تایبەتی بۆ نەکراوە. قوتابییە مۆدێرنەکانی ئەرستۆ هەوڵیانداوە ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە بەوەی ئەفراندنی هونەری بخەنە پاڵ تێڕامانو مەشقکردن وەکو سێهەمین فۆرمی بنەڕەتی چالاکیی زەینی، بەمەش دابەشکردنێکی سێ سەرەیان بۆ تیۆری و پراکتیکیو بەرهەمداری بکەن. مەبەست لەمەش دۆزینەوەی جێگایە کە لەناو پۆلاندنەکەی ئەرستۆدا بۆ شیعرو رەوانبێژی، واتە هونەری ئاخاوتن و نوسینی کاریگەر، بەڵام زیادکردنی لقێکی سێهەم بۆ زانست لە تێکستی ئەرستۆدا نییە، لە هەردوو تێکستی رەوانبێژی و شیعریشدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، کە بەشداری کردنێکی وردن لە فەلسەفەدا. هەوڵدراوە

ئەوانە وەک کۆکراوەی یاسا پراکتیکییەکان وەهابن بۆ دارشتنی نامیلکە یان تراژیدیا، نەک وەک تاقیکردنەوەیەکی رەخنەیی بەشەکانی چەشەی ئەدەبی.

تیۆریستانی دراما لە سەدەی حەڤدەیەمدا بە وردی تێبینی ئەمەیان کردووە. ئەوان زێدەڕۆییان لە بەهای بۆچوونەکانی ئەرستۆدا کردو خراپ لە مانای هەندێکیان حاڵی ببوون، بەڵام لە تێڕوانینیاندا بۆ کتێبی (شیعر) باش پێکابوویان. مەبەست لە (شیعر) ئەوە بووە بێنە سەرجەمی ئەو رێسایانەی بە جێبەجێکردنیان هونەرمەند دەتوانێت دڵنیابێت لەوەی شانۆییەکی سەرکەوتووی نوسیوە. ئەمەبووە هەموو فەلسەفەی ئەرستۆ دەربارەی هونەرە جوانەکان کە بەشێک لە تیۆرە گشتییەکەی دەربارەی پەروەردە پێکدەهێنێت.

**میتۆدەکانی زانست**

لە هێڵکارییەکەدا جێگایەک بۆ ئەوە تەرخاننەکراوە، کە ئێمە پێیدەڵێین لۆژیک و ئەرستۆ پێیوتووە شیکردنەوەی تیورییانەی میتۆدی زانستی، یاخود سەلماندن و هەڵسەنگاندنی بەڵگەکان، هۆیەکەشی ئەوەیە کە کاراکتەری بنەڕەتی سەلماندن لە هەموو زانستەکاندا یەک شتە، ئەرستۆ وا سەیری لۆژیکی کردووە کە لێکۆڵینەوەی میتۆدی هەموو زانستەکان بێت. دواتر ئەوە بوو بەپرسیار ئەوەی ئایا دەبێت بەم رێگایە بنوارینە لۆجیک، واتە وەک لێکۆڵینەوەی ئەو میتۆدانەی لە هەموو زانستەکاندا سەلماندن بەکاردەهێنرێن بۆ، یاخود وەک لقێکی تایبەت و دامەزرێنەری فەلسەفە. تێڕوانینە ئەرەستۆیەکە بە ناوێکەوە ناسراوە، کە دواتر بەسەرجەمی کارە لۆژیکییەکانییەوە لکاوە. پێیان وترا ئۆرگانۆن، واتە«ئامێر» یان کۆی رێساکانی ئەو میتۆدەی زانست دەیخاتەگەڕ. ئەوەیە مادام لۆجیک ئامرازەکان ئامادە دەکات، دەبێت زانست تێ بکۆشێت بەهۆی ئەوانەوە بە ئاکامەکانی خۆی بگات.

لێرەدا بوارمان نییە، دەربـارەی ئەو خاڵانە بدوێین کە بە هۆیانەوە رەسەنایەتی لۆژیکە شکڵییە ئەرستۆییەکە دەردەکەوێت و خاسییەتە سەرەکییەکانی تیۆری زانینی ئەرستۆییشە.

**سەرچاوە:**

A. E. Taylor، AristotleDover Publication، 1955، pp 521--

# ئەرستۆ و دەوڵەتی دیموکراسی

**لە فارسییەوە: هاوڕێ ڕەشید**

لەساڵی (384–322)پ.ز، لەسەرچاوەی ئیسلامیدا بە ئەرستۆ تالیس ناوی هاتووە. ئەرستۆ فەیلەسوفی یۆنانی لەدایکبووی ئەستاگیرای مەگۆدنیایە، فەلسەفەی ئەرستۆ لەفەلسەفەی ئەفلاتونەوە سەرچاوەی گرتووە، بەهەمان شێوە کە سەرچاوەی فەلسەفەی ئەفلاتون رێنماییەکانی سوقراتْ بوو، چونکە مامۆستای ئەفلاتون بوو، ئەفلاتونیش مامۆستای ئەرستۆ بوو، سوقراتْ ئەفلاتونو ئەرستۆ سێ کەسن، کە بەزاناترین خەڵکانی ڕۆژگاری دێرین دادەنرێن.

ئەرستۆ هێشتا زۆر گەنج بوو، کەدەستیدایە خوێندنی حیکمەتْو دانایی. باوکی پزیشکی دەرباری پاشای مەکدۆنیا ئامونتاس amyntas کە باوکی فلیپ و باپیری ئەسکەندەری گەورە بوو، ئەرستۆ زۆرجار سەردانی کۆشکی پاشای دەکرد و لەو ڕووەوە ڕاستەوخۆ بە سێ نەوە لەو دڕندانەی خوازیاربوون خۆیان بەسەر جیهانی شارستانیدا بسەپێنن لە نزیکەوە ئاشنابوو، لەهەمان ئەو منداڵیەوە راهاتْ کەچۆن لەناو هەرای ڕۆژگاردا ئارامی هزری خۆی بپارێزێتْ، ئەرستۆ لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا سەردانی(ئاتن)ی کردو لە ئاکادیمیای ئەفلاتون وەرگیرا.

قوتابیانی ئەکادیمیاکە، لەبەرئەوەی کە ناوبراو «پۆشاکو رەفتاری کۆیلایەتی» هەبوو گاڵتەجاڕیان پێدەکرد، بەڵام ئەفلاتون کە بە بەهرەو هۆشو ئەندێشەی درەوشاوەی ئەو پەی بردبوو، دەیوتْ ئەم ئەکادیمیایە لەدوو بەش پێکهاتووە جەستەو سەر، هەموو خوێندکارەکان جەستەکەن و ئەرستۆش مێشک و سەری ئەکادیمیاکەیە.

مامۆستاو قوتابیەکەی تەواو هۆگرو شیفتەی یەکتریبوون، لەگەڵ ئەوەشدا لەبواری فەلسەفەکانیاندا ناکۆکی و ململانێیان دەکرد، بەڵام وەک دیمەن جیاوازی ئەو دووانە ناتەبایی هزرەکانیان نەبوو، بەڵکو لەبەکارهێنانی لەفزو زاراوە گەلێکدا بوو، کەبۆ دەرخستنی هزریان بەکاریاندەهێنا.

دوای چەند ساڵێک ئەرستۆ بووە یەکێک لە مامۆستایانی ئەکادیمیاکە، بەڵام کاتێک لەساڵی 347 پ.ز دا ئەفلاتون چووە ئامێزی مەرگەوە، ئیتر ئەو بەناچاری(ئاتن)ی بەجێهێشت، فیلیپ هاوەڵی سەردەمی منداڵی ئەو بەکورسی پاشایی مەکدۆنیا گەیشتبوو دەیویست هەموو شارەکانی یۆنان ملکەچی خۆی بکات، لەم ڕووەوە یۆنانیەکان بەگومانەوە دەیانڕوانییە ئەرستۆ کەدۆستی دوژمنەکانیان بوو.

ئەستاگیدا جێی لەدایکبوونی ئەرستۆ، لە لەشکر کێشی داگیرکەرانەی فیلیپدا وێران‌و تەختبوو بوو، خۆشبەختانە یەکێک لە هاوپۆلانی ئەم فەیلەسوفە گەنجە کەناوی(هەرمیاس)بوو، فەرمانڕەوای یەکێک لە ولایەتەکانی ئاسیابوو، ئەوی بانگهێشتکرد تا بۆ وانەوتنەوە بچێتە ئەوێ، پاشاو فەیلەسوف بەشادی بەیەکگەیشتن.

هەرمیاس کچە خوێندکارەکەی خۆی بەگەڵێ پارەو سامانەوە وەک هاوسەرێک بەخشی بە ئەرستۆ.

لەم دەمەدا فیلیپ پاشای مەکدۆنیا بانگهێشتی ئەویکرد بۆ فێرکردنی ئەسکەندەری کوڕی، ئەرستۆ ئەم داوایەی پەسەندکردو لەو دەمەدا ئەسکەندەر تەمەن 13 ساڵ و ئەرستۆ 40 ساڵ بوو، ئەرستۆ لە دەربارەی پاشادا واخۆی دەهاتە بەرچاو کە لەناو دارستانێکی پڕ دڕندەدایە، چەندین جار هەوڵیدا تا ڕێگایەکی عاقڵانەو میانڕەوانە بۆ دەربازبوون لەناو ئەو دارستانە بەقوتابیەکەی پیشانبدات، بەڵام سەرەنجامی هەوڵەکانی جگەلە گاڵتەجاڕی زیاتر نەبوو.

کۆشکی پاشا گۆڕەپانێکی هەمیشەیی بوو بۆ کێشمەکێشو بگرەو بەردەی هەرزەکارانەو نیەتخراپی باوک بەرامبەر بەگیانی کوڕەکەیو کوڕ بەرامبەر بەگیانی باوکو لەهەمووش زیاتر ئینوێنیەکی ناڕەوا بۆ ملکەچ پێکردنی جیهان، ئەرستۆ بەرەبەرە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە کاری خوێندنو پەروەردەکردن، هەم دڵو هەروەها ڕاهێنانی مێشکە، بەڵام ئەسکەندەر کەسێ نەبوو بتوانێت ئەو ڕام بکات، چونکە فیلیپ مردو ئەو چووە جێگاکەی و خێرا ئەرستۆی کەنارگیرکردو کالیستنسی خوشکەزای ئەرستۆ، لەبەرئەوەی کەئامادە نەبوو ئەو وەک خوایەک بپەرستێ لەسێدارەیداو ئەرستۆ هەرئەوەندەی لە دەستهات گیانی خۆی ڕزگارکرد.

دوبارە گەڕایەوە بۆ ئاتن، کە لەچاو ئەوێ ئارام تربوو لەئەنجامی وانەوتنەوە لە دەرباری دوو پاشادا توانیبووی بڕێکی باش پارە پاشەکەوت بکاتو تـەواوی ئەو بڕە پارەیە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستیو فەلسەفی سەرفکرد. لەو دەمەدا کە ئەسکەندەر سەربازی بۆ جەنگ سازو ئامادە دەکرد، ئەرستۆ خەریکی ئامادەکردنو سازکردنی سوپای ئاشتیو سەربازانی زانستبوو، تابتوانن کۆمەڵێک نمونە لە سەرجەم گیاندارانو شیاییو گیاکان، هەروەها شتی بێ گیان کۆبکەنەوە، بەپۆلێنکردنو ڕێکخستنی ئەوشتانە ئینسکلۆپیدیایەک لەزانیاری گشتی بێننەکایە.

باخێکی بۆ گیاناسی دەستەبەرکرد، مۆزەخانەیەکی مێژووی سروشتی بونیادناو قوتابخانەیەکی بۆ فەلسەفە لەئاتن دامەزراند، کاتێک ئەرستۆ ئەو قوتابخانەیەی دامەزراند تەمەنی پەنجا ساڵ بوو، لەم بارەوە زیاتر لە دەساڵ لەتەمەنی نەمابۆوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەو ماوە کەمەدا نزیکی هەزار نامەو کتێبی داناو ئەوەش یەکێکە لەسەرکەوتنە مەزنەکانی هزری مرۆڤ، نامەو کتێبەکانی کەتەنها چەند دانەیەکیان ماوەتەوە، نزیکی تەواوی لقەکانی زانینی مرۆڤ، وەک فەلسەفە، ئایین، زانست و هونەر دەگرێتەوە.

ئەو بەشانەی کە ماونەتەوە لە میراتیە فراوانەکانی ناوبراو زیاتر بەکورتی دەکرێ بەراڤەکاریو ڕەخنەگرتن لەهزرەکانی ئەفلاتۆن لەقەڵەم بدرێت.

لەراستیدا هێشتا لەسەردەمی ئێمەشدا بەیەک فەیلەسوف، یان فەیلەسوفی ئەفلاتۆنی، یان فەیلەسوفی مشائی (واتە پەیڕەوی ئەرستۆ) دادەنرێ، هزری ئەرستۆ لە هزری ئەفلاتون جیهانی تر بوو، ئەم مرۆڤە ئەستاگیراییە نەک تەنیا فەیلەسوف، بەڵکو داناو زاناش بوو لەنێوان سەرکەوتنە مەزنە زانستییەکانی ناوبراو داهێنانی لوژیک، یان زانستی دروست بیرکردنەوە لە قاڵبێکدایە کە ئەرستۆ ئەو قاڵبە بەپێوانەکردن دەژمێرێت، پێوانەکردنی بڕگە لەئیسندلالێکەوەیە کە لە دوو(پێشەکی)یان بابەت پێکدێتو لەو پێشەکیانە خۆبەخۆ دەرئەنجامێک دەستدەکەوێت، نمونە لەو دوو پێشەکیە «هەموو تاوانکاران شایانی سزادانن»، «هۆشەنگ تاوانکارە» دەبێتە ئەنجامی ئەوەی کە: دوایی «هۆشەنگ شایانی سزادانە» ئەمە بەچەشنێکی سادەو ساکار نمونەیەکە لەباسی پێوانەکردنو ئیستدلالاتی پێوانەیی کەلە باسە ئاڵۆزو پێچاوپێچەکانی لۆژیکە، بەڵام لەبەرئەوەی زانستی لۆژیک ئەمڕۆ لە دەرەوەی بازنەی فەلسەفەدایە، ئێمەش لێرەدا پتر لەمە لەوبارەیەوە قسەناکەین.

لۆژیکی ئەرستۆ ئێستاش جێگەی ڕەزامەندیە، بەڵام ئیتر هزرە زانستییەکانی ئەو لەئەستێرە ناسی، ژینگەناسی، زیندەوەرناسی، لە سروشتناسیەکانو مرۆڤناسی بەوەی کە بەدرێژیی سەدەکان جێگای ڕەزامەندی بوو، ئێستا مەنسوخ بوونەتەوە، پێویستە لە یادنەکرێ کە ئەرستۆ لەئەزمون و تاقیکردنەوە زانستییەکانی خۆیدا لەهەبوونی سۆنگەکانو دەرهاویشتە زانستییەکان بێبەش بووە و تەنیا تێڕوانینو بینینەکانی خۆی دڵنیاییو متمانەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕوانینانە وردترین مێشکو هزری مرۆڤ بە ئێمە نیشان دەدەن، بەڵام گرنگتر لە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی ئەرستۆ ڕێنماییە فەلسەفییەکانیەتی.

لەم بارەیەوە ئەو هێشتا دڵنیاترین ڕێنمایی ئێمەیە لە رازو نهێنیەکانی بوونی خواو واتای ژیانی بەختەوەردا، ئەرستۆ زۆرجار کەلەبارەی فەلسەفەکەی خۆی دەدوا، ڕوونی دەکردەوە «ئەفلاتون ئازیزی منە، بەڵام حەقیقەت ئازیزترە»، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرستۆ هەمان ئەو حەقیقەتە دەبینێت کە ئەفلاتون بینیویەتی، بەڵام لەگۆشەیەکی دیکەوە ئەو لەسێ لایەنی گرنگەوە، بۆچوونی جیاوازی هەیە لەگەڵ مامۆستاکەیدا، تیۆری نمونەکانی، گرنگی خوا، ئەرکەکانی مرۆڤ.

1- تیۆری نمونەکان، جیاوازیو پێکناکۆکی بیروبۆچوون لەنێوان ئەم دوو فەیلەسوفە لەم پرسەدا زیاتر رەنگی لەفزیو زمانی هەیە تا لایەنی لوژیکی، ئەرستۆ لەجێی وشەی(نمونەی)ئەفلاتۆنی لەفزی ((شێوە)) بەکاردێنێت.

نمونەی ئەفلاتۆنی یەک نمونەو سەرمەشقی دەرەکییە، کە ئێمە پێویستە ملکەچی بین و پەیڕەویی لێبکەین، شێوەی ئەرستۆیی وزەو هێزێکی دەروونییە کەبەناچاری دەبێ بەدوای ئەودا بچین، بەم چەشنە لەفەلسەفەی ئەرستۆدا مرۆڤ شێوەیەکی تەواوی منداڵە، منداڵ شێوەیەکی تەواوی کۆرپەلەیە (جنین)، کۆرپەلە شێوەیەکی تەواوی تۆوە.

بەهەمان پێوەر ئەرستۆو ئەفلاتۆن هەردوو لەیەک خاڵدا کۆک و تەبان.

ئێمە چ لەیەک پێوەردا، یان نمونەی دەرەکیو چ لەیەک شێوەو یان هێزی دەرونی پەیڕەوی بکەین، ئەو دوانە ئێمە بەرەو باشتربوونو کامڵتربوون لەوەی کەپێشتر لەسەری بووین رێنمایی دەکاتو رێنمایی باڵاو فراوانتری ئەم جیهانە کامڵترە (واتە دنیای نمونەیی ئەفلاتون، یان دنیای شێوەگەلی ئەرستۆ) خوایە.

**2- گرنگی خوا:**

خوای ئەفلاتۆن ڕێکخەرو دروستکەری نمونەی جیهانە، خوای ئەرستۆ بزوێنەری وێنەی جیهانە، خوای ئەرستۆ تیۆرێک بۆ پێشەوە ڕادەکێشێت کە لە فەلسەفەی ئەفلاتۆندا نییە، خوای ئەفلاتون چالاکە، خوای ئەرستۆ(منفعل) ە واتە کاریگەرە، ئەرستۆ دەبێژێت «بەوە کە خواوەند بزوێنەری هەموو جیهانە، بەڵام خۆی بێ جوڵەیە (ساکن) ئەو جیهان دەخاتە جوڵە بەهەمان شێوە کەشێکی داواکراو، داواکەی خۆی دەخاتە جوڵەو بزوتنەوە، بەو چەشنەی کەژنێکی جوان هەموو چاوەکان بەلای خۆیدا رادەکێشێ، بەهەمان شێوە خواوەند کەبزوێنەری بێ جوڵەیە» بەهۆی عەشقێکەوە کە لە دڵی ئێمەدا هەیە بۆ ئەو ئێمە دەخاتە جوڵە بەم شێوەیە لەڕوانگەی ئەفلاتونەوە خواوەند یەک ڕێنمایی بەخشی کەسیو دیاریکراوەو بەلای ئەرستۆشەوە یەک بزوێنەری ناکەسیو نادیاریکراوە بەئاراستەی خێرو پاکیزەیی، دنیایەک کەهەموو شتێک لەناویدا لەکۆتایدا هاوئاهەنگە.

**3- ئەرکەکانی مرۆڤ:**

لێرەشدا ئەگەر لەجیاوازییەکانی پەیوەست بەواتای لەفزەکانەوە گوزەر بکەین، دەبینین لەنێوان هزرەکانی ئەرستۆ و ئەفلاتۆندا، گەلێ خاڵی کۆک و تەبا هەیە.

ئەرستۆ دەڵێت ئەفلاتون سەرو سنور و ئەرکەکانی مرۆڤ بەو چەشنەی کە لە کۆمارە تەواو خەیاڵیەکەی ئەودا دەبێ، بەکارەوە ببەستێرنەوە، روونکردووەتەوە، بەڵام ئەو (واتە ئەرستۆ) ئەرکەکانی مرۆڤ بەو جۆرەی کە لە کۆبوونەوە ناتەواو خاکییەکاندا بەکارەوە دەبەسترێنەوە، دیاری دەکات.

«لەبەرئەوەی مرۆڤەکان فریشتە نین، بەڵکو ئاژەڵی دڕندەن، کارو ئەرکی من ئەوەیە کەهەستم ئارامکردنەوەی خوو رەفتاری ئاژەڵیانەی

ئەوان»، لەبەرامبەر ئەمەدا باشتروایە ڕێنماییە رەوشتمەندییەکانی خۆ، کەمتر بەراورد بکەین، لەگەڵ کامڵبوونی داواکراوو زیاتر بیان خەینە بەرکار.

لەجیهانی کاردا، ئەرستۆ و ئەفلاتون هەردوو پێیانوایە کە ئامانج و مەبەستی رەفتارو هەڵسوکەوتی هەرکەسێک برێتییە لەبەختەوەری.

بەڵام خۆشبەختی، یان بەختەوەری چییە؟ ئەرستۆ ئەوە لە یەک وشەدا کورت دەکاتەوە، کە برێتییە لە ئودایمۆنیا (Eudaimonia) واتە (خۆش ژیان لە ئەنجامدا چاک کارکردن) بەختەوەری شتێکی هەڵچوونی نییە، بەڵکو ئاکامی چالاکییە لەخۆڕا بۆ ئێمە دەستەبەر نابێ، دەبێت بەدەستی بهێنن و ڕێگای بەدەستهێنانی ئەو لەسەرخۆیی و میانڕەویە کە ئەرستۆ ئەوە بە(هۆی زێرشین) دەردەبڕێ، یان ناوزەد دەکات.

بۆنمونە کاتێک مەترسیەک دێتە پێش، ئێمە بەسێ ڕێگا بەرەنگاری دەبینەوە، یان زێدەڕۆیی دەکەین، بێباکانە بە پێشوازی ئەو مەترسیەوە دەچین، یان زێدەڕۆیی دەکەین و بەبێزارییەوە لە بەرامبەرییەوە گوزەر دەکەین، یان ئەوەتا لەسەر خۆو بە میانڕەوی و ئازایانە بەرەنگای ئەو مەترسیە دەبینەوە، لە هەموو بارێکدا ئەم سێ ڕێگا چارەیە هەیە، واتە حاڵەتی زێدەڕۆیی و حاڵەتی زۆر زێدەرۆیی و رادەی مامناوەندی و میانڕەوی بەم شێوەیە راستگۆیی رادەی ناوەندیە لە نێوان خراپەو بەد وتن، بەخشندەیی رادەی مام ناوەندیە لە نێوان ئیسراف و بەخیلیدا، خۆپاراستن رادەی مامناوەندی نێوان خۆهەڵکێشان و خۆ بەکەمزانیندا.

لەبەرامبەری لە بنەچەی میانڕەوی، میانڕەویش لە ئەمین و ئەمانترین ڕێگاکانە، ئەمجا چۆن دەتوانین رادەی مامناوەندی یان ڕێگای میانڕەوی هەڵبژێرین؟ بەهۆی خوێندن و پەروەردەی گونجاو لەو بارەوە، مرۆڤی چاک ئەو کەسەیە کە هەم کارو کردەوەی چاک و هەم بیرو ئەندێشەی چاکی هەبێ. لێرەشدا دوبارە ئەرستۆو ئەفلاتون هاوبیرن و هەردوو دوپاتی دەکەنەوە کە بەدبەختی ئاکامی خراپەکارییەو بەدکاریش لە نەزانینەوە

سەرچاوە دەگریّ، بەڵام خۆشبەختی ئەنجامی رەفتارو کاروکردەوەی راست و دروستەو رەفتاری راستیش دەستهاتو و بەری زانایییە لە دەروازەیەدا هەم ئەرستۆو هەم ئەفلاتون قەرزاری سوقراتن، سوقرات دەڵێت، «خۆت بناسە» ئەوکات توانات دەبێت لەگەڵ جیهاندا خۆت بگونجێنی، ئەرستۆ دڵۆپەی ئەخلاقی خۆی بەهەمان زمانی دوو فەیلەسوفی پێش خۆی ئەفلاتون و سوقرات رووندەکاتەوە (بەختەوەری راستەقینە کەسێکە لە سەرانسەری ژیانی کامڵ و هاوئاهەنگی ئەبا، لەگەڵ زانینی خۆی بە چاکەخوازی کامڵ و هاوئاهەنگەوە هەڵسوکەوت دەکات).

پیاوی نمونەیی ئەرستۆ کەسێکە کەبە ئامەزرۆوە خۆی ئەرخاندەکات بۆ دۆستایەتی ئەوانیتر، ئەرستۆ دەبێژێت «کاتێک ئێوە دوو کەسی دۆست دەبینن، گیانێک لە دوو جەستەدا دەبینن»، کە بە رێکەوتنی و هاوئاهەنگی کامڵ لە ناو جەستەی یەکەی مرۆڤایەتیدا، تێکەڵبوون ئەرستۆ بەر لەوەی سەربنێتەوە والاترین نوسینی خۆی نوسی کە وەسێتنامەیەک بوو، کە بەپێی ئەوە ئازادی بە سەرجەم غولام و کۆیلەکانی خۆی بەخشی، بەم شێوەیە لە ئازادکردنی کۆیلەکاندا دوو هەزار ساڵ پێش ئەبراهام لینکۆڵن کەوت و بەبڕوای ئەرستۆ باشترین دەوڵەت، دەوڵەتی دیموکراسی مرۆڤە ئازادەکانە.

**سەرچاوە:**

هنری تۆماس، بزرگان فەلسەفە، مترجم فریدون بدراوی

تهران، 1379،

# ((ئەرستۆ، 322-384 پ.ز))
# گەورەترین بیرمەندی جیهان

محسن حیدریان

لەفارسییەوە: مستەفا مەعروفی

رۆژی دووی ئۆکنوبەر بەرامبەرە لەگەڵ مردنی ئەرستۆ، کە بەهۆی نەخۆشیی لەتەمەنی 62ساڵیدا کۆچی دوایکرد، بەڵام ژیان و ئەندێشەی ئەو کە ئێستاش کاریگەرییان لەسەر دنیای ئەدەبو ئەندێشە هەیە، جێگەی باسی زانایان و لێکۆڵەرەوانە. زۆربەی ناوەندە گرنگە ئاکادیمیو هزرییەکانی دنیای ئەمڕۆ، کەم و زۆر لەسەر ئەو رایە کۆکن، کەلەنێو هەڵبژاردەو بیرمەندانی گەورەی مێژوودا، پێنج کەس جێگەیەکی تایبەتیان لەداڕشتنی ئەندێشەو مەعریفەی ئێستای جیهاندا هەیە.

ئەرستۆ وەک باوکی زانستی لۆژیک، ئەستێرەناس، شیعر، ئەدەب، سیاسەتو زیندەورزانی لەسەرووی هەمووانەوەیە. چوار زاناو بیرمەندیتر بەپێی ریزبەندی بریتین لە: ئەفلاتون، کانت، نیتچە، ڤینگشتاین.

باوکی ئەرستۆ پزیشک بوو، پەروەردە بوونی ئەرستۆ لە بنەماڵەیەکی پزیشکیدا، زەینو کەسایەتیی ئەرستۆی داڕشت، هەربۆیە ئەرستۆ جگەلە بابەت فەلسەفیەکان خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لە ئۆرگانیزمی گیانلەبەران، بایەلۆجیو سروشت، کەوابوو دەکرێ ئەرستۆ نەک هـەروەک دوایین فەیلەسوفی گەورەی سەردەمی کۆن، بەڵکو وەک یەکەم زیندەوەرزانی جیهانیش ناوبەرین، ئەگەر ئەفلاتون تەنیا عەقڵی خۆی لەکاری فکریدا بەکاردەهێنا، ئەرستۆ جگەلە عەقڵ، هەست و ئەزمونی خۆشی بەکاردەهێنا، بۆیە ئەرستۆ رۆڵێکی گرنگی لە دروستکردنی چەمک و زاراوەی نوێی زانستی بیناسازی سیستمێکی زانستی دیاریکرد.

ئەرستۆ لەهەموو زانستەکانی سەردەمی خۆیدا لێهاتوو بوو، بۆیە توانی هەموو زانستو زانیارییەکانی بەرلەخۆی کۆبکاتەوە و بیانخوێنێتەوە و پۆلێن بەندییان بکات. ئەم کارەی ئەرستۆ توانی یارمەتیەکی باش بەخۆی وەک فەیلەسوفێک، لۆژیک زان، زانای سروشتو کۆمەڵایەتی بکات، هەروەها توانی یارمەتیەکی گەورەش بە گەشەکردنی زانستی مرۆڤایەتی و سیستماتیزەکردنی بکات، جگەلەمانەش ئەرستۆ نوسەرێکی لێهاتوو بوو، کە نەک هەر لەبارەی بابەتە دژوارە فەلسەفیەکاندا، بەڵکو لەبارەی ژیانی رۆژانەو بابەتە ئاساییەکانی خەڵکیشدا، لە توانج و کۆمیدیەوە بگرە تا بابەتی ژنو مێردایەتیو سێکسی نوسی، جگەلەمە ئەرستۆ شاعیر، شانۆنامەنوس، تراژیدی نوسیش بوو.

ئەرستۆ لەبارەی تراژیدیاوە دەینوسی «تراژیدیا قۆناغێک لە ژیان و چارەنوسی هەر مرۆڤێکە» لەروانگەی ئەرسۆوە، مەرجەکانی پێکەوەنانی سەرکەوتوانەی ژیانی هاوبەش ئەوەیە، کە(پیاو 24و ژن 18) ساڵە بێ.

ئەرستۆ نزیکەی 20ساڵ بوو یەکێک بوو لەقوتابیانی ئەفلاتون، لەئاکادیمیادا بوو، مامۆستاکەی ئەوی وەک «هۆشیارترین و زیرەکترین خوێندکاری ئاکادیمیا» ناو دەبرد، ئەرستۆ خەڵکی ئەسینا نەبوو، بەڵکو لە مەکدۆنیاوە هاتبوو، کاتێک لەئاکادیمیادا دەستی بەخوێندن کرد، (17)ساڵبوو و مامۆستاکەی (61)ساڵ بوو، ئەرستۆ لەگەڵ ئەوەشدا کەمتەمەنترین کەسی ئەکادیمیا بوو، بەخێرایی گەشەیکردو لێهاتویەکی زۆری لەخۆی نیشانداو، زۆر زوو بوو بە یەکێک لە کەسایەتییە بەرچاوەکانی ئاکادیمیا، بەڵام یەکێک لەنەرێتەکانی ئەکادیمیا ئەوە بوو کەتەنیا کەسێک دەیتوانی ببێتە سەرۆکی ئاکادیمیا کەخەڵکی ئەسینا بێ، بۆیە پاش مردنی ئەفلاتون لەگەڵ ئەوەدا کەتواناو لێهاتویی ئەرستۆ بۆجێگرتنەوەی دەبوو، ئەو پلەیەی پێنەدراو بە نارەزایی ئەکادیمیاو شاری ئەسینای بەجێهێشت .

ئەرستۆ بۆماوەی چەند ساڵێکیش مامۆستای ئەسکەندەری گەورە، پاشای بەناوبانگی مەکدۆنیا بوو، ئەفڵاتون مامۆستای ئەرستۆ، هەموو ئەوشتانەی کە لە سروشتدا هەبوون، بەزادەی بیری مرۆڤی دەزانین .

لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە شتێکی نەگۆڕو هەتاهەتایی کە «باوەڕی کامڵ»ی پێدەوت، لەسەروی جیهانی هەستپێکراودا هەیەو ئەوەی ئێمە لە سروشتدا دەیبینین لەڕاستی عەینی بێبەریەو تەنیا ڕەنگدانەوەیەک و بەشێکی زۆر کەم لەو باوەڕە کامڵەیە، بەڵام ئەرستۆ ئەوبۆچونەی ئەفڵاتونی خستە بەردەم رەخنەو پرسیارێکی جیدی لەسەر دانا، بەهۆی زاڵبوون بەسەر زانستی سروشتیدا، گەیشت بەو ئاکامە کە بەپێچەوانەی بۆچونی ئەفڵاتون، ئەوەی ئێمەدەیبینین، بۆخۆی رەنگدانەوەی راستیە دەرەکیەکانە .

بەواتایەکی دیکە دنیای راستی، هەرئەم دنیا دەرەکییەو شتێک بەناوی «باوەڕی کامڵ»یش دروستکراوی بیری مرۆڤە. ئەم بۆچوونەی ئەرستۆ تەنیا لەئەندێشەی ئەفڵاتون نەبوو. ئەرستۆ پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە ئەو شتانەی لەرۆحی مرۆڤدا هەن، دەتوانن لەئاگایی، واتە لەمەخزەنی چاو و گوێی مرۆڤدا هەبن.

رێکوپێکی کاری زۆرو زانایی سروشتیی ئەرستۆ وایکرد، کەلەچەندین بواری دیکەشدا دەست بۆ داهێنانی گرنگی فکری بەرێ. ئەرستۆ یەکەم زانابوو، کە پۆلێنبەندی زانستەکانی دەستپێکردو بە بەڵگە سەلماندی کە گیانلەبەران، رووەکەکان و مرۆڤەکان، هەرکامیان خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن، بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی هەرکەمیان پێویستە پێشتر زانیاریەکانی پێوەندیدار بەهەر کەمیان بەجیا پۆلین بکرێن.

ئەرستۆ توانی بە بەکارهێنانی ئەم رێگەیە، رەوتی بیرو زانست هەنگاوێکی گەورە بباتە پێش. ئەرستۆ یەکەم کەس بوو کە شێوەیەکی رێکوپێکی بۆ وەدەستهێنانی زانستو ناسین هێنایە گۆڕێ، بە بۆچوونی ئەرستۆ بەدەستهێنانی زانستو ناسین، لەسێ قۆناغی جیاجیا پێکهاتووە:

هەنگاوی یەکەم کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ئەو بابەتەی لێیدەکۆڵرێتەوە، هەنگاوی دووهەم ڕێکخستن و پۆلێکردنی زانیاریەکانی بابەتەکەیە، هەنگاوی سێهەم سەریەک خستنەوەو ئاکام وەرگرتن لەزانیارییە پۆلین بەندیکراوەکانە.

ئەرستۆ بەهۆی لێهاتووییەکی تایبەتی لەپۆلێنکردنی زانیاریەکانیدا، بنیاتنەری لۆژێک، وەک زانستیشە.

ئەرستۆ بەپۆلێنبەندیکردنی چەمکو بابەت جۆراوجۆرەکان و یاسای زاڵ بەسەر هەرکامیاندا، بەبناغەدانەری زانستی لۆژێکو چوارچێوەیەکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەبابەتێکی پێکهێنا، بۆ نمونە ئەو دەیوت: ئەگەر لەو پێناسەیە راست دەست پێ بکەین، کەهەر بوونەوەرێکی زیندوو دەمرێ، پاشان پێناسەیەکی دیکە بێنین، کەهێرمس (ناوی سەگێکە) گیانلەبەرێکە، ئەو کات دەتوانین بەئاکامێکی سەرنجراکێش بگەین، کەهێرمس دەمرێ. لەراستیدا ئەرستۆ پەیوەندی دوو چەمکی «بوونەوەری زیندوو» و «مردن» بەیارمەتی زانستی لۆژیک، ناسی.

ئەرستۆ زانستە جۆراوجۆرەکانی بەسەر سێ جۆردا دابەشکرد: زانستە تیۆریەکان، وەک فیزیاو کیمیا، کە مرۆڤ ناتوانێ کار بکاتە سەر یاساکانیان، بەڵام دەتوانێ بیانناسێ، بۆنمونە وەڵامی دووکەڕەت دوو، چوارە، کە مرۆڤ ناتوانێ بیگۆڕێ.

جۆری دووهەم زانستە کارەکیەکان، وەک سیاسەت، هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ و ئۆرگانە کۆمەڵایەتیەکان. ئەم جۆرە زانستە کردارییانەی وەک سیاسەت، لەلایەن مرۆڤ و عەقڵو هەڵسوکەوتیەوە، کاریان تێدەکرێ و دەکرێ بگۆڕێن، کەوابوو سیاسەت لەروانگەی ئەرستۆوە، بابەتێکی کرداری و پراگماتیستیەو چوارچێوەیەکی سەربەخۆی لەچاو تیۆری دارشتنی سیاسی هەیەو سەرکەوتن لەسیاسەتدا بەستراوەتەوە بەتایبەتمەندیی کەسایەتیو رۆحی دیاریکراو، کە ناسینی دەرفەتەکان، بڕیاری بەوەخت و کەڵک وەرگرتن لەدەرفەتەکان یەکێکن لەمەرجەکانی.

له(170) نوسراوی ئەرستۆ تەنیا (47)دانەیان ماون، کە وادیارە زۆربەیان یاداشت و گەڵاڵەی قسەکان و بابەتی وانەوتنەوە بە قوتابیانن. بەرهەمەکانیتری بەتێپەڕینی کات لەناوچوون. پێویستە ئەوەش بزانین لەسەردەمی ئاتنیکدا، فەلسەفە کارێکی سەرزارەکی بوو، نوسین و بڵاوکردنەوەی کتێبی فەلسەفیو زانستی باو نەبوو.

ئەرستۆ لە کاریگەرترین فەیلەسوفەکانی رۆژئاوایە، ئەندێشەو ئامۆژگارییە فەلسەفی، پزیشکی، ئەستێرەناسیو لۆژیکییەکانی لەسەرانسەری سەدەکانی ناوەڕاستدا، وەک ئایەتە پیرۆزەکان، جێگەی رێزو حورمەتی کۆڕو کۆمەڵە زانستیەکانی ئەوروپا بوو، پاش مەرگی دڵتەزێنی سوقرات، کە شەپۆلێک رەخنەو ناڕەزایەتیی بەدواوە بوو، ئەرستۆ ترسی ئەوەی هەبوو گیانی تێدا بچێ، ماوەیەکی کورت دوای ئەمە، کۆچی دواییکرد.

دەبێ بڵێین ئەو پرسیارانەی ئەرستۆیان لەهەوڵ و تەقەلا خست. ئەگەرچی لەماوەی سەدەکانی رابردوودا لەگەڵ وەڵامی جۆراوجۆر بەرەو ڕوو بوون، بەڵام هەروا بەبێ وەڵام ماونەتەوە. لێکدانەوە لەسەر مرۆڤ، ژن، حکومەتو پەیوەندیەکەی بەهاوڵاتیانەوە، پەیوەندی دەسەڵات و ئەخلاقو هەقانیەتی سیاسی، ئەمانە لەگرنگترین پرسیارە فەلسەفیەکان لە (25)سەدەی رابردوودا، ئەرستۆ لە بەرهەمەکانی خۆیدا، هەموو ئەوانەی بەوردی خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

ئەرستۆ لەبارەی بەختەوەریی مرۆڤدا، بەوردی و بەقوڵی بیریکردەوەو هەموو هەوڵەکانی مرۆڤی بۆ گەیشتن بە بەختەوەریو ئاسودەیی زیاتر، خستەبەر لێکۆڵینەوەی جدییەوە. ئەرستۆ پاش ئەو بیرکردنەوانە بەو باوەڕە گەیشت کە مرۆڤ لەژیانیدا چوار ستراتیژ هەڵدەبژێرێ، هەر ستراتیژێک دەربڕی بەها و ئامانجێکی دیاریکراوە، بەڵام هەموو ئەو هەڵبژاردنانە، نابنە هۆی بەختەوەریو ئاسودەیی مرۆڤ.

ستراتیژیی یەکەم چێژ وەرگرتنە. مەبەستی ئەو مرۆڤانەی ئەم ستراتیژییە هەڵدەبژێرن چێژ وەرگرتن لە ژیانو بایەخنەدان بە لایەنەکانی دیکەی رۆحی و هزری و کۆمەڵایەتییە، لەروانگەی ئەرستۆوە چێژ وەرگرتن، وەک ئامانجی ژیان، نەک هەر مرۆڤ بەختەوەرو ئاسودە ناکات، بەڵکو لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی بێمانابوونو بێ ناوەڕۆک بوونی ئامانجی ژیان لەلای مرۆڤی چێژ وەرگرەوە، چونکە مرۆڤی چێژ وەرگر ئەوەندە لەخواستنی چێژدا، نوقم دەبێ، کە ئیدی سنورێکی روونی بۆ چێژ وەرگرتن نابێ، لەکۆتاییدا نەتەوێ و بتەوێ، توشی پوچی و پەرێشانی دەبێ.

ستراتێژیی دووهەمی مرۆڤ بۆ کامەرانی و بەختەوەری، کەجێگەی پەسەندی زۆر کەسە، پارە پەرستی و کۆکردنەوەی سامان و داراییە.

دیارە ئەرستۆ باسی ئەوە دەکات، کەهەبوونی سامان بەرادەی دابینکردنی پێویستیەکان و بەرادەی پێویست بۆ مرۆڤ پێویستە، بەڵام زێدەڕۆیی لە کۆکردنەوە سامان و گەڕان بەدوای بەختەوەری لەدەست بەسەرداگرتنی ماڵو دارایيدا، ئاکامێکی نابێ، بۆنمونە ئەرستۆ دەڵێ: دیارە هەبوونی چەند جوت پێڵاو باشترە لەجوتێک، بەڵام ئەوەی کەمرۆڤ خاوەنی سەد جوت پێڵاوبێ، ئیدی ئەو رادەیە لەخاوەندارێتی، نەک هەر بۆ ئەو چێژێکی نامێنێ، بەڵکو بەتەواوەتی پوچ و بێمانا دەبێ، کەوابوو لەروانگەی ئەرستۆوە گەڕان بەدوای بەختەوەریدا، لەرێگەی هەوڵدان بۆ دەوڵەمەند بوون، کارێکی لەخۆڕاییو بێمانایە، چونکە ئەم هەوڵە هیچ پەیوەندیەکی بە بەختەوەریی مرۆڤەوە نییە، تەنیا تەماع و چاوچنۆکی پەرەپێدەدا و ناتوانێ مرۆڤ ئاسودەو ئارام و بەختەوەر بکات.

سێهەمین ستراتیژ، هەوڵدان لەرێگەی بردنە سەری ئاستی زانایی و تێگەیشتن و زانیاریی زیاترە.

ئەرستۆ لەسەر ئەو باوەڕەیە، مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و خاوەن بیرەو خاوەنی زەینێکی زیت و وریایە، کەوابوو لەرێگەی بەدەستهێنانی

مەعریفەو زانستی زیاترو بردنەسەری رادەی زانست لە خۆیدا، لەگەڵ سروشتی باشی مرۆڤ یەکدەگرێتەوەو ئەو ستراتیژییە دەتوانێ ببێتە هۆی بەختەوەریی مرۆڤ و بەگشتی ئەمە هەوڵێکی زۆر شیاو و گرنگە، کەوابوو جموجوڵی تیۆری لەروانگەی ئەرستۆوە، رێگەیەکی باشە بۆ گەڕان بەدوای بەختەوەری و مانابەخشین بەژیانی مرۆڤ.

چوارەمین ستراتیژ، گەڕان بەدوای بەختەوەریدا لەروانگەی ئەرستۆوە، بریتییە لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەگشتی هەوڵی مەعنەویی ئەرستۆ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کە ئەم رێگەیە باشترین و بەرزترین نرخ و بایەخی ژیانی مرۆڤە و کۆمەڵگەیەک کە ژمارەی مرۆڤی هەڵسوڕاوی سیاسی و مەعنەویی زیاتربێ، هەر بەو رادەیەش بەختەوەرو کامەرانە، ئەرستۆ تێکۆشانی سیاسی بە چاکەیەکی گەورە دەزانی و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کەسێ ستراتیژییەکەی دیکە، بایەخێکی زۆر کەمتریان لەم ستراتێژییە هەیە، چونکە مرۆڤ وەک «بوونەوەرێکی سیاسی» لەرێگەی تێکۆشانی سیاسییەوە، بەسەر زۆر لەلایەنە خراپ و نیازە پەستە دەروونییەکانیدا زاڵ دەبێ و بەدرێژەدان بە تێکۆشانی سیاسیو ممارسەی بەردەوامی ژیانی هاوڵاتیبوونی چالاک، دەبێتە مرۆڤێکی گەشەکردو ترو سەر راستتر، کەوابوو تێکۆشانی سیاسی چاکەیەکی گەورەیەو دەبێتە هۆی بەختەوەریی مرۆڤ، هەروەها دەبێتە هۆی لێهاتوویی مرۆڤ لەچارەسەری بابەتەکان و زاڵبوون بەسەر کێشە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا.

### «سیاسەت» لەروانگەی ئەرستۆوە

ئەرستۆ بۆ نوسینی کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی «سیاسەت» خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی رێکوپێکو سیستماتیک لەسەر بارودۆخ و چارەنوسی (158) دەوڵەتی پێش خۆی بوو. ئەو لەو کتێبەدا بەپێی ئەزمونە گرنگەکانی مێژووی سیاسەت، ئەندێشە سیاسیەکانی خۆی هێنایە گۆڕ، خاڵی کەوتنە

ڕێی ئەرستۆ لەو مەیدانەدا ئەوەیە، کەمرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە ئەو کەسەی لـەدەرەوەی کۆمەڵدا دەژی، خاوەنی تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی کەمترە. ئینجا دەڵێ، پێویستیەکانی مرۆڤێکی زیندوو بەتەواوی جیاوازەو تەنیا خواردن، جلوبەرگ، خانوو پێویستیەکانی دیکەی ژیان بۆ ئەو بەس نییە، بەرزترین لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ لەو بوارانەدایە کەپەیوەندیان بە حکومەت و سیاسەتەوە هەیە. لەروانگەی ئەرستۆوە، باشترین چاکەو بەختەوەریش، هەبوونی کاتێک بێکاریو تەرخانکردنی ئەو کاتە بۆ ژیانی سیاسی و تێکۆشانی فکریو سیاسییە. ئەرستۆ باسی سێ جۆر حکومەتی باش دەکات:

1- حکومەتی پاشایی، کە لەلایەن کەسێکەوە بەڕێوە دەچێ، بەمەرجێک کە نەبێتە حکومەتێکی زاڵم و سەرەڕۆ.

2- حکومەتی ئەریستۆکراتی بەواتای حکومەتی گەورەکان، یان حکومەتی کەسانی باشو حکومەتی یاسا. ئەرستۆ لەنێوان حکومەتی «چاک سالاری»و هەڵبژاردە، کە بۆ خۆی مەبەستیەتی لەگەڵ ئۆلیگارشی جیاوازیی بنەرەتی دادەنێ، چونکە هەڵبژاردنی ئەریستۆکراسی لەسەر بناغەی چاکە دەزانێ، کەهەر لەو کاتەدا پاساوی ئەخلاقییشی لەگەڵە. ئەو هەندێک پێوانەش بۆ ناسینی شیاوترین کەسان بۆ حکومەت دادەنێ.

3- سێهەمین حکومەتی دڵخوازی ئەرستۆ، حکومەتی پۆلیتی، واتە دیموکراسییە، بەڵام ئەو حکومەتە لەوانەیە ببێتە حکومەتێکی زۆردار.

ئامۆژگاریەکانی گرنگی ئەرستۆ لە کتێبەکەیدا کە بەرهەمی قوڵبوونەوەو تێفکرینی ئەو لە مێژووی سیاسەتدایە، ئەم لێکدانەوە گرنگەیە کە «ئەگەر شتێک لەرابوردوودا نەبووە، لە داهاتووشدا ئیمکانی نییە، هەبێ» ئەرستۆ بۆ نمونە توانای پێکهێنانی دەوڵەتێکی «سۆسیالستی» لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەناومکین زانیو پێیوابوو، لەگەڵ سروشتو بوونی مرۆڤ لە ناتەباییدایە. ئەرستۆ لەکتێبی «سیاسەت»دا بەردەوام جەخت لەسەر

ئەوە دەکاتەوە کە «سیاسەت زانستێکی کردارییەو پویستە لەسەر بناغەی پراگماتیزم بێت «ئەو مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە، کە پێویستە بیری سیاسی خۆی لەبەرزەفڕیو قسەی نا مومکین بپارێزیو لە سنوری توانا دەرنەچێ.

ئەو پەیوەندیی نێوان بیرو کردەوە بەگرنگ دەزانێو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کەیەکەم پرسیار لە پەیوەندی لەگەڵ هەر تێوریەکی سیاسیدا، پێویستە بێتە گۆڕێ ئەوەیە کە «ئایا بەدیهاتنی بە کردەوەی ئەو بیرە لەتوانادا هەیە، یان نا؟ ئایا ئەم کارە پێشتر کراوە، یان نا؟ یان ئەگەر هەوڵی بۆ دراوە، سەرکەوتوو بووە یان نا؟» ئەرستۆ دەڵێ، بەبێ وەڵامدانەوە، بەو پرسیارانە، ناتوانی رێگە بۆ داهاتوو دیاریبکەی، کەوابوو ئەرستۆ سیاسەت بەمەیدانی کردەوە دەزانێ، کە لەلایەک بەپارێزەوە بۆ شتەکان بچێ و لەلایەکی دیکەش بوونی ئەزمون و لێهاتوویی بۆ سەرکەوتن زۆر گرنگە.

ئەرستۆ بەپێی لێکۆڵینەوەی وردو رێکوپێکی سیستمە سیاسیە جۆراو جۆرەکانی جیهان، چەند بنەمایەکی گرنگی هێنایە گۆڕێ، وەک ئاکامێکی کۆتایی، کە بۆ هەر سیستمێکی سیاسی لەهەر کاتو شوێنێکدا دەبێ.

ئەو لەپێشدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کە خوێندنەوەی ژیانو چارەنوسی دەوڵەتەکانو دەسەڵاتدارە جۆراوجۆرەکان، ئەوە دەسەلمێنن کە هەمیشە چەند کەس باشتر لەکەسێک بیردەکەنەوەو دەستەیەکی گەورەتر، توانای زیاتریان لە هەڵوێست گرتنێکی ئاقڵانە تردا هەیە، تادەستەیەکی بچوکتر»

بابەتێکی گرنگی دیکە، کە لە لێکۆڵینەوە لەدەوڵەتە سیاسییەکانی جیهاندا، سەرنجی ئەرستۆ بۆ لای خۆی رادەکێشێ، هۆیەکانی سەرکەوتنی زۆردارانو چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ئەوان بۆ پتەوکردنی جێ پێی خۆیانە .

ئەرستۆ پاش لێکدانەوەی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارە جۆراوجۆرەکان لە هەلومەرجو وڵاتی جۆراوجۆردا، بە ئاکامێکی گرنگ دەگات، کە زۆر سەیرو سەرسوڕهێنەر لە ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەی ماکیاڤیلی نزیکە، کە چەند

سەدە دواى ئەو هەوڵیدا وەڵامى ئەو پرسیارانە بداتەوە.

ئەرستۆ لەکتێبى سیاسەتدا دەنوسێ، ئەگەر من دیکتاتۆر بومایە، یان دیکتاتۆرێک لەبارەى سەپاندنى دەسەڵاتى خۆیدا راوێژى لەگەڵ کردبام، ئەم شتانەم پێدەسپارد: «تا دەتوانێ کۆمەڵگەى مەدەنى وێران بکەو لەناوى بەرە، ناوەندە پەروەردەییەکانى زانایان و بیرمەندانى کۆمەڵ ئازاد نەبن و تا دەتوانێ لەناویان بەرە.

ئەگەر دەتەوێ دەسەڵاتى زاڵمانەى خۆت بپارێزى، هەمیشە خەڵک لەژێر مەترسییەکانى دەرەوەدا رابگرە هەڕەشە بە شەڕ، خەڵکى دەخاتە ژێر مەترسى دەسەڵاتى دیکتاتۆرەوە، هەوڵبدە کەخەڵک بەردەوام مەترسى شەڕو ترسى دەسەڵاتى بێگانە لەترسو دڵەراوکێدا بن، بەڵام کارێکى گرنگى دیکە ئەویە، کە تا دەتوانى متمانە لەنێو خەڵکیدا لاواز بکە، هەوڵبدە خەڵک متمانەیان بەهیچ کەس نەبێ، متمانەى لەناو خەڵکدا لە ناو بەرى.

کارێکى گرنگى دیکە ئەویە، کەخەڵک نامتمانەیى‌و دووڕوویى بەچاکە بزانن، هەوڵبدە کەخەڵک لەجێى راسگۆیى‌و یەکرەنگى روو بکەنە رواڵەت‌و دوو روویى، ئەوە گرنگ نییە لە ناو خۆیاندا بەدیندارو لەخواترس نیشان بدەن».

**پێغەمبەرى چینى ناوەند**

لەلایەکى دیکەوە ئەرستۆ گەورەترین پارێزەرى میانەڕۆیى لە بیرى سیاسى و مێتۆدە سیاسیەکان دایە، ئەو بەپێچەوانەى مامۆستاکەى ئەفلاتون، کە لایەنگرى هەڵبژاردەکانە، پێ لەسەر میانەرەوى و جۆراوجۆرى و چەند چەشنەى حکومەت دادەگرێ‌و بەردەوام جەختى لەسەر حکومەتێکى نمونەیى دەکردەوە، کە حکومەتێکە خاوەنى جۆراوجۆرى فرە چەشن بێت.

ئەرستۆ پێ لەسەر گرنگى خاوەندارێتى تایبەتى‌و بەهێزکردن‌و رێزلێگرتن لە کۆمەڵدا دەگرێ.

بەڵگەشی بۆ ئەم بابەتیە هەم لەسەر بنەمای مرۆڤناسی و هەم کۆمەڵناسیە، ئەرستۆ دەڵێ «بۆ هەر مرۆڤێک هەمیشە دوو شت گرنگ بووەو گرنگیەکی تایبەتیان هەیە، یەکەم ئەوەی کە بڵێ ئەمە هی منە، دووەم، ئەوە کەمن ئەمەم پێخۆشە»

دەڵێ، ئەگەر دەتەوێ مرۆڤ لەناوبەری، دەبێ ئەم دوو هەستە سەرەکیەی تێدا بکوژێ، چونکە هەستی خاوەندارێتی هێزی هاندەر بۆ گەشەکردنو هەڵدانی مرۆڤە، گرنگی دارایی تایبەتی کەلە دەروونی سروشتی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ، هەر لەم لایەنە سروشتیەی مرۆڤەوەیە.

هەروەها ئەرستۆ دژی زیادەڕەوی لەهەبوونو نەبووندایە، بەواتایەکی دیکە، ئەو مرۆڤی دەوڵەمەند بە مرۆڤێکی بێزراو دەزانێ، کە ژیان کاتێک بێکاری نییە، لە دەروونیدا مرۆڤێکی ناکام و بێ بەختە.

هەروەها خەڵکی هەژار بەزەبوون و بێ دەسەڵات دەزانێ، کەخاوەنی هێزی تێگەیشتنو داهێنان نینو لە هەژاری نارازیە، کەوابوو ئایدیالی ئەرستۆ، چینی ناوەندە، کە رۆڵێکی گرنگی لە ژیانی سیاسی لە کۆمەڵدا لە ئەستۆیە، هەروەها هۆکاری هاوسەنگیو هاوکێشی کۆمەڵایەتیە بوونی چینی ناوەند لەروانگەی ئەرستۆوە، بەهۆی جۆراو جۆریەوە مەرجی گرنگ بۆ سەرکەوتن و هاوسەنگی کۆمەڵی مرۆڤایەتیە، چونکە چینی ناوەندی بەهێز، نیشانەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و لاچوونی مەترسی تەقینەوەی کۆمەڵایەتی و کەمبونەوەی مەودای نێوان چینی دەوڵەمەندو هەژارە، باشیەکی گرنگی چینی ناوەندی لەروانگەی ئەرستۆوە، بوونی کاتێک بێکارییە، کەدەرفەتی تێکۆشانی کۆمەڵایەتیو هاوڵاتیبوون و بەشداری چالاکانەتر لەژیانی سیاسی و فەرهەنگیان بۆ تاکی کۆمەڵ پێکدێنێ.

ئەرستۆ زۆر پێ لەسەر ئەو بابەتیە دادەگرێ، کەبەبێ بوونی چینی ناوەنجی گەورە کەخاوەنی سەنگێکی زۆری کۆمەڵایەتیە ناکرێ، سەقامگیری و ئاسایشێکی جیدی سیاسی بێنە ئاراوە، ناوەڕۆکی ئەسڵی ئەم بۆچوونەی ئەرستۆ، لەسەردەمی نۆیشدا لەلایەن زانایانی گەورەی وەک (جۆن ستوارت

میل) وەک مەرجی سەرەکی سەقامگیری دیموکراسی پێی لەسەر داگیراوەتەوە، کەوابوو ماکی ئەسڵی  ئەم تێزە، ئەوەیە کە لەنێوبردنی فشاری چینایەتی و بێ عەدالەتییە ئاشکراکانی کۆمەڵایەتی، بەگشتی هەبوونی کاتێک بێکاری لەروانگەی ئەرستۆوە، چاکەیەکەو بایەخێکی گرنگە، ئەرستۆ دەڵێ« هاوڵاتی کەسێکە بتوانێ هەم رێبەری بکاٹ و هەم رێبەری بکرێ، هاوڵاتی کەسێکە خاوەنی کاتێک  بێکاریو هێزی بیرکردنەوە بێ.

سوربوونی ئەرستۆ لەسەر میانڕەویو خۆپاراستن لەزیادەڕەویو گرنگی چینی نێوەنجی لەبیرو بۆچوونیدا، بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر لەزانایان وەک پێخەمبەری چینی ناونجی ناوی بەرن.

**ئەرستۆ لەروانگەی ئەمڕۆوە**

زۆر لە بۆچوونو ئامۆژگارییەکانی ئەرستۆ پاش زیاتر لە (2000) ساڵ، ئێستاش گرنگی خۆیان هەیەو نوێن، تەنانەت هێندێک لەزانایانی ئەمڕۆ، ئەو بەپێوانەی حەقیقەت دەزانن‌و لەسەر ئەو رایەن، کەهەر شتێک ئەرستۆ  قبوڵی بووە، ئەوە راستەو هەر شتێک ئەو پێی نادروست بووە، هەڵەیە ئەرستۆ یەکەم کەس بوو رایگەیاند: گۆی زەوی خڕەو بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوەو  ناوەندی تەواوی جیهانی خوڵقاوە».

(چارلز داروین) لەزانایانی گەورەی جیهان وتی» زانایەکی گەورەی وەک (کارون فۆن لینە) لەبەرامبەر ئەرستۆدا، لە منداڵێکی قوتابخانەی سەرەتایی زیاتر نییە.

چوار ئامۆژگارییە بنەڕەتییەکانی ئەرستۆ ئێستاش گرنگی خۆیان هەیەو ئەمڕۆیین.

1ـ مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەقڵانییە، ئەو تایبەتمەندیە عەقڵانییە بەمانایی ویستی ئازادییە.

بەپێی ئەو بۆچوونە، ئەرستۆ لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە مرۆڤ چارەنوسی ئەو، نەک دیلی بەردەستی جەبرو دیتێرمینیزمە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئیرادەو بەرپرسیاریەتی، کەوابوو چارەنوسی مرۆڤ لەپێشدا دیاری نەکراوە، پەیوەندی بە بەکارهێنانی عەقڵ و کۆنترۆڵی مرۆڤ بەسەر هەڵسوکەوت و بڕیارەکانیەوە هەیە، هەرچەند جاری واشە روداو هەلومەرج، مرۆڤ دەکێشێنە جێگەیەک، کە پێشبینی ناکرێ.

ئەرستۆ هەروەها پێیوایە جگەلە کات و شوێن، هەلومەرجی دەرەکی کۆمەڵ لە دەروونی هەر مرۆڤێکدا هێندێک مەیلو نیازی جەبری هەن، کەبۆلای هەڵسوکەوتی جۆراو جۆری رادەکێشن.

بۆ وێنە لە دەروونی هەر مرۆڤێکدا، مەیلێکی بەهێزی دەروونی بۆ بەرەڵاییو بێ نەزمی هەیە، کە دەتوانێ بەرەو کاری مەترسیداری رابکێشێ، ئەرستۆ باسی رۆحێکی نا پاک و دزێو لە دەروونی هەر مرۆڤێکدا دەکات، کە شیکەرەوەی زۆر هەڵسوکەوتە، دزێو و ناحەزە مرۆڤایەتیەکانی، وەک ئازاردانی خەڵک و سادیسم و جینایەتیە.

ئەو نیازە ناپاکە دەروونییە، نەک هەر ژیانی مرۆڤ وێران دەکات، بەڵکو ئازادی خەڵکیش دەخاتە مەترسییەوە.

ئەرستۆ هەر لەو کاتەشدا باسی بوونی مەیلێکی پۆزەتیفو خوایی لەدەروونی هەر مرۆڤێکدا دەکات، کە پێویستی بەهێزێکی بەئاگایی مارەسەو هەوڵی مرۆڤ هەیە.

ئەم بۆچوونە لەبارەی مرۆڤ و هەڵسوکەوتی وی، بەگشتی لەگەڵ لێکۆڵینەوەو ئەزمونی مۆدێرنی دەروناسەو هەڵسوکەوتناسی یەکدەگرێنەوەو ئێستاش لەم سەردەمەدا هەر برەوی هەیە.

لێکۆڵینەوە نوێیەکانی دەروناسیش دەریدەخەن، کەزۆر لەتایبەتمەندیەکانی مرۆڤ، وەک مەیل بۆ ئەنجامی جینایەت، بەرلەوەی فێری بێ، بابەتێکی ژینەتیکییەو لەدەروونی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ.

2 ـ بۆچوونی ئەرستۆ لەبارەی سیاسەتەوە، وەک زانستێک لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراوە، کەسیاسەت بەگشتی بابەتێکی کردارییە، بۆیە ئەرستۆ سیاسەت بەمەیدانی کردەوەو پراکماتیزم دەزانێو لەسەر ئەو باوەڕەیە، سیاسەتمەداری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە، کەبتوانێ هەم بەشێوەی عەقڵانی هەلومەرجەکە شیبکاتەوەو هەم بتوانێ بەلێهاتوویی لەکاتێک خۆیدا هەڵوێست بگرێ و کاروبارەکان چارەسەر بکات و ڕێگەی خۆی بۆ پێشەوە بکاتەوە، پێوانەیەکی گرنگی کاری سیاسی لەروانگەی ئەرستۆوە، سەرکەوتن لەوەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکاندایە.

بەواتایەکی دیکە ئەرستۆ یەکەم بیرمەندە، کە شانبەشانی بیرمەندانی قۆناغی مۆدێرنی لەسیاسەتدا جێگەی سەرنجە.

3ـ ئەرستۆ لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە هەرچەند کات و شوێن کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هەڵسوکەوتو ئەخلاقی مرۆڤ هەیە، بەڵام بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتی باش، یان خراپ، جوان یان دزێو لەلای هەر مرۆڤێک، پێوانەی جیهانی هەن.

بۆیە ئەرستۆ باوەری بەچەمکی گشتی مرۆڤایەتی لە بارەی هەڵسوکەوتو ئەخلاقی مرۆڤایەتیدا هەیەو هەموو مرۆڤەکان بەبێ لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندیە جۆراوجۆرەکان، دەبێ ڕێزو حورمەت بۆ پێوانە ئەخلاقیەکان، کە جێگەی پەسەندنو جیهانین، دابنێنو لەبەرچاویان بگرن.

4ـ ئەرستۆ پاش لێکدانەوە، سیستماتێکی هەلومەرجو چارەنوسی (158) دەوڵەتی جیهان، بەو ئاکامە گەیشت کە دەوڵەت ئۆرگانێکی سروشتییەو بوونی دەوڵەت بەبێ لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندیەکانو هەڵوێستەکانی شتیکی پێویستو سروشتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە.

تەوەرەی تێزی ئەرستۆ ئەوەیە: ئەگەر شتێک لەپانتایی سیاسەتی رابردودا نەبووە، لەداهاتوشدا ناتوانێ ببێت.

بۆیە دەبێ هەر رێگەو ویستێکی سیاسی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەسڵە، بێنە گۆڕێو پێوانەی جدیبوونی ئەوەیە، کە لەسنوری توانا دابێ.

ئەرستۆ چەندین سەدە لەمەوبەر بەپێی لێکۆڵینەوە لەسەر دەوڵەتان و زاتو تایبەتمەندی مرۆڤ، بەدڵنیاییەوە پێی لەسەر ئەوە دادەگرێ، کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی «ئیشتراکی»لەسەر رووی زەوی، بەهیچ جۆرێک لەتوانادا نییە، چونکە حوکمەتی ئیشتراکی، تەنها خەون و خەیاڵێکە.

**سەرچاوە:**

-ماڵپاری (ایران مروز) لینکی کرنەشە

# ئاشنابوون بە ئەرستۆ

پۆل ستراتێرن
لەفارسییەوە: ڕێباز مستەفا

**پێشەکی**

ئەرستۆ لەوانەیە یەکەمو گەورەترین بیرمەندی هەمەلایەنە بێت، وەکو چۆن بەناوبانگە لەبارەی هەموو شتێک، لەشێوەکانی سەدەفەوە بگرە، تا نەزۆکی، لە تێڕامانە تیۆریەکانی لەمەڕ ماهیەتی ڕۆحەوە بگرە تا کەشناسی، شیعرو هونەرو تەنانەت لەبارەی شیکردنەوەی خەون، بابەتو وتاری نوسیوە.

وتراوە کە ئەرستۆ هەر وشەیەک لەزانست کە پەنجەی خستبێتە سەر گۆڕانی تێداکرد (جگە لەبیرکاری کەتیایدا ئەفلاتون و بیرکردنەوەی ئەفلاتون هەروا بالادەستی خۆی پاراست)، بەڵام لەمانە هەمووی گرنگتر ئەرستۆ بە دامەزرێنەری لۆژیک دەژمێردرێ.

*کاتێک کەئەو بۆ یەکەم جار زانستی مرۆڤایەتی سەردەمی خۆی لەکایەو بـوارە جیاوازەکاندا پۆلێن کرد، ئەو تواناو هێزەی بـەدرک و تێگەیشتنی ئێمە سەبارەت بەجیهان بەخشی، کە بەشێوەیەکی سیستماتیکیانە پەرەبسەنێ و پێبگات، بەڵام لەسەدەکانی دواییدا زانستو زانیاری ئێمە، تا ئەو رادەیە پەرەیسەند، کە هەر ئەو پۆلێن بەندییە خۆی گۆڕاو بوو بەکۆسپو بەربەستێکی راستەقینە لەسەر ڕێی پێشکەوتنی زانست. پێشکەوتنی زانست لەوجۆرە سیستمە هزریانەدا، تەنها لەو ڕێگاو ڕێبازانە کەپێشتر دیاریکراون، مەیسەربوون.

کۆمەڵێک ڕێگەو ڕێباز کەزۆریان رووبەڕووی نەمانو لەناوچوونی پلە بەپلەدابوون. شێوازو ڕێبازێکی لەبناغەو بنچینە جیاواز، پێویست بوو.

ئەنجامی ئەو شێوازو ڕێبازە دۆخی هاوچەرخی زانستی نوێیە.

ئەو ڕاستیەی کەزیاتر لەبیست سەدە درێژەی کێشا، تا ئێمە پێمان بەو سنوربەندیانەی بیرکردنەوەی ئەرستۆ برد، تەنیا نیشاندەری داهێنانو ئەفراندنەکانی ئەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت بەسەرچوونی بیرکردنەوەی ئەرستۆیی، خۆی کۆمەڵێک پرسیاری فەلسەفی وروژاندووە. هێشتا چ ئەندازەیەک سنوربەندی تری لەو جۆرە لەشێوازی بیرکردنەوەی ئێمەدا هەن، کە دەبێ لەسەریان رابوەستین و هەڵوێستیان لەبارەوە وەربگرین؟ کەمو کورتیەکانی لەوجۆرە لەشێوازی بیرکردنەوەی ئێمەدا، تاڕادەیەک مەترسیدارنو ئەو سنوربەندی و کەمو کورتیانە بەڕاستی ئێمە لەزانینو تێگەیشتنی چ کۆمەڵە شتێک پەک دەخەن؟

**ژیانو بەرهەمەکانی ئەرستۆ**

لەبەرزاییەکانی گوندی (ئەستاگیرا) کە دەکەوێتە باکوری یۆنان، لەسەر کەلێکی بەرز، پەیکەرێکی تازەو تاڕادەیەک بێگیانی ئەرستۆ چێکراوە. سیماو چاوی بڕیوەتە تەپۆلکە ناهەموارو بەدرەخت داپۆشراوەکان، کە تاچاو بڕدەکات بەرەو دەریای شینی (ئیجە) درێژبۆتەوە. پەیکەری تەواو سپیو مەڕمەڕیی ئەرستۆ، کە لەژێر تیشکی هەتاودا کەم تا زۆر دەدرەوشێنەوە، پێڵاوێکی سەندەلی لەپێو (توگا) «1»یەکی یەخەکراوەی لەبەرو تۆمارێکی بەدەستی چەپەوەیە، کە کەمێک لێوەکانی پەڕیوە. (دەڵێن ئەو زیانەی لەلایەن مامۆستایەکی فەلسەفە، کە خەڵکی ئەرژەنتین بووەو بەدوای ڕاوکردنی یادگاریەوە بووە، پێگەیشتوە!) لەسەر پایەی پەیکەرەکەشدا دەستەواژەی (ئەرستۆ ئەستاگیرایی) بەیۆنانی هەڵکەندراوە.

*ئەرستۆ لەئەستاگیرا چاوی بەجیهان هەڵهێنا، بەڵام وێڕای شوێنی پەیکەری ناوبراو، گوندی ئەستاگیرای ئەمڕۆ شوێنی ڕاستەقینەی لەدایکبوونی ئەرستۆ نییە، وەک لە کتێبی ڕێنوێنی ناوچەکەدا هاتووە، شوێنی لە دایکبوونی

ئەرستۆ گوندی ئەستاگیرای دێرینە، کە لەهەمان دەورووبــەری گوندە تازەکەوەیەو وێرانەکانی هێشتاش بەدی دەکرێن. دواى دیدارى ئومێدبڕانەم لەپەیکەری ناوبراو، بۆ دۆزینەوەو بینینی وێرانەکان کەوتمەڕێ. (بەتمەن) ێکی مێرد منداڵ کە لەخوێندنگە دەگەڕایەوە بۆ ماڵ پێی وتم: ئەو وێرانانەی تۆ بەدوایاندا دەگەڕێی، لەشوێنێکی خوار جادەکەوەن. خوێندکارەکە بە تەکاندانێکی شانێڵە پلاسنیکیە رەشەکەی جادەیەکی نیشاندام کە بەرەولای دەریا دەڕۆیشت. پیادە سەرەو ژێر بەجادە درێژو پێچاوپێچەکەدا کەوتمەڕێ. گەرما وەڕسی کردبووم و بەردەوامیش گرمەی زەندەقبەری هەورەتریشقە لەسەر ئاسمانی بەردەڵان و بەرزاییەکانی دەوروبەرم گوێی کاس دەکرد. دوای ئەوەی کاتژمێرێک ئاوا تێپەڕی، دواجار ئۆتۆمبێلێک لەتەنیشتم سنۆپی کردو بەخێرایی منی گەیاندە (ئەستراتونی). ئەستراتونی تێکەڵەیەکی ترسناکە لەپشوگایەکی چۆڵی کەنار دەریایی‌و گوندۆچکەیەکی کانزایی. ناونیشانی ئەستاگیرای کۆنم لە دارتاشێک، کەسەرقاڵی چاککردنەوەی قاوەخانەیەکی داخراوی تەنیشت کەنارێکی چۆڵ بوو پرسی وتی: کەمێک سەروتر لە باکوری جادە کۆنەکەیە.

زوو بۆم درکــەوت کە لەمانگی ئۆکتۆبەردا ئۆتۆمبێل بەکەمی بەم جادەیەدا رەتدەبن، هەروەها بارانبارینە پاییزەییەکانی ئەم دەڤەرە، ئەوکاتەی کە دەستپێدەکەن، رەنگە زۆر بەڕەهێڵەو توندبن. کاتژمێرێکی تەواو لەبن بەردێکی باریکدا، لەبەر رێژنەی باران کە دەتوت ئاسمان کون بووەو وەکو تاڤگە لەدامێنی رووتەنی تەپۆلکەکاندا، بەخوڕ دادەباری، پەنامگرت. نەنیشانەیەک لە وێرانەکان دەبینراو نە ئۆتۆمبێلێک لەناو ئەو رەوشە تاریک داهاتووی هەورە تریشقەکانی دەوروبەرم پەیدا دەبوو. من کەئیدی هەموو گیانم تەڕببوو و ئاوم لێدەچۆڕا، لەبەرخاتری پەیکەری ئەرستۆ کەمنی بۆ ئەستاگیرا، ئەستاگیرای درۆیین راکێشابوو، جنێوم بەخۆم دەدا، لە فریوخواردن بەولاوە شتێک لەگۆڕێ نەبوو.

گوندی ئەستاگیرای ئێستا ناوە هاوشێوەکەی ئەستاگیرای راستەقینەی لێدەرچێ، بەهیچ شێوەیەک شایستەی ئەوە نییە، کەشوێنی لەدایکبوونی ئەرستۆ بێ، کە ئەگەر وانەبێ لەسەر هەمان پێوەر دەکرێ پەیکەرێکیش بۆ ژاندارک لە شاری (نیوئورلینز) چێبکرێ..

ئەرستۆ لەساڵی (384)ی پێش زایین لەئەستاگیرای دێرین، کە یەکێک لەشارە مەکدۆنیەکانی یۆنانە لەدایکبووە. یۆنانییە کۆنەکان لە سەدەی چوارەمی پێش زایین بەهەمان ئەوچاوە سەیری مەکدۆنیایان دەکرد، کە ئەمڕۆ فەڕەنسیەکان سەیری ئینگلستان و ئەمەریکا دەکەن، بەڵام ئەستاگیرا لەبازنەی (شارستانیەت) بەدەر نەبوو. ئەم شارۆچکەیە، شارۆچکەیەکی بچوکی کۆچبەرنشینی یۆنانی بوو، کەدوورگەی (ئاندروس)ی نێو دەریای ئیجە دروستی کردبوو.

باوکی ئەرستۆ کە ناوی (نیکوماخوس) بوو، پزیشکی تایبەتی (ئامونتاس)ی پاشای مەکدۆنیو باپیری ئەسکەندەری گەورەبوو. بەهۆی ئەو پەیوەندیەوە، کەدواتر دۆستایەتی ئەو دوانەشی بەدوای خۆدا هێنا، باوکی ئەرستۆ وەک باسکراوە سامانێکی زۆری پێکەوە ناوەو بۆتە خاوەنی موڵکو زەویو زارێکی فراوانی دەورووبەری ئەستاگیراو ناوچەکانی تری یۆنان.

ئەرستۆی نۆبەرە لە ناو حاڵو هەوای زانستی پزیشکییدا پەروەردە بوو. هێشتا لەتەمەنی مێرد منداڵیدا بوو کە باوکی لەدەستدا. دوای مردنی باوکی ئەرستۆیان بردە شاری (ئاتارنیۆس)ی یۆنانی کە دەکەوێتە لێواری رۆژئاوای ئاسیای بچوک و لەوێ لای (پرۆکسنوس)ی کوڕەمامی پەروەردە بوو.

ئەرستۆ وەک زۆربەی ئەو کەسانەی کەمیراتێکی زۆریان بۆ بەجێدەمێنێ، رووی کردە دەستبڵاوی. بەپێی گێڕانەوەیەک هەموو ئەو دارایيو سامانەی بەمیراث بۆی بەجێمابوو، لە خۆشگوزەرانیدا خەرجیکردو لە کۆتاییدا ئەوەندە پەڕپوت و بێ پارە مایەوە کە بۆ خۆژیاندن ناچاربوو

ماوەیەک بچێتە ناو سوپا. دواتر گەڕایەوە ئەستاگیراو لەوێ کەوتە خوێندنی زانستی پزیشکی. تەمەنی سی ساڵ بوو کە وازی لە پزیشکیش هێناو ئەمجارە چووە ئەسیناو ماوەی هەشت ساڵ لە ئەکادیمیا لەژێر چاودێری ئەفلاتوندا خەریکی خوێندن بوو. دواتر دیرۆکڤانو حاڵ نوسی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا کە بەتەمابوون سیمایەکی (قەدیس) ئاسا لەئەرستۆ وێنابکەن، دەیانویست کە ئەو بوختانە باوەڕنەکراوانە نادیدە بگرن، یان بەزیادەڕۆ و موبالەغەیان بدەنە قەڵەم. گێڕانەوەیەکی تریش لەبارەی ساڵەکانی قۆناغی لاوێتی ئەرستۆ هەیە. بەپێی ئەو گێڕانەوەیە ناخۆشتر (بەڵام نزیکتر لەواقع) ئەرستۆ لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا یەکڕاست چۆتە ئەکادیمیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت هەندێ سەرچاوەی ئەو گێڕانەوەیەش ئاماژە بەماوەیەکی کورتی دەستبڵاوی ئەرستۆ دەدەن.

هەرچۆنێک بێت هێشتا ئەوەندە بەسەر هاتنی ئەرستۆ بۆ ئەکادیمیا تێنەپەڕیووە کە ئەو بەلێبڕاوییەوە دەستی بەخوێندنێکی چڕوپڕ کردو هەرزوو، وەکو وردبینترین خوێندکارو بیرياری نەوەی خۆی، خۆی سەلماند. لەسەرەتادا ئەرستۆ هەر تەنها قوتابیەک بوو هیچی تر، بەڵام زوو داوای لێکرا کە ببێتە یەکێ لەهاوکارانی ئەفلاتون. واپێدەچێ کە ئەرستۆ لەدەستپێکی کاردا، بەتەواوی شەیداو مریدی ئەفلاتون بووە، بێگومان هەموو رێنوێنی و رێنماییەکانی ئەفلاتونی کە لەئەکادیمیادا دەخوێندران فێربوو، فەلسەفەی خودی ئەو لەسەر بنەمای پرنسیپەکانی ئەودا، بەشێوەیەکی رێکوپێک و پتەو جێگیربوو، بەڵام هۆش و زیرەکی ئەرستۆ زۆر لەوە زیاتر بوو، کەتەنها بەدوای کەسێکدا بڕوا، تەنانەت با ئەو کەسە ئەفلاتونیش بێ. کاتێک کەئەرستۆ شتێکی دەکەوتە بەرچاو، یان گوێی لێ دەبوو پێدەچوو ناکۆک، (یان خوا نەخواستە ناتەواو) لەکاری مامۆستاکەیدا هەیە، پەنجەی دەخستە سەر بەحوکمی ئەرکی عەقڵانی خۆی واهەستی دەکرد کەدەبێ ئەو شتە باس بکات، بیخاتە بەرچاوی مامۆستاکەی. ئەو نەریتەی ئەرستۆ وردە

بووە مایەی هەراسانبوونی مامۆستاکەی.

ئەگەرچی ئەوان هەرگیز نەکەوتنە مشتومڕی زارەکی لەبەرامبەر یەکنر، بەڵام بەڵگەی پشت ڕاسنکراوە ئەوەیە، کە هێواش هێواش ئەو دووانە وەکو دوو لە گەورەترین پایەی ئەندێشمەندانی ڕۆژگاری خۆیان، وایان بەچاک بینی، کە سنورو مەودایەک لەنێوان خۆیاندا لەبەرچاو بگرن. وەک چۆن بەناوبانگە، ئەفلاتون ناوی ئەرستۆی بە (مێشکێک لەسەر دوو قاچ) دەبردو ماڵەکەشی بە (خوێندنەوەخانە) ناو دەبرد. ئەو ناونانە ئاماژەبوو بۆ گەنجینەی بەناوبانگی دەستنوسە کۆنەکان، کە ئەرستۆ لەماڵی خۆیدا دەیپاراستن. ئەرستۆ عادەتی وابوو نوسخە دەستنوسە دەگمەنەکانی بەرهەمو نوسینە کۆنەکان، تا بۆی دەکرێو دەستی دەکەوێ بیانکڕێ، بەیەکەم هاوڵاتی بێ پلەوپایەو پۆستی دیاریکراو دەژمێردرا، کە خاوەنی کتێبخانەیەکی تایبەتی بوو.

وەک دیارە زانستخوازی لاو داهاتێکی زۆری لەموڵکە بەمیرات بۆ بەجێماوەکانی دەسنکەوتووە و زۆری نەبردوە، کە لەئەسینا بەهۆی ڕەفتاری هۆشمەندانەو شێوازی ژیانی مەزنانە (هەرچی تاڕادەیەک بەفیزانە)ی بووە وێردی سەرزاری خەڵک، لە گێڕانەوەکاندا هاتووە کە ئەو قەدو قیافەیەکی لاوازو قاچ و قولێکی درێژو باریکی هەبوو بەسەری زمانی قسەی دەکرد. ڕەنگە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو (کێماسیە ڕواڵەتیانە) بووبێت، کە هەمیشە جلوبەرگی ڕێکوپێک و جوانی لەبەردەکردو زۆر شیک پۆشبوو نوێترین مۆدێلی (سەندل) و(توگا)ی دەپۆشی و ئەنگوستەکانی خۆی بەئەنگوستیلە کە بەجوانترین شێوە ڕازێنرابونەوە، دەڕازاندەوە، تەنانەت ئەفلاتون کەدەست کورت نەبوو، بەخیلی بەکتێبخانەی ئەرستۆ دەبرد، لەگەڵ ئەوەشدا وێڕای ئەو شێوە ژیانە ئاسودەو زانستخوازیە، نوسینە سەرەتایەکانی ئەرستۆ (کەئێستا ئیدی لەنێوچوون) زۆربەیان گفتوگۆ و کۆمەڵێک وتە بوون، لەبواری بێهودەیی دنیاو پەسەندکردنو پێداهەڵدانی خۆشی و پاڵنەرەکانی دواڕۆژ.

ئەرستۆ مەیلێکی خودی هەبوو بۆ شرۆڤەو لێکۆڵینەوەی بابەتە کرداری‌و زانستییەکان. ئەو مەیلە ئەو بوارەی بۆ فەراهەمکرد کە بەدیدێکی رۆژ دوای رۆژ واقعبینانەتر دەبوو بنوارێتە تێروانینەکانی ئەفلاتون.

ئەفلاتون پێیوابوو، کە ئەم جیهانە جیهانی شتە وردە لاوەکیەکانە (امور جزئی) کە ئێمەی لە خۆگرتووەو ئەوەی درکی دەکەین تەنها شێوە رواڵەتییەکان، یان نمونەو دیاردەکانەو حەقیقەتی جێی مەبەست لەجیهانێکی تردا، واتە لەجیهانی ئایدیاکاندایە کە بەوێنە یان نمونە گەلی ئایدیالی هاوشێوەن.

شتە بچوک‌و لاوەکیەکانی جیهان، کە درکیان دەکەین، واقعیەت و هەبوونی خۆیان تەنها لەڕێڕەوی بەهرەمەندیی لەو جیهانەی ئایدیا نایابانە وەدەست دێنن. بەم پێیە پشیلەیەکی دیاریکراو وەک پشیلەیەکی رەش کە دەیبینین لەسەر کورسیەک خۆی راکێشاوە، تەنها لەو رووەوە پشیلەیە کە لەئایدیا (یان نمونەی) بنچینەیی پشیلەبوون، یان پشیلایەتی بەهرەمەندبووەو لەو رووەوە رەشەکە لەئایدیا (یان نمونەی) رەشێتی بەهرەمەند بووە. تاکە راستیەکی بێ ئەملاو ئەولا لە پشت جیهانی هەستەکان، لە هەرێمی بنچینەیی ئایدیاکاندا جێیگرتووە.

لەکاتێکدا کەدیدی ئەفلاتون بۆ جیهان، لە بنەڕەتدا دیدێکی ئاینیی بوو. دیدی ئەرستۆ زیاتر مۆرکی زانستی هەبوو. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کەئەرستۆ هیچ پێخۆشبوونێک بۆ قبوڵکردنی ئەندێشەی ناواقعیبوونی جیهانی دەورووبەرمان لەخۆی نیشان نەدات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرستۆ دوای دابەشکردنی شتەکانی بۆ جەوهەرە یەکەمەکان و جەوهەرە دووەمەکان کەوت. بەو جیاوازییەی کەلای ئەرستۆ جەوهەرە یەکەمەکان شتە بچوک‌و لاوەکییەکانی جیهان‌و جەوهەرە دووەمەکان بریتی بوون لە ئایدیاکان یان فۆڕمەکان. ئەرستۆ لەسەرەتا دوودڵ بوو کە کام لەو دوو جەوهەرانە بەڕاستی جێی مەبەستن. ئەمە تاڕادەیەک بەهۆی لەبەرچاوگرتنی رێزی

ئەفڵاتونەوە بوو. (هەرچییەک بێت، بەر لە هەموان مامۆستا پیرەکەی ئەو چەمک و تێگەیشتنانەی باسکردبوو)، بەڵام وردەوردە ئەرستۆ زیاترو زیاتر گەیشتە دڵنیایی کە لە جیهانێکی واقعییدا دەژی و لە تێڕوانینی ئەفڵاتون دوورکەوتۆتەوەو مەودای گرتووە.

بەتێپەڕبوونی ساڵان ئەرستۆ بەکردەوە فەلسەفەی ئەفڵاتونی ئاوەژوو کردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێڕوانین‌و تیۆرە میتافیزیکییەکانی ئەو بەئاشکرا لە دیدو تێڕوانینەکانی ئەفڵاتونەوە وەرگیراون، لەکاتێکدا کە لەدیدی ئەفڵاتوندا فۆڕمەکان کۆمەڵێک ئایدیا بوون کە بوونێکی سەربەخۆو جیا (لەجیهانی ئێمە)یان هەبوو، ئەرستۆ فۆڕم (یان وەک خۆی ناوی نابوو گشتەکان)ی زیاتر وەکو وێنەی بوونەوەری ناو جەوهەرەکانی جیهان لێکدەدایەوەو سەیری دەکردن و بوونێکی سەربەخۆی بۆ دانە دەنان.

ئەرستۆ ژمارەیەک بەڵگەی هەڵتەکێنەری سەبارەت بەڕەتدانەوەی تیۆری ئەفڵاتون خستەڕوو، بەڵام وەک پێدەچێ ئاگای لەوە نەبووبێ کە ئەو رەخنەگرتنانە بەهەمان ئەندازە بنچینەی تیۆری (گشتەکان)ی خۆیشی هەڵدەتەکێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا پێناچێ کەسێکی تریش تێبینی ئەوەی کردبێ. لەکۆتاییدا تیۆرو تێڕوانینەکانی ئەفڵاتون بەگشتی لەقاڵبی ڕێنوێنی‌و تەعالیمە هەموارکراوەکانی ئەرستۆ وەکو فەلسەفەی باڵادەستی جیهانی سەدەکانی ناوەڕاست جێگیر بوو.

خۆشبەختانە زۆر خاڵی ناڕۆشن و دژبەیەکی ئاشکرا لە نوسینەکانی ئەرستۆدا هەن، کە ئەمە خۆی پاساوێکی بۆ باس و مشتومڕی فراوان خستە بەردەستی بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست، کۆمەڵێک باس و مشتومڕ، کەلە لێکدانەوەو طێڕوانینە لێک جیاوازەکاندا هەڵقوڵابوون. هەمان ئەو مشتومڕو دەمە تەقێیانەی سەبارەت بەهەڵەکان، داهێنراوەکان، باوەڕە چەوتە تێکدەرەکان‌و شیکردنەوە نادروست و شەیتانیەکان بوون، کە چەمک‌و تێگەیشتنی فەلسەفەیان بەزیندویی دەهێشتەوە، ئەویش لەسەردەمێکدا،

کە بەگشتی کاروباری فەلسەفە بەکردەوە دامرکابووەوە (یان دەشێ بڵێین بەدەربڕینێکی دروست تر چووبووە نێو قۆناغێکی دوورو درێژتر، قۆناغێکی لەو جۆرەی کە ریپ ڤان وینکل بەسەری بردبوو). هەندێ لەو باوەڕەدان کەزۆرێک لەو مشتومڕو دەمەتەقێیانە سەرچاوەیان لەهەڵەی نووسەرە سادەکانو دانەرانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە گرتووە. ئەو هەڵانە لەبەرئەوە روویاندەدا کەکۆپی نوسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەپێی، مەزەندەی خۆیان کۆمەڵێک وشەو زاراوەیتریان لەجێی کۆمەڵێک وشەو زاراوەی ناڕۆشنی ناو سەرچاوە ئەسڵیەکان، کە ئیدی ئەو سەرچاوە ئەسڵیانە ببوونە کتێبی پەڕپوت و کرم خواردوو دڕاو، دادەنا.

ئەفڵاتون لەساڵی (347)ی پێش زایین دنیای بەجێهێشتو سەکۆی سەرۆکایەتی ئەکادیمیا بێ سەرۆک مایەوە. شەش کەس لە شایستەترین هاوکارەکانی ئەفڵاتون گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی، کەتەنها یەک کەس بۆی هەیەو مافی وەرگرتنی ئەو پۆستە ناودارو ئابڕومەندەی هەیە. بەداخەوە هەریەک لەو شەش کەسە کەسێکی جیا لەوانی تری بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە لەمێشکدابوو (کە هەڵبەتە خۆی بوو). ئەرستۆش لەو بارەیەوە لەوانی تر جیاواز نەبوو. لەکۆتاییدا (ئەسپۆسیپۆس)ی کوڕە مامی ئەفڵاتون گەیشتە ئەو پۆستەو ئەمە بووە مایەی بێزاری ئەرستۆ. وەک چۆن ئەوە بەناوبانگە، ئەسپۆسیپۆس کەسێکی زۆر توندو ناهەموار بوو، بەڕادەیەک کە ڕۆژێک سەگەکەی خۆی بەتاوانی وەڕین لەکاتێک دەرسدانەوە بەزیندوویی فڕێدایە نێو بیرێکی ئاو. ناوبراو دوای ئەوەی لەپێکداهەڵشاخانێک لەگەڵ (دیوژن کەلبی) لە (ئاگۆرا) زۆر خراپ لەلایەن خەڵکەوە سوکایەتی پێکرا، لەکۆتاییدا خۆی ئامرازی راحەتی مردنی خۆی فەراهەم کرد. ئەسپۆسیپۆس بەهیچ شێوەیەک لەڕووی هزریەوە هاوشێوەی ئەفڵاتون نەبوو، ئەو ئەفڵاتونەی کە چەمکو ئەعلیمانەکانی بوون بەژێربنای هەرجۆرە بیرکردنەوەیەکی عەقڵی، جیدیی لەدووهەزار ساڵی دواییدا. کاتێک کە ئەسپۆسیپۆس سەرۆکایەتی

ئەکادیمیای گرتە ئەستۆ، ئەرستۆ بەسەرودڵێکی زۆر نیگەران ئەسینای بەجێهێشتو (کسنوکراتس)ی هاوڕێشی (کە ئەویش یەکێکی تر بوو لە کاندیدە دڵشکاوەکانی پۆستی سەرۆکایەتی) لەو سەفەرەیدا لەگەڵیدابوو.

ئەرستۆ بەسواری کەشتی بەدەریای ئیجەدا تێپەڕیو چووە (ئاتارنیوس) کە سەردەمی لاوێتی خۆی تیادا بردبووە سەر. فەرمانڕەوای ئاتارنیۆس لەوسەردەمەدا خواجەیەک بوو بەناوی (هەرمیاس) و بەکرێگیراوێکی یۆنانی بوو کە توانیبووی ئەو گۆشەیە لەئاسیای بچوک، بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. هەرمیاس زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەوەی، کە لەئەکادیمیادا بینیبووی‌و کاتێک کە ئەرستۆ گەیشتە ئاتارنیۆس بەباوەشی ئاوەڵا چووە پێشوازیکردنی. هەرمیاس بڕیاری ئەوەی دابوو، کە ئاتارنیۆس بکاتە ناوەندێک بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی یۆنانی‌و ئەرستۆ دەست بەکاربوو، تا لەبارەی باشترین رێگا بۆ ئەنجامدانی ئەوکارە هەرمیاس رێنوێنی بکات.

فەلسەفەی سیاسی ئەرستۆ، بەگشتی لەخۆگری شرۆڤەو هەڵسەنگاندنی سیستمە جۆراوجۆرە حکومەتیەکان‌و ئـەوەی کەچۆن چۆنی دەتوانرێ ئەو سیستمانە بەباشترین شێوە بەکاربهێنرێن بوو. تێگەیشتنی ئەرستۆ لەزانستی سیاسی تێگەیشتنێکی قوڵبوو. ئەمە بووەهۆی ئەوەی کەتەواو بەپێچەوانەی ئەفلاتون کەدیدێکی ئایدیالیستیانەی بۆ سیاسەت هەبوو، تێڕوانینیەکی پڕاگماتیستی، یان کرداریانە بگرێتە بەر. ئەفلاتون لەکتێبی (کۆمار)دا ئەوەی شیکردبووەوە کە فەیلەسوف - فەرمانڕەوا دەبێ چۆن چۆنی فەرمانڕەوایی نمونە شار یان (شاری شکۆدار)ی ئەو (کە وەکو هەر نمونە شارێکی تر لەڕاستیدا شتێک نەبوو، جگەلە حکومەتێکی زۆردارانە)بکات، بەڵام ئەرستۆ بەپێچەوانە باسی دەکرد کە حکومەتێکی راستەقینەو کرداری چۆن کاردەکات و هەنگاو دەنێ‌و لەو زەمینەیەدا، هێڵە گشتیەکانی شێوازە کاریگەرەکانی هەنگاونان‌و کارکردنی کە کەم تازۆر زۆربەیان لە (فەلسەفەی سیاسی)ی ماکیاڤیلیدا بەدی، وێنا دەکردو دادەڕشت.

ئەرستۆ بەچاکی لەگەڵ کاروبارو پرسی سیاسەتدا ئاشنابوو وئەوەشی دەزانی، کەبۆ ئەوەی سیاسەت بەڕاستی سوودێکی هەبێ، دەبێ کاراو کاریگەر بێ. ئەمە بەو مانایە نییە، کە ئەو هەڵگری هیچ چەشنە ئامانجێک نەبووبێ. بەگشتی بیروباوەڕی ئەرستۆ ئەوە بوو، کە ئامانجی حکومەت پــەروەردەو پێگەیاندن، داکۆکیکردنە لەدەستەیەک لە مرۆڤە ڕێــزدارو هۆشیارەکانی وەکو خۆی، هەرچەندە ئەوەشی قبوڵ دەکرد کە ئەمە هەموو دەم مەیسەر نییە، بۆ نمونە بۆ بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی حکومەتێکی زۆردارانە فەرمانڕەواکەی دەبێ وەکو کەسێکی زۆردار رەفتار بکات. لەو حکومەتە پۆلیسیەدا جێیەک بۆ بژاردەو کەسە هۆشیارو زانستخوازەکان جێی مەبەستی ئەرستۆ نییە، ئەگەرچی لەنوسینێکی تردا، ئەرستۆ ئەوە باس دەکات کەڕێگایەکی تریش بۆ بەڕێوەبردنی سیستمی زۆردارانە هەیە: کەسی زۆردار دەتوانێ حاڵەتێکی ئاینی لەخۆ بگرێو سیاسەتێکی نەرمو مامناوەندیانە هەڵبژێرێ.

هەندێ لەو باوەڕەدان کەڕەنگە ئەرستۆ لەکاتێک ڕێنوێنی کردنی هەرمیاسی زۆردار ئەو دیدو شێوازە نەرمو مامناوەندیەی گرتبێتە بەر. بەڕای من ئەو گریمانەیە راست نییە، هەڵبەتە مەبەستی من ئەوە نییە بڵێم ئەرستۆ شێوازە پێشنیازکراوەکانی، خۆی بۆ پاراستنی قەوارەی حکومەتی زۆردارانــە، موو بەموو راگەیاندبێو ئەنجامی دابێ، ئەو شێوازانەی کە بەدرێژی باسیکردونەتەوەو خوێندنەوەیان مووی لەشمان راست دەکەنەوە، لەدیدی ئەرستۆدا ئەگەر ئێوە بتانەوێ بەچاکی توانای بەڕێوەبردنی سیستمێکی زۆردارانەتان هەبێ، پێویستە کە بەدەستی پۆلاییینەوە بەڕێوەی بەرن. هەموو جۆرە چالاکییەکی ئازادانە دەبێ قەدەغە بکرێو خەڵکی دەبێ لەناو ترسو هەراسو هەژاریدا ژیان بگوزەرێننو بۆ بنیاتنان وجێگیربوون دەبێ رێو شوێنو بناغەی گەورەی یادگاریی بەکاربهێندرێن، هەروەها پێویستە خەڵکی ماوە ماوە بەهەڵگیرساندنی جەنگو شەڕوشۆڕ سەرگەرم و خەریک

بکرێ، تا هەمیشە گوێ قوڵاغ بمێنێنەوەو پێویستی هەبوونی ڕێبەرێکی بەهێزو دەسەڵاتداری لە مێشکدا تۆمار بێت. (ئەو هەڵسەنگاندنەی ئەرستۆ، بەردەوام بابەتیبوونی خۆی لە(فەیلەسوف- فەرمانڕەوا)ی ئەفلاتونەوە، تا سەدام حوسێن پاراستووە).

ئەرستۆ لەساڵەکانی دواتر، گۆڕانی لە فەلسەفەی سیاسی خۆیدا ئەنجامداو زیاتر پەرەی پێداو فراوانیکرد، پێدەچێ ئەو کاتەی کە مامۆستای هەرمیاس بوو، هێشتا پابەندی راوتێڕوانینەکانی ئەفلاتون لە کۆمار بووبێ. ئەگەر ئەو بۆچوونە دروست بێ، لەوانەیە ئەرستۆ چەمکی (فەیلەسوف- فەرمانڕەوا)ی ئەفلاتونی بەشێوەیەکی وردو ژیرانە، هەموارو رێکخستبێتەوە. پێویست ناکات کە فەرمانڕەوای زۆردار - خواجەیەکی (وەک هەرمیاس) ببێتە فەیلەسوف، بەڵکو لەجیاتی ئەوەی فەیلەسوف بێ هەر ئەوەندە پێویستە کە پەیڕەوی لەئامۆژگاریو راوێژی فەیلەسوفێک بکات.

ئەرستۆ لەتەمەنی کەوتنە نێوساڵیەوە نزیک دەبـووەوە، وێڕای رواڵەتی پۆشتەو پەرداخی بەڕادەیەکی بەرچاو، لەو جۆرە مرۆڤانە لەقەڵەم دراوە، کە نەریت و هەڵسوکەوتی مامۆستایانەو وشکو جدیان هەیە. لەو دەمەدا ئەرستۆ بۆ غافڵگیرکردنی هەموو ئەو کەسانەی کەئەویان دەناسی، بوو بەعاشق. دڵخوازەکەی کچێکی گەنج بوو بەناوی (پوتیاس). وەک ئەو تێڕوانینە بەناوبانگە ئەو کچە ئەندامێکی بنەماڵەی هەرمیاس بووەو هەندێک پێیانوایە، کەپوتیاس خوشکی هەرمیاس بووە و هەندێکی تر بەکچی خوازراوی هەرمیاسی دەزانن. دەستەیەکی تر لەو سەرچاوانە کە شایانی متمانەن دەڵێن، کە لەبنەڕەتدا دڵخوازی (معشوقە)ی هەرمیاس بووە (کە بە لەبەر چاوگرتنی رەوشی سێکسی هەرمیاس، بێگومان مەعشوقەیەکی تەشریفاتی بووە). ئەو قسە دژ بەیەکانە ئەو ئەگەرە بەهێزدەکەن، کە ئەو مەعشوقەیەکی دەرباری بووە. ئایا ئەمە یەکەم حاڵەتی دڵ بەستەیی مامۆستای شەیدای ئەو فریشتەیە بووە؟

ئەوەی کەدەتوانین لەقسەکانی ئەرستۆ هەڵیبهێنجین ئەوەیە، کە پۆتیاس ئەو کاتەی بۆتە هاوسەری ئەو، کچ نەبووە. (کاتێک کەدوو کەس بەڕاستی دەبنە هاوسەری یەکترو پێکەوە زەماوەند دەکەن و خۆیان بەژنو مێرد ناوزەد دەکەن، زۆر کارێکی چەوتە کە مێرد، یان ژن لەگەڵ یەکتردا وەفادار نەمێننەوە). ئەوەی کە ئەو لایەنگری لەپەیوەندی ئازادانەی پێش هاوسەرگیری دەکاث، لەمانای دەربڕینەکەدایە. ئەو قسەیە لەبابەتەکانی ئەرستۆ سەبارەث بەزیناکردن بەدی دەکرێث. واپێدەچێ کە لەوجۆرە پرسە کەسیو تایبەتیانەدا ئەرستۆ عادەتی بووبێ، کە ئەزمونە ناڕادەیەک سنوردارەکانی خۆی گشتگیر بکاث، لە بابەتەکانی خۆیدا سەبارەث بەپرۆسەی هاوسەرگیری ئەوە دەڵێ کە گونجاوترین تەمەنی هاوسەرگیری بۆ پیاو سیوحەوثساڵو بۆ کچانیش هەژدە ساڵە، کە ئەو دوو تەمەنە هەمان تەمەنی ئەوکاتێک هاوسەرگیری ئەرستۆو پۆتیاسە. هەرچەندە رەنگە ئەرستۆ بەهرەی زۆری لەهۆشو زیرەکی هەبووبێ، بەڵام خەیاڵ هەمیشە لە تایبەتمەندیە بەرجەستەکانی کەسایەتی ئەو نەبووە. ئەمەشیان یەکێک لەتەنزەکانی رۆژگارە کە ئەرستۆ دوور لە ناسکیو هەستی شاعیرانە لەکتێبی (هونەری شیعر)دا شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنێکی ئەوتۆی لەبارەی ئەدەبیاتەوە خستۆتە بەردەست، کەتا ئەوکاث هاوتای نەبووە، لەکاتێکدا کە ئەفلاتون، بەپێی پلەبەندی شاعیرترینی فەیلەسوفان بووە، فەرمانی قەدەغەکردنی چالاکی شاعیران دەداث. (خوا دەزانێ کە ئەفلاتون بەو فەرمانەی هەوڵی شاردنەوەی چ شتێکی هەبووە). شیعر لای ئەرستۆ بەهاو شکۆیەکی بەرزی هەبوو و لەو باوەڕەدابوو کە بەهای شیعر لەمێژووش زیاترە، چونکە شیعر فەلسەفی ترە.

مێژوو تەنها لەگەڵ واقعیی لاوەکی سەروکاری هەیە، لەکاتێکدا شیعر لەپرسی گشتی نزیکترە. لێرەدا واپێدەچێ کەئەرستۆ پێشێلی جیهانبینی خۆی بکاتەوەو لایەنگری لەجیهانبینی ئەفلاتون دەکاث، بەڵام ئەو دەربڕینە

بەناوبانگەی ئەرستۆ سەبارەت بەوەی تراژیدیا (وێنای کۆمەڵێک رووداو دەکات، کە دەبێتە مایەی وروژاندنی هەستی بەزەییو ترس لەئێمەدا، تا بەم شێوەیە ئەوجۆرە سۆزانە چەکەرە بکەنو پێبگەن) هەروا لەئاست و پایەیەکی بەرچاو و ڕوونی گرنگ، سەبارەت بەئەزمونی تەکاندەر، بەڵام پرسهێنەرو دژواری نمایشی تراژیدیا، دەمێنێتەوە.

ئەرستۆ خاوەنی کەسێتییەکی بیرقوڵ و جدیی بـووە، کاتێک باسی کۆمیدیا هاتە گۆڕێ هیچی لێنەگەیشت. ئەو پێیوابوو کە کۆمیدیا تەقلیدێکی خەڵکی دەست کورتەو تەنزو شتی پێکەنیناوی شتێک نییە، بێجگەلە وێنەیەکی بێ دەردەسەری دزێو. جوانناسی، هەر تەنها دەتوانێ ئەو پشێویەی رێکبخاتەوە، کە هونەر هێناویەتیە ئاراو تیۆریزەکانی کۆمیدیا توشی چەوتکاریەکی گەورە دەبن.

ئەرستۆش لەوبازنەیە بەدەرنییە، لەوێڕا کە دەڵـێ: «لەیەکەم دەستپێکدا دەبێ بڵێین، کۆمیدیا بە بەشێکی جیدیی لەقەڵەم نادرێ».

هێشتا وەختێکی زۆر بەسەر زەماوەندەکەیاندا تێنەپەڕیبوو، کە ئەرستۆ قوتابخانەیەکی لە(ئاسوس) دامەزراند. سێ ساڵ دواتر چووە (موتلینە) کە دەکەوێتە دوورگەی (لسبوس)و لەوێدا قوتابخانەیەکی تری کردەوە. ئەرستۆ بەر لەوکاتە زۆر سەیر خولیای چینبەندی گیاوگوڵ و گیانداران ببوو. یەکێک لەو ناوچانەی بۆ پەیداکردنی نمونەکانی گیانداران و گیاکان زۆر بەدڵی بوو بریتی بوو لەکەنارەکانی کەنداوی (یەرا) کە کەم تازۆر، ناوچەیەکی وشکانییە و هێشتاش ئاوە گەرم و شینباوەکانی داوێنی کێوی ئۆلەمپ، بەهەمان ئەندازەی رۆژگاری ئەرستۆ جوانو بەسەفان، لە وەرزی بەهاردا داوێن و قەدپاڵەکان بەفەرشێکی جوانو رازاوەو نەخشێندراو بەگوڵ و گوڵاڵەی رەنگاوڕەنگ دادەپۆشرێنو لەڕۆژگاری ئەرستۆدا، بێگومان گیاندارانی وەکو گورگ و بەرازی کێویو گوێ رەشو تەنانەت ورچیش لەو قەد پاڵانەدا ژیاونو هەبوون: یەکەم بەهەشتی سروشتناسی بۆ یەکەم سروشتناس.

ئەرستۆ لە بەرهەمەکانی خۆیدا، دەربـارەی سروشت بەدوای دۆزینەوەی چینو جۆرەکانی (گیاییو گیانداری)ییەوە بوو، بەڵام پانتایی پڕاوپڕی لێکۆڵینەوەکانی ئەویان لەنێو خۆدا نقوم کرد. لەو توێژینەوانەیدا گەیشتە ئـەوەی کە سروشت ئامانجدارەو هەریەک لە تایبەتمەندیە گیانداریەکان بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی تایبەت فەراهەم کراون. ئەو دەیوت کە: «سروشت کارێکی بێهودەو لەهەوانتە ئەنجام نادات». زیاتر لەدوو هەزارەی درێژە کێشا تا زانستی ژینگەناسی توانی تەنها یەک هەنگاوی واقعیی بەدوای ئەو تێڕوانینە هەڵبهێنێو ئەو هەنگاوەش تیۆری پێگەیشتنی داروین بوو.

لەو سەردەمەدا ئەرستۆ وەک بیرمەندێکی پێشەنگ لەسەرانسەری یۆناندا ناوبانگی دەکردبوو. (فیلیپی مەکدۆنی) تازە یۆنانی گرتبوو توانیبووی دەوڵەت- شارەکانی یۆنان، کە لەگەڵ یەکتر ناکۆکبوون بۆ یەکەم جار لەچوارچێوەی یەک دەوڵەتدا یەکبخات.

فیلیپ داوای لەئەرستۆ کرد، کە پەروەردەو پێگەیاندنی تایبەتی کوڕە نەوجەوانو سەرکێشەکەی ئەو بگرێتە ئەستۆی خۆی، لەبەرئەوەی کەپێشتر باوکی ئەرستۆ دۆست و پزیشکی تایبەتی باوکی فیلیپ بوو، ئەرستۆ بەیەکێ لەئەندامانی بنەماڵەی ئەوان دەژمێردرا. بەم پێیە ئەرستۆ بەئەرکی سەرشانی خۆی زانی کەپێشنیازی شاهانە قبوڵ بکات، بەنابەدڵی بەرەو (پێلا)ی پایتەختی مەکدۆنیا کەوتەڕێ.

ئەمڕۆکە پێلا لەکەناری شەقامێکی سەرەکیو پڕ هاتوچۆیە کە لە(تسالونیکی) بەرەو سنوری رۆژئاوای یۆنان درێژبۆتەوەو لە زەوییەکی بەردەڵانو مۆزایککەلێکی لەچەو ولم دروستکراو، نیو جین ستون بترازێ شتێکی تری لێنەماوەتەوە، بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کەئێرە یەکەم پایتەختی یۆنانی کۆنو دواتر دوای ئەوەی کەئەسکەندەری مەزن نەبەردیی خۆی بۆ داگیرکردنی جیهان دەست پێکرد، هەتا دەتوانین بڵێین یەکەم (ودوایین)

پاپنەختی جیهانی ئەوکاتە بوو، سەیرە کە ئەم ناوچەیە سەرنجڕاکێش و دڵگیر نییە.

لەم شوێنەدا لەساڵی (143)ی پێش زایین، یەکێ لە گەورەترین بیرمەند کە جیهان، تا هەنوکە بەخۆیەوە بینیووە، پەروەردەکردن و راهێنانی یەکێ لەگەورەترین سەرشێتە خۆ بەزلزانەکانی کەجیهان تا هەنوکە بەخۆیەوە دیووە گرتە ئەستۆ.

ئەرستۆ تەمەنی (42) ساڵ بوو، ئەسکەندەر تەنها مێرد منداڵێکی تەمەن (13) ساڵ بوو، بەڵام سەرسوڕمانی ناوێ، کەبزانین ئەمە ئەسکەندەر بوو، کەلەکۆتاییدا بەئاسانی ئەرستۆی ناچار بە خۆبەدەستەوەدان کرد. ئەو منداڵە کەللەڕەقە لەماوەی سێ ساڵدا کە خوێندکاری ئەرستۆ و لەگەڵ ئەرستۆ بوو، تەنانەت یەک وشەش لە مامۆستا تایبەتیەکەی خۆی فێرنەبوو. هەرچۆنێک بێت ئەمە ئەو شتەیە کە لە گێڕانەوەکاندا هاتووە. ئەرستۆ لەوباوەڕەدابوو، کە یۆنانیەکان لەهەموو نەژادەکانی تر بەرزترن، لەدیدی ئەو باشترین فەرمانڕەواو رابەر قارەمانێکی هۆمێری وەکو (ئاشیل)ە کە عەقڵ و ژیریەکەی، لە دوا پێشکەوتنەکانی شارستانیەتی یۆنانی تێراو بووبێت، هەروەها ئەرستۆ لەوباوەڕەدابوو کە لە ویژدانو ناخی مرۆڤدا، توانایەک بۆ جیهان خستنەژێر کۆنترۆڵ و رکێفی خۆی هەیە. ناتوانرێ نکوڵی لەوە بکرێ، کە کەسایەتی ئەسکەندەر لێکچوونێکی سەیری لەگەڵ ئەو پرۆژەی ئەرستۆدا هەبوو، تەنانەت ئەگەر بشێ قبوڵی بکەین، کە دواجار ئەسکەندەر بەتەواوی نەبووە ئەو شتەی کەئەرستۆ دەیویست. هەرچۆنێک بێت ئێمە ئەمڕۆ تەنها دەتوانین بەپێی مەزەندەو گومان سەبارەت بەکاریگەری هزرو زهنی ئەو دووانە، لەسەر یەکتری رای خۆمان دەرببڕین، چونکە بەو پەڕی سەرسامیەوە لەو بارەیەوە شتێکی کەم ئاگادرین.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەرستۆ لە بری ئەو خزمەتەی بەفیلیپی کردبوو، داوایلێکرد کەزێدەکەی، واتە شاری ئەستاگیرا ئاوەدان بکاتەوە،

ئەوشارەی کە لەپڕ لەیەکێ لە نەبەردەکانی ئەو دواییەی فیلیپ لە نیمچە دوورگـەی (هالکیدیکی) لەگەڵ خاک یەکسان ببوو. بەڵگەش هەن، کە ئەسکەندەر لە لەشکرکێشە گەورەکانی خۆی بۆ داگیرکردنی جیهان گیاوگوڵی نائاشنای جۆراوجۆرو باخی ئاژەڵانی دەگمەنو ئەوانەی لای ئەوان نین بۆ مامۆستای پیری خۆی بەدیاری رەوانە دەکردنەوە، بۆ ئەوەی پۆلێنیان بکات. زانستی باخداریو پەروەردەکردنی گوڵ ئەوە دەردەخات، کە گوڵی (سەدتومانی) بەهەمان ئەو شێوەیە بۆ یەکەم جار لەئاسیای ناوەڕاستەوە پێی ناوەتە ئەوروپا، ئەگەر وابێ بەو ئەنجامە دەگەین، کە ئەرستۆ ئەم جۆرەیانی بەهەڵە پۆلێن کردووە: گوڵی (سەدتومانی) لەزمانی یۆنانی کۆندا بەمانای (دەوەنی رەز) ناسراوە.

ساڵی (336)ی پێش زایین فیلیپی مەکدۆنی کـوژراو کوڕە (16) ساڵانەکەی واتە ئەسکەندەر لەسەرتەختی پاشایەتی دانیشت. ئەسکەندەر دوای ئەوەی کەبەخێرایی هەموو داواکارە پێشبینیکراوەکانی تری پاشایەتی رەوانەی ئەو دنیا کرد، لە چەند هەڵمەتێکی بروسکە ئاسای دەستپێکیدا دەستی بەسەر مەکدۆنیاو ئەلبانیاو بولغارستانو ئەوبەری روباری دانوب لەباکورو یۆنان لەباشوردا گرت. (لەسەر رێگاشیەوە -تێبینی- گۆڕی بۆگردێک لەخاکو خۆڵەمێش). دوای ئەوە نەبەردەکانی خۆی بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەموو جیهان، کە لەو سەردەمەدا دەناسرا دەستپێکرد. ئەو جیهانە دەکرێ بڵێین بریتی بوو لەسەرزەویەکانی باکووری ئەفریقیاو ئاسیا، تا دەورووبەری، تاشکەندو باکوری هیندستان. خۆشبەختانە لە وانە جوگرافیەکانی ئەرستۆدا، هیچ ناوێک لەچین نەهاتبوو، وڵاتێک کە لەو رۆژگارەدا لەڕۆژئاوا ئاگاداری هەبوونی نەبوون.

لەوکاتەدا ئەرستۆ گەڕابووەوە ئەسناگیرا، بەڵام بەرلەوەی پێلا بەجێبهێڵێ (کالیستنس)ی برازای خۆی وەکو زاناو لێکۆڵەری دەربار بە ئەسکەندەر ناساندبوو. ئەو سەخاوەتمەندی ئەرستۆ لەئایندەدا کەم تا زۆر

بەگران بۆی شکایەوە. کالیستنس کەمێک دەم لەق بوو، ئەرستۆ بەرلەوەی بەجێیبێڵێ، لەزۆر بڵێیی زیاد لە دەربار هۆشداریدا بوویە، کاتێک کە ئەسکەندەر بۆ نەبەردی جیهانگیرانەی خۆی کەوتەڕێ، کالیستنسی وەکو مێژوو نوسی فەرمی لەگەڵ خۆبرد، بەڵام لەگیروگازی جەنگ لەگەڵ ئێرانیەکان پێدەچێ، کە کالیستنس بەهۆی زۆر بڵێیی خۆی رووبەڕووی تۆمەتی خیانەت بووەوەو دوابەدوای ئەوە ئەسکەندەر خستنیە ناو قەفەسێک کە بتوانرێ هەڵبگیرێ. کالستنس لەکاتێکدا کە پابەپای سەربازەکان قەفەسەکەی رادەکێشرا، لەبیابانە داغەکانی ئێران لە پەلوپۆ کەوت و هەموو گیانی بووە برینو کرمی کەوتنێ. لەکۆتاییدا وایلێهات ئەسکەندەر، ئەوەندە لەبینینی ئەو دیمەنە دڵگران بوو کە لاشەی نیوەگیانی کالیستنسی فڕێ دایە بەردەم شێرێک، بەڵام ئەسکەندەر وەکو هەموو خۆبەزلزانە سەرکەوتوەکان، خاوەنی خەسڵەتێکی بەدگومانانە بوو. ئەو ئەرستۆی بەهۆکاری سەرەکی خیانەتی کالیستنس تاوانبارکرد. دەوترێ کەزۆری نەمابوو ئەسکەندەر حوکمی مەرگی ئەرستۆ دەربکات، بەڵام لەئاخریدا لەجیاتی ئەوە بۆ گرتنی هیندستان کەوتەڕی.

ئەرستۆ دوای ئەوەی کە پێنج ساڵ لەئەستاگیرادا مایەوە، گەڕایەوە ئەسینا، لەساڵی (335)ی پێش زایین (ئەسپۆسیپۆس) کۆچی دوایی کردو پۆستی سەرۆکایەتی ئەکادیمیا جارێکی تر خاڵی بوەوە. کورسی سەرۆکایەتی ئەمجارە بەر (کسنوکراتس)ی دۆستی دێرینی ئەرستۆ کەوت، کە وەک چاوەڕوان دەکرا، کەسێکی وشکو جیدیی بوو، کەسێتیەکی شکۆدارو سەنگینانەی هەبوو، هەرچەند کەجارێک «بەهۆی تواناو لێوەشاوەیی لەمەی خواردنەوە لەجەژنی سبودا، تاجێکی زێڕینی پێبەخشرابوو. کسنۆکراتس بیست ساڵ دواتر لەپۆستی سەرۆکایەتیدا شەوێک نسکۆیەکی بردوو کەوتە ناو چاڵێکی پڕ ئاو و خنکا».

ئەرستۆ لەوەی کە ئەمجارەش سەرۆکایەتی ئەکادیمیای پێنەسپێردرا بەڕادەیەک دڵگران بوو، کە بڕیاریدا خوێندنگەیەکی تر بۆ خۆی بەرکابەری

ئەکادیمیا بنیاث بنێ. ئەرستۆ خوێندنگەکەی خۆی لە وەرزشگایەک لەودیو دیوارەکانی شار لەدامێنی کێوی(لیکابتوس) دامەزراند. ئەو وەرزشگایە لەتەنیشت پەرستگای - ئاپۆلۆ لوسیوس- (ئاپۆلۆ لەڕوخساری گورگ)دا بوو، بۆیە خوێندنگەکەی ئەرستۆ بە(لیسیۆم، یان بوکیون) ناوبانگی درکرد. ئەم ناوە تا ئەمڕۆکەش هەر زیندووەو بە شایستەترین شێوە لەزمانی فەڕەنسیدا بەدەستەواژەی (lycee) واتە (پەیمانگا) درێژە بەژیانی خۆی دەدا، بەڵام بەوردی دیارنییە، کەبۆچی ناوی خوێندنگەی پلە یەکەمی ئەرستۆ دەبێ لەناوی هۆڵەکانی سەما، یان تەماشاخانەکانیشدا زیندوو رابگیرێ.

گومانی تێدانییە کەلە خوێندنگەی ئەرستۆدا لەو سەردەمەدا زۆر رشتەی جیاجیا خوێندراون، بەڵام سەمای دوو کەسی کلاسیکو وەرزشیانە، لەسەدەی بیستەم و لەباکوری ناوەندی ئەمەریکا بووە، شێوازێکی پوختەی ئەکادیمیانە.

لێکچوونی خوێندنگەی ئەرستۆ بەزانکۆی ئەم سەردەمە، زۆر زیاتربوو لەچاو ئەکادیمیای ئەفلاتون. خوێندکاران هەردە رۆژ جارێک لەناو خۆیاندا رێبەرێکی نوێیان بۆ ئەنجومەنی خوێندکاری هەڵدەبژارد، کۆلێژە جیاجیاکان بۆ راکێشانی خوێندکاران پێشبڕکێو رکابەریان، لەگەڵ یەکتردا دەکرد، تەنانەت هەندێ جارهەولی وا دەدران، کەبۆ پۆلەکان بەرنامەی کاتی دیاریکراو دابڕێژرێ. لیسیۆم توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی لەبواری زانستە جیاجیاکان ئەنجام دەداو دەیگرتە ئەستۆ، ئینجا ئەنجامەکانی دەخستە بەردەستی خوێندکاران. ئەکادیمیای ئەفلاتون زیاتر پێی خۆشبوو، کەخوێندکارەکانی لەبواری زانستی سیاسەت و یاساکان بەباشی رابێنێ و پەروەردە بکات، بۆ ئەوەی بتوانن ببنە فەرمانڕەوایانی ئایندەی دەوڵەت-شارەکان.لیسیۆم (ئێم.ئای.تی= کورتکراوەی ئنیستیتیوی تەکنەلۆژیای ماساچوست) یان تەنانەت دامەزراوەی پێشکەوتووی (institute of advanced studies)ی ئەم سەردەمە بوو، بەڵام ئەکادیمیا زیاتر لەزانکۆی سۆربۆن، یان ئۆکسفۆردی سەدەی نۆزدەهەم دەچێ.

جیاوازیەکانی نێوان لیسیۆم لەگەڵ ئەکادیمیا، بەتەواوی دەرخەری جیاوازیەکانی نێوان فەلسەفەی ئەرستۆو ئەفلاتون بوو، لەکاتێکدا کە ئەفلاتون کتێبی (کۆمار)ی دەنوسیەوە، ئەرستۆ ئەوەی بەباشتر دەزانی کە کۆپی یاسا بنەڕەتیەکانی دەوڵەت- شارەکانی یۆنان کۆبکاتەوەو باشترینی بابەتەکان گوڵبژێر بکات. لیسیۆم خوێندنگەیەک بوو، کە ئەوکاتەی دەوڵەت- شارەکان دەیانویست یاسایەکی نوسراوی تازەیان لە بەردەستدابێ، رویان دەکردە ئەوێ. کەسێک لەهەوڵی بەرپاکردنی کۆمارەکەی (ئەفلاتون)دا نەبوو، بەداخەوە توێژینەوەی هەمەلایەنەی ئەرستۆ لەبواری سیاسەتدا، بەرلەوە بەکردەوە شتێکی بێهودە دەرچوو بوو و هۆکارو دروستکەری ئەو بارەش کەسێک نەبوو، جگەلە خراپترین قوتابیەکانی ئەو، واتە ئەسکەندەر. رووخساری جیهان خەریک بوو بۆ هەمیشە بگۆڕێ. ئیمپراتۆریەتی نوێی ئەسکەندەر ئامادەکاریەکانی کۆتایهێنان بەتەمەنی دەوڵەت- شارەکانی فەراهەمدەکرد، وەک چۆن ئەمڕۆکەش دەبینین یەکێتیە کیشوەریەکانی (وەکو یەکێتی ئەوروپا) بۆی هەیە زەنگی مەرگی دەوڵەتە سەربەخۆ نەتەوەییەکانی لێبدا، نەک تەنها ئەرستۆ، بەڵکو هیچ کام لەو رۆشنبیر و بیرمەندە زۆرانەی لەخوێندنگەکانی ئەسینا لەتەک یەکتری کۆبببوونەوە، هەستیان بەگرنگی ئەو گۆڕانە مێژووییە مەزنە دەکرد، غەفڵەتی ئەوان هاوسەنگی غەفڵەتی رۆشنبیرانی سەدەی نۆزدە لە مارکسەوە بگرە، تا نیتچەبوو کە نەیانتوانی باڵادەستی دیاردەیەک بەناوی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا پێشبینی بکەن.

ئەرستۆ سروشتی وابوو، کە وانەو وتارەکانی لە لیسیۆم لەکاتی هاتوچۆدا لەگەڵ خوێندکارەکانیدا بڵێتەوە، بۆیە پەیڕەوکارانی قوتابخانەی ئەو بەهاتوچۆکەر (مەشایی=peripatetic) ناویان دەرکرد (واتە کەسانێک کە پیاسە دەکەن یان، هاتوچۆ دەکەن)، بەڵام هەندێکی تر لەو باوەڕەدان

که ئەوان لەبەرئەوە بەو ناوە ناوبانگیان درکرد کە مامۆستاکەیان لەناو چوار دیوار، یان ڕاڕەوی سەرداپۆشراو و یاریگاکان وانەی دەوتەوە (کە ناویاننان پێری پاتۆس = peripatos).

بنیاتنانی زانستی لۆژیک بۆ ئەرستۆ دەگێڕنەوە. (دوو هەزار ساڵی زیاتر درێـژەی کێشا، تا لۆژیکزانێکی تری هاوتای ئەرستۆ خۆی دەرخست)،هەروەها ئەو میتافیزیکیناسێکی کەم تازۆر هاوتای ئەفلاتون بوو، لە زەمینەی زانستی ئەخلاق و ئەپستمۆلۆژیادا پێش مامۆستاکەی کەوتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەو دەستکەوتە پڕ بەهایانە، ئەفلاتون، وەک بیرمەندێکی نوێکارو داهێنەر کەمێک لەو بەرزترە. ئەگەرچی ڕەنگە ئەرستۆ وەڵامەکانی دۆزیبێتەوە، بەڵام ئەوە ئەفلاتون بوو کە ئەو پرسیارە بنەڕەتیانەی دۆزینەوەو خستنیەڕوو کە پێویستە لەدەستپێکدا بخرێنەڕوو.

بەرجەستەترین دەستکەوتی ئەرستۆ لەبواری لۆژیکدا بوو. لەڕاستیدا ئەو بەدامەزرێنەری ئەم بەشەی مەعریفە دەژمێردرێ. ئەرستۆ لۆژیکی بەپایەو بنەمایەک دەزانی کەهەموو جۆرە مەعریفەیەکی لەسەر دانراوە. ئەفلاتون پێشتر درکی بەو پرسە کردبوو، کە وەدەستهێنانی مەعریفە لەڕێی دیالێکتیکەوە (واتە وتوێژێک بەشێوازی پرسیارو بەرسڤدانەوە) مەیسەرە، بەڵام ئەرستۆ بوو کە بەدۆزینەوەی پێوانەی شێوەیی (syllogism) ئەو شێوازەی بەرجەستەکردو پەرەی پێدا. بەبڕوای ئەرستۆ پێوانەی شێوەیی بریتییە لەوەی کە (کاتێک کۆمەڵێک شتی دیاریکراو دەخرێنەڕوو، دەشێ ئەوە نیشان بدرێ، کەشتێکی تر جگەلەوانەی خراونەڕوو، لەئەنجامی ئەوانە دەربکەوێ)، بۆنمونە ئەگەر دوو دەستەواژەی خوارەوە بخەینەڕوو:

«هەموو مرۆڤەکان لەنێو دەچن هەموو یۆنانیەکان مرۆڤن»

دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە: هەموو یۆنانیەکان لەنێودەچن

ئەم بەرئەنجامە لەڕووی لۆژیکیەوە شتێکی پێویستو حاشا هەڵنەگرە. ئەرستۆ جیاوازی لەنێوان هەموو جۆرە جیاجیاکانی پێوانە شێوەییەکان

دادەنـا، لەناویاندا (حوکمە سلبییەکان)، یان ئەو حوکمانەی کەپانتایی گشتگیریان سنوردارە، بەڵام وێڕای ئەمانەش پێکهاتەی بنچینەیی هەموویان یەکسانە. پێشەکی گەورە بەدوای پێشەکی بچوکدا دێتو ئینجا ئەنجامەکەی بەدەست دێ بەم شێوەیە:

هیچ فەیلەسوفێک نەفام نییە،

هەندێ لەمرۆڤەکان فەیلەسوفن

بەم پێیە هەندێ لەمرۆڤەکان نەفام نین

ڕەنگە ئەوجۆرە بەڵگەکارییە، بۆ شێوەی بیرکردنەوەی ئەمڕۆی ئێمە وەک شێوەیەکی بێهودەیی دەستو پێگیر بکەوێتە بەرچاو بۆی هەبێ کەهەموو جۆرە ئەندێشەیەکی شێواو و ناجێگیری لێبکەوێتەوە، بەڵام لەڕۆژگاری خۆیدا ئەو شێوە بەڵگەکاریە، بازدانێکی بێ ئەملاولای لەبیرکردنەوەی مرۆڤدا هێنایە ئاراوە. بازدانێکی ئەوەندە گرنگ کە پێشترو دواتر، هیچ پێشکەوتنێکیتر پێشی نەکەوتۆتەوە. ئەم قسەیە بەو مانایە نییە، کە ئەو شێوەیە بێ هەڵەو کەمو کورتی بێت، بۆنمونە سەرنج لەو پێوانە شێوەییەی خوارەوە بدە:

هەموو ئەسپەکان ئاژەڵن

هەموو ئەسپەکان سمیان هەیە

بەم پێیە هەندێ لەئاژەڵەکان سمیان هەیە.

ئەم بەڵگەکارییە تەنها بەو مەرجە بەهادارە، کە شتێک بەناوی ئەسپ بوونی هەبێ، بەهەمان شێوە پێوانەی شێوەیی خوارەوە، کە هەمان پێکهاتەی هەیە:

هەموو ئەسپە تاک شاخەکان«1» ئەسپن

هەموو ئەسپە تاک شاخەکان شاخیان هەیە

بەم پێیە هەندێ لەئەسپەکان شاخیان هەیە.

«1»گیاندارێکی ئەفسانەییە لەشێوەی ئەسپ کەشاخێکی لەناوەڕاستی نێوچاواندا هەیە. (و.ف)

ئەرستۆ لۆژیکەکەی خۆی ناونا (ئانالوتیکا) کەبەمانای (شرۆڤە)یە.
هەر جۆرە زانستێک وهەر لقێک لەمەعریفە دەبوا لەکۆمەڵێک لەبنەما سەرەتاییەکان، یان (راستی ئاشکرا = axioms)ەوە دەست پێبکات و سەرچاوە بگرێ. دەتوانین راستیو دروستی ئەو زانستە لەو بنەما سەرەتاییانە، یان لەو بنەما راستیە ئاشکرایانە بەسود وەرگرتن لەلۆژیک هەڵبهێنجین (یان شرۆڤە) بکەین. ئەو بنەما سەرەتایی، یان راستیە ئاشکرایانە پانتایی چالاکیو بەکارهێنانی بابەتەکە دیاری دەکەنو لەتوخمە بێهودە، یان نەشیاوەکانی جیادەکەنەوە، بۆنمونە ژینگەناسیو هونەری شاعیری لەدەستپێکو پێشەکیەک دەست پێدەکەن، کەجیاوازن لەیەکتر. بەمپێیە گیاندارانی ئەفسانەیی بابەتی ژینگەناسی نینو پێویست ناکات ئەو زانستە بەشێوەیەکی ئۆرگانیک دابڕێژرێ. ئەو تێڕوانینە لۆژیکیە سەرجەم بوارەکانی مەعریفەی ئازادکردو ئەو توانایەی پێبەخشین کەهەموو کۆمەڵە تازەکانی راستی بدۆزێنەوە. لە دوو هەزار ساڵی دواتردا، هەمان ئەو پێناسانە خۆیان گۆڕان بۆ چەمکی داخراو و سنوربەند ئامێزو رێگای بەردەم پێشکەوتنی مەعریفەی مرۆڤیان گرت.

لەماوەی تێپەڕبوونی کۆمەڵێک سەدە، فەلسەفە هەمان بیرکردنەوەو تێڕوانینی ئەرستۆ بوو، لەسەدەکانی ناڤین ئەندێشەی ئەرستۆ بەسروشی دابەزێندراو (وحی منزل) درایە قەڵەم و رێگای بەردەم پێشکەوتنو پەرەسەندنی رۆژ دوای رۆژی(بوارەکانی مەعریفە)ی بەست. رەنگە بیرکردنەوەی ئەرستۆ تەلاری هزری جیهانی سەدەکانی ناوەڕاستی بنیات نابێ، بەڵام هەڵەکە لە ئەرستۆوە نەبوو کە ئەو تەلارە سەرەنجام بگۆڕێ و ببێتە زیندانێک.

ئەرستۆ ئەگەر بمابایە هەرگیز رێگای بەمە نەدەدا، لە گۆشەو کەناری نوسینەکانی ئەرستۆدا ناسازگاریو کۆمەڵێک دووفاقی بەرچاو دەکەون کەنیشانەی هزرێکی هەردەم بەدواداگەڕان وچالاکە.

ئەو شرۆڤەو توێژینەوەی لەچۆنێتی کاروبارو ڕەوتی ڕاستەقینەی جیهانی بوون، لە تێڕوانین و ڕادەربڕینی پەتی لەبارەی گرنگی و سروشتی ئەو جیهانە بەباشتر دەزانی. تەنانەت هەڵەکانی ئەرستۆ زیاتر مۆرکێکی شاعیرانەیان هەیەو نیشاندەری تێڕوانینێکی شاعیرانەن، بۆنمونە لەوەی کەدەڵێ (توڕەیی، وروژانی خوێنە لەدەوروبەری دڵدا)، یان (ڕەنگی چاو ئاسمان شین دەکات).

ئەو بەپەیڕەویکردن لەنەریتی پەسەندکراوی یۆنانیەکان، پەروەردەو فێرکردنی بەڕێگای پێشکەوتنی مرۆڤەکان دەزانــیو لەو باوەڕەدابوو کەجیاوازی کەسێکی خوێندەوارو هۆشیار، لەگەڵ کەسێکی نەخوێندەوارو ناهۆشیار (بەئەندازەی جیاوازی نێوان زیندوو مردووە)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتنو درکی ئەو لەپێگەو پایەی پەروەردەو فێرکردن تێگەیشتنێکی گەشبینانەی رووکەش نەبوو (پەروەردەو فێرکردن وەکو ڕازاندنەوەیەکە لەسەردەمی ڕەونەقو بەختەوەری، وەکو پەناگەیەکی ئاسایشە لەسەردەمی تاریکی و بەدبەختیدا). ڕەنگە کاری ئەرستۆ هەندێک جار شکۆ نواندنی بەدواوە بووبێ، بەڵام ئەو کۆمەڵێک ئاماژەی هەن، کە نیشاندەری ئەوەن بەش بەحاڵی خۆی تامی ڕەنجو ناخۆشی چەشتوە. ئەرستۆ بە تەمەنی خۆی وەکو مامۆستا مایەوەو هیچ کاتێک لەهەوڵی بەدەستهێنانی پۆستو پلەیەکی دەوڵەتیدا نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەس، تا ئێستا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کاریگەریەکی وا ڕەگدا کوتاوی بەسەر جیهانەوە جێنەهێشتووە.

ئێمە لەو ڕووەوە خۆشحاڵین، چونکە پێدەچێ کە ئەرستۆ پیاوێکی چاکبووبێت. ئەو ئامانجی مرۆڤی لەداخوازی خۆشبەختیو بەختەوەریدا دەبینی، کە لەدیدی ئەودا ئەمە بەواتای بەکردەوە کردنی باشترینی ئەو شتەیە کە ئامادەیی ئەنجامدانیمان هەیە، بەڵام داخۆ ئەو شتە چی بێت کە ئامادەییمان بۆی هەیە؟ لە دیدی ئەرستۆدا عەقڵ بەرزترین هێزی مرۆڤە.

کەواتە (باشترین وخۆشبەختترین مرۆڤ ئەو کەسەیە، کە تا ئەو شوێنەی لەتوانایدا هەیە کاتەکانی خۆی لەپوختەترین چالاکی عەقڵدا خەرج دەکات، کە بریتییە لەووردبوونەوەو رادەربڕین.

ئەم رایە تاڕادەیەکی یەکجار زۆر تێڕوانینێکی مامۆستایانەو بێگەردانەیە لە بارەی چەمکی خۆشبەختی. چێژخوازی سەر لەبەر چوارچێوەو قاڵبی کاری هزریو تیۆریدا. لەو جیهانە راستەقینەیەی کەئێمە تیایدا دەژین، کەمتر کەسێک ئەو تێڕوانینە پشتڕاست دەکاتەوە. (ئەوانەی کە لەو بابەتەدا لەگەڵ ئەرستۆدا هاوڕان پێناچێ لەکەسێکی بی فەرهەنگو بێ هزر کە بەخۆشحاڵیەوە دەبێتە، خاوەنی ئەو پارەو داهاتەی، کەلە پێشبڕکێی تاقیکردنەوەی بەختدا پێی بڕاوە بەختەوەرتربن).

کۆمەڵێک رەخنەی هاوشێوەش لەتێڕوانینی ئەرستۆ لەبارەی ئەوەی کە ئێمە دەبێ هەوڵبدەین ئەوەی لەئێمەدا باشترینە پراکتیزە بکەین گیراوە. دەتوانین ئەوە وەک بەڵگەیەک بێنینەوە کەقوتابییە بەناوبانگەکەی ئەو، واتە ئەسکەندەر هەوڵی دەدا باشترین ئەو شتەی کەئامادەیی ئەنجامدانی هەبوو پراکتیزە بکات و لەو رێگایەشدا بووە مایەی ئازارو مەرگ و کارەسات دژی هەزاران هەزار مرۆڤی بێتاوان، بەڵام دەشێ بەمشێوەیەی خوارەوەش بەڵگەکاری بکەین، کە ئەرستۆ بەدەستەواژەی بەناوبانگی خۆی کەناوی نا (رێژەی میانڕەوی) لەهەوڵی ئەوەدابوو کە رێ لەوجۆرە زیادەڕۆییە ئەخلاقیانە بگرێت.

بەپێی ئەو دەستەواژەیە، هەر شکۆمەندێک رێژەی ناوەندی دوو رێژەی زیادەڕۆیی بەهەدەردانە. ئەو رایە بە بیرهێنەرەوەی چەمکی یۆنانی (میانڕۆیی)یە کە ئەرستۆ لەنوسینەکانی (هۆمێر)یشدا، کە نزیکەی پێنج سەد ساڵ بەر لە ئەرستۆ ژیاوەو رووداوەکانی هەزار ساڵ بەر لەهاتنە دنیای ئەرستۆی باسکردون، بەدی دەکرێن. یۆنانیە سەرەتاییەکان (لەڕاستیدا یۆنانیەکانی سەردەمی دواتری قۆناغی کۆن) پێویستیەکی فراوانیان بەچەمکی

میانڕۆیی هەبوو. وشەی (زیادەڕۆیی مەکە) هەر زوو وەکو بنەمایەکی سەرەکی ئەوان بۆ ڕێنوێنی ئەخلاقی هەڵبژاردرا. وزەی یۆنانیەکان ئەوەندە تژی بوو، کە هەرکاتێک لەڕێڕەوی هەوڵدانی داهێنەرانە بەکارنەهێنرابانایە، زۆرجار بەڕێڕەوی زیادەڕۆییدا دەڕۆیشت. ڕەفتاری بێ بەندوبارو تێکەڵ لەگەڵ خۆشگوزەرانی و عەیاشیی (دیونوسیۆس) پەرستەکان لایەنە تاریکەکانی کەسێتیو ئاینیەکانی کە لەتراژیدیای یۆنانیدا درێژەی کێشا ترس و هەراس و بیروباوەڕە خورافیەکانی ژیانی ڕۆژانە- ئەمانە گشتیان سیما تاریکەکانی سەرەتاکانی چاخی کلاسیک بوون، بۆئەوەی کە فەلسەفە بیرکاریو شکۆی هونەری بتوانن لە دەروونی ئەو بێ سەروبەریو ناهەمواریەدا، خۆیان دەرخەنو سەر بەرزبکەنەوە، لەبەرچاوگرتنی ئەوپەڕی میانەڕۆیی پێویست بوو.

ئەنانەت (فیساگۆرس)یش هەولیدا چەمکی میانڕۆیی لەگەڵ بیرکاریدا گرێبدا، تاکو بتوانرێ شکۆو چاکەی نێوان دوو رادەی زیادەڕۆیی و بەهەدەردان (بە وردبینی بیرکارییانە) ژمێریاری بکرێ. هەرشتێک کە لەتەرازووی ئەندازەگیریدا جێی نەدەگرت، یان هەر قابیلی ئەندازەگیری نەبوو (وەکو چەمکی بێ سنور)ی خراپە دەژمێردرا. وردبینی بۆ خۆی شکۆیەک بوو. (سیمایەکی بەهێز لەو لێکدانەوەیە تا ئەمڕۆکەش لە ئەخلاقیاتی ڕۆژئاوادا مایەی بەدیکردنە).

ئەفلاتون کە ئەڤینداری بیرکاریو بیرکردنەوەی ئەبستراکت بوو، لەگەڵ زۆر لەو بیروباوەڕانە هاوڕا بوو. بەپێچەوانەی ئەو، ئەرستۆ ئالای بەرهەڵستکاری لەبەرامبەر تێڕوانینی بیرکاریانە بەپرسە ئەخلاقیەکان بەرز کردەوە. (ئەو دەیوت) ناکرێ ئێمە بتوانین چاکە (بە وردبینی بیرکاریانە) ژمێرکاری بکەین. چاکە بەو شێوەیە نییە، کە بەسەرنج و تێبینیە ئەبستراکتەکان بەتەنێ دیاری بکرێت، بەڵکو زیاتر شتێکە لەشێوەی هەماهەنگی کەلە بەرهەمێکی هونەریدا بەرچاو دەکەوێ.

(دروسته که) چاکەو شکۆی ئەخلاقی ڕادەی ناوەڕاستی زیادەڕۆیی و بەهەدەردانە، بەڵام ئەم ناوەڕاستبوونە زیاتر پەیوەستە بەسروشتی تاک و ئەو هەلومەرجەی کە ئەوی تێدایە. کوشتنی مرۆڤێک لەمەیدانی جەنگ جیاوازە لەگەڵ کوشتنی مرۆڤێک لەناو شەقامداو تەنانەت لێرەشدا جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی کە ئەو کەسە لەسەر شەقام بەمەبەستی دزی بکوژێ، یان لەبەرئەوەی کە ئەو زۆر خراپەی بەرامبەر کردویت. وێڕای تێڕوانینی ئەرستۆ لەبارەی هەماهەنگی توخمێکی پێویست لەڕێژەییدا بوون هاتە ئاراوە، کەئەویش خۆی دەرخەری (ئایدیای) میانڕەوی بوو.

گرفتەکە ئەوکاتە دروست دەبێ، کەبمانەوێ ئەو ئەخلاقیاتە بەشێوەیەکی هەمەلایەنەو وردەکارانە دابڕێژرێنو ڕێکو پێکی بکەین، ئەگەر بەو جۆرەی کەتیۆری ڕادەی میانڕۆیی بانگەشەی دەکات، هەر چاکەو شکۆیەک ڕادەی ناوەڕاستی دوو ڕادەی زیادەڕۆیی و بەهەدەردانە، ئەو زیادەڕۆیی و بەهەدەردانە، بەڕاستیو تەواو چین؟ ئەگەر ئێمە گەرموگوڕی سروشتی یۆنانیە دێرینەکانمان نەبێو پەیوەندێکی نزیک لەنێوان ئێمەو ئەو دوو ڕێژە ترسناکەی زیادەڕۆییو بەهەدەردانە بەرقەرار نەبێ، ئەو دەمە ئەو دەستەواژەیە، تەنها هەروەکو وشەیەک دەمێنێتەوە، ئەوەی کە ئێمە ڕاستگۆیی بەشتێک بزانین، کە ڕادەی ناوەڕاستی درۆکردن لەلایەک و چاکسازی درۆ لەلایەکی ترە، ڕەنگە ئەمە قسەیەکی زیرەکانەو تەواو بێت، بەڵام لە ڕوانگەی ئەخلاقیەوە پوچ و بێ ناوەرۆکە.

(هەڵبەتە ئەو پێناسەیەی کەلێرە بۆ ڕاستگۆییم هێنایەوە، هی ئەرستۆ نییە، بەڵام ئەو بۆ پڕکردنەوەی ئەو درزو کە لەبەرەی کە لە بەڵگەکاریەکەدا هەیە، دەبوو ئەو جۆرە پرسانە چارەسەربکات).

لەدوا ساڵەکانی ژیانی ئەرستۆدا، ژیانی هاوسەرێتی بەلای ئەرستۆ خۆش بووە، چونکە دوای مەرگی هاوسەرەکەی ئەمجارە لەگەڵ (هێرپولیس) ی خزمەتکاریدا زەماوەندی کرد. لەو زەمازەندکردنەیدا لەگەڵ هێرپولیس

ئەرستۆ بووە باوکی یەکەم منداڵی کوڕی کەناوی نا(نیکوماخۆس).

ساڵی (323)ی پێش زایین هەواڵ گەیشت کە ئەسکەندەر لە میوانداربیەکدا لە(بابل) بەدوای زیادەڕۆیی لەمەی خواردنەوە، لەگەڵ فەرمانەکانیدا مردووە. خەڵکی ئەسینا لەوەی کە لەژێر دەسەڵاتی مەکدۆنییە بێ فەرهەنگەکاندا بوون، لەدێر زەمانەوە نیگەران بوونو دوای مردنی ئەسکەندەر هەستو نەستەکانی خۆیان ئاشکرا کرد. ئەرستۆ کە لەمەکدۆنیا لەدایکببوو و هەمووان دەیانزانی، کە سەرپەرشتیاری پەروەردەو فێرکردنی بەتواناترین کوڕی ئەو هەرێمە (واتە ئەسکەندەر) بووە، بووە قوربانی ئەو شەپۆلەی هەستی دژە مەکدۆنییە، ئەویان بەتۆمەتی دروستکراوی بێ دینی راکێشایە دادگا.

تۆمەتبارکەری ئەرستۆ کەناوی (ئیۆرۆمدۆن) بوو، کاهنی نهێنیزان بوو، ئەو (مەدیحە)یەی کە ئەرستۆ (20) ساڵی پێشتر بەبۆنەی مەرگی (هێرمیاس)ی خواجە کە وەلـی نیعمەتی خۆی بـوو، نوسیبوی وەکو بەڵگەنامەی تاوانبارکردن گرتیەدەست. ئەو مەدیحەیە (پەسەندنامە) لەخۆگری ئەم کۆپلانەی خوارەوە بوو:

((کوڕانی خواکان بۆ گەیشتن بەتۆ تێدەکۆشان قارەمانان، بۆ زەوی گەڕانەوە))

هەموویان بۆ عەشقێک کە بۆ تۆیان هەیە، بۆ بینینی رووی تۆ)). ئەم پەسەندنامەیە ئاسان نییە، بەکوفرو بێ دینی بدرێتە قەڵەم، بەڵام خەڵکی خوازیاری قوربانی بوون، ئەگەر ئەرستۆ چووبایە ژێر باری دادگاییکردن، حوکمی مەرگی مسۆگەر بوو، بەڵام هەویری ئەرستۆ لەبابەتی هەویری سوقرات نەبوو، ئەو هیچ حەزێکی لە شەهیدبوون نەبوو.

(بـۆیـە) رێگایەکی عاقڵانەی گرتەبەرو لەشار رایـکـرد، تاری لەئەسینایەکان بگرێ (لەوەی کە دوجار دژی فەلسەفە تۆشی گوناهکاری ببنەوە).

وازهێنان لەئەسینا بۆ ئەرستۆ ئاسان نەبوو. ئەو بڕیارە بەواتای جێهێشتنی خوێندنگە خۆشەویستەکەی بوو. فەیلەسوفی بە ساڵاچووی ئێمە، کە ئیدی لەکتێبخانەو دەسنگەیشتن بە ئەرشیفی توێژینەوەکانی بێبەش ببوو، لەکونجی موڵکێک لە (خالکیس) کەمیراتی باوکی بوو، گۆشەگیری هەڵبژارد. ئەو شارە لە (30) مایلی باکوری ئەسینا لە دورگەی درێژی ئوبوئیاو لەو شوێنەی کە دوورگەکە، بەهۆی کەناڵێکی باریکەوە لە وشکانی جیابۆتەوە هەڵکەوتووە.

دیاردەیەکی سەیرو نادیار لەئاوەکانی ئەم کەناڵەدا هەیە. ئەگەرچی لەهەڵکشانو داکشانی دەریای ئیجەدا، دەتوانین بڵێین ئاسەوارێک نییە، کەچی شەپۆلێکی خێراو توندی ئاو لەو کەناڵەدا روودەدا. رووی ئەو شەپۆلە بێ ئەوەی ئێمە روونکردنەوەیەکمان لەبارەیەوە هەبێ لەماوەی یەک رۆژدا (12)جار دەگۆڕێ. بەگوێرەی ئەفسانەیەکی پایەداری ناوچەیی ئەرستۆ، رۆژانێکی زۆر، بە مەبەستی دۆزینەوەی درکەوتنێک بۆ ئەو دیاردەیە فشاری مێشکی خۆیداو بۆ یەکەم جار لەژیانیدا هەستیکرد، کە شکستی هێناوەو لەهەمان جێگا خۆی فڕێدایە ناو ئاوەکەو تیایدا خنکا.

لەهەندێ سەرچاوەی باوەڕپێکراوی تری مێژووییدا هاتووە کە ئەرستۆ ساڵی (322)ی پێش زایین، واتە ساڵێک دوای چوونی بۆ خالکیس لەتەمەنی (63) ساڵیدا کۆچی دواییکرد. دەوترێ کە بەهۆی نەخۆشی گەدەوە مردووە، بەڵام یەکێک لەسەرچاوەکان دەڵێ کە ئەرستۆ بەخواردنەوەی (ئەکونتیون) کە گیراوەیەکی ژەهری دروستکراو لەگیایەکی بەهەمان ناوەوەیە کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە. لەو رۆژگارەدا ئەو گیراوەیە هەندێ جار وەکو دەرمان بەکاردەهێنراو لەسەر ئەو بنەمایە من وای بۆ دەچم، کە رەنگبێ بەڕێکەوت ئەرستۆ بڕێکی زیاد لە ڕادەی پێویستی لەو گیراوەیە خواردبێتەوە، یان خۆی ئامادەکاری مەرگێکی ئاسودەیی فەراهەم کردووەو نەیویستووە راستەوخۆ دەست بداتە خۆکوژی، بەڵام ئەمەش رێی تێدەچێ کە خەفەت و دڵشکاوی

بەهۆی لەدەستدانی لیسیۆم، ئەوی بەو ئەنجامە گەیاندبێ، کە ئیدی هیچ بەهایەکی بۆ مانەوە لەژیاندا نەبینیووە.

وەسێتنامەی ئەرستۆ بەم دێڕە نەمرانە دەست پێدەکات: (هەموو شتێک بەچاکی دەڕواتە پێشەوە، بەڵام لەکاتێکدا ئەگەر رووداوێک روویدا ...) و لە درێژەی وەسێتنامەکەیدا سەرباسە گشتیەکانی بڕیارەکانی خۆی دەربارەی چۆنێتی سەرپەرشتی منداڵەکانی، هەروەها ئازادکردنی کۆیلەکانی دەنوسێ، ئینجا وەسێنگرەکەی خۆی رادەسپێرێ، ئەگەر هێرپولیس مەیلی لە شوکردنەوە بوو (پێویستە لەگەڵ کەسێکدا زەماوەند بکات، کەشایستەبێ).

نوسەر بەو بەڵگەنامەیە پیاوێکی بەگشتی وشک و سروشت چاکە، پیاوێک کە پێگەیشتنی تەواو عەیاری بەئاشکرا، کەسێتیەکەی نەگۆڕیوەو لەڕێی لانەداوە. ئەرستۆ لەکۆتایی وەسێتنامەکەیدا داوا دەکات، کە پشکێک لەمیراتە نەقدیەکەی لەدروستکردن و بەرپاکردنی پەیکەرەکانی زیۆس و ئاتێنا لەئەندازەی ئاساییدا لەئەستاگیرا سەرفبکرێ. چەند ساڵ پێش ئێستا لەیۆنان لەو دوانیوەڕۆ ناهەموارەدا، لەکۆتاییدا کاتێک کەئیدی باوبارانەکە هێور ببووەوە، گەیشتمە ئەستاگیرای دێرین، بەڵام لەوێ لە ناو زنارە پەرشوبڵاو، بە ئاوی باران شۆراوەکانو تەپۆڵکە چۆڵو هۆڵەکاندا دەڕۆیشتم کەوتمە بیری تێڕوانینی ئەرستۆ، سەبارەت بەگرنگی کۆمیدیا. ئەو دەیوت کە شتە پێکەنیناوییەکان شێوەیەکی بێ دەردەسەرین لەدزێوی. من کە هەموو گیانم لەسەرمان ئیفلیج ببوو و ئەو دیمەنەی رووبەڕووشم هیچ جوانییەکی تێدا نەبوو تێبینی ئەو بابەتەمکرد کە بیرکردنەوەی ئەرستۆ، لانی کەم تا ئەو شوێنەی پەیوەستە بەگرنگی پێکەنیناوی هێشتاش لەجێی خۆیەتی.

نۆژەنکاریو داهێنانی ئەرستۆ لەمێژووی فەلسەفەدا هاوتای نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەویش کەوتە چاڵی کۆنە ساڵترین فریوی فەلسەفی، فریۆیک کە تا ئەمڕۆکەش لەگەڵماندایە. (سیسیرۆ) لەشوێنێکدا دەڵێ:

(ئەرستۆ، فەیلەسوفانی بەر لەخۆی بەهۆی ئەوەی، کە پێیانوابوو هەوڵو کۆششی هزریی ئەوان بەسە بۆ ئەوەی کەفەلسەفە یەکجار بۆ هەمیشە کامڵ و تەواو بکەن، سەرزەنشت دەکرد. ئەو پێیوابوو کە ئەو فەیلەسوفانە، یان زۆر نەفامن، یان زۆر خودبینن کە ئاوا بیردەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک کە فەلسەفە تەنها لەماوەی چەند ساڵدا هەنگاوی وا گەورەی بۆ پێشەوە هەڵێنا، ئەویش گەیشتە ئەو رایەی کە فەلسەفە بەزوویی دەگاتە دوایین سنورەکانی سەرکەوتنی خۆی).

ئەو کاتەی کە ساڵی (323)ی پێش زاین ئەرستۆ ناچاربوو لە ئەسینا رابکات، بەڕێوەبردنی (لیسیۆم)ی بە (تیۆفێراستوس) سپارد، لە یەکێ لە سەرچاوەکاندا هاتووە کە تیۆفێراستوس عاشقی کوڕەکەی ئەرستۆ ببوو، کە ئەوکات لە قوتابیەکانی ئەوبوو، بەڵام پێدەچێ ئەو مەترسیە پێشینەدارە، لای ئەرستۆ بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە، کە دەسەڵات لەجێنشینەکەی بستێنیتەوە. تیۆفێراستوس بەردەوامێتی لیسیۆمی دوای رۆیشتنی دامەزرێنەکەی دابینکردو زۆری نەبرد، کە فەیلەسوفە رێرەوییەکان (مەشایی)یەکان، بەشێوازی ناونیشانی خۆیان (=رێرەوی =مەشایی) سەریان بە هەموو گۆشەو کەنارەکانی یۆناندا کردو فەلسەفەی ئەرستۆیان لەگەڵ خۆیاندا گەیاندە هەموو شوێنێک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی سێ سەدە دوای مردنی ئەرستۆ بوو، کە سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەو بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ کە ئاگامان لێیانەو ئاشنایانین کۆکرانەوە. بەرهەمەکانی ئەرستۆ دەتوانین بەسەر دوو بەشدا دابەش بکەین، بەشێکیان بریتییە لەو نوسینانەی کە ئەرستۆ بەمەبەستی بڵاوکردنەوە نوسیونی و ئەوەیتریش، یاداشتی وانەکانی لیسیۆمە (کەمەبەستی بڵاوکردنەوەیان لەگۆڕێ نەبووە).

قەدەر هیچ کام لە نوسینەکانی بەشی یەکەمی بۆ ئێمە نەهێشتۆتەوەو ئەوەی کەلە بەرهەمەکانی ئەرستۆ بە ئێمە گەیشتووە، هەموویان بریتین لەبەشی دووەمی نوسینەکانی ئەو بەرهەمانە، لە سەرەتا بەشێوەیەکی بەربڵاو

و بچڕبچڕ بوون و بریتی بوون لە سەدان تۆمار (ئەندۆنیکۆسی رۆدێسی) کە دوایین سەرپەرەشتیاری لیسیۆم بوو، ئەو بەرهەمانەی لەچەند بەش و کۆمەڵەدا، لەژێر ناونیشانی جیاجیادا رێکخستن. ئێمە بۆ وانەی (میتافیزیک) قەرزاری ئەندۆبیکۆسین، ئەو ناوەی لە بەشێک لە نوسینەکانی ئەرستۆ نا.

ئەو بەرهەمە لە سەرەتادا ناونیشانێکی تایبەتیان نەبوو، هەر تەنها لەدوای ئەو نوسینانەی، کە پەیوەستبوون بە فیزیک، یان شتە سروشتیەکان دانرابوون.

لەبەرئەوە ئەندۆنیکۆس بە سادەیی ناوینان (دوای فیزیک)ی بەزمانی یۆنانی کۆن (میتافیزیک) ئەم بەشە لە نوسینەکانی ئەرستۆ، برتییە لە چەند بابەتێک دەربارەی گەردون ناسی (سروشت و پەیوەندییەکانی گەردون)، هەروەها ماهیەتی کۆتایی شتەکان. ئەو بەشەی زانست بەخێرایی بەو ناونیشانەی کە لەو بەرهەمە نرابوو، واتە میتافیزیک، کە بە تێپەڕبوونی چەندین سەدە، لەگەڵ خودی فەلسەفە بووەتە تەریب، لەبنەڕەتدا پەیوەندیەکی بە فەلسەفەوە، کە میتافیزیک وێنای دەکات، نەبووە دروست وەکو خودی فەلسەفە، سەرەتا چەکەرەکردنی ئەو ناونیشانە، بە هەڵێنجانێکی نا دروست دەستی پێکردو لەوسا بە دواوە، بەهەمان شێوە درێژەی بە گەشەو شکۆفایی خۆی داوە.

لە قۆناغی شارستانیەتی دێرینی یۆنان و رۆمدا، ئەرستۆ بە یەکێ لەفەیلەسوفە گەورەکانی یۆنانی هاوشێوەی کەسانی وەک (سوقرات، یان ئەفلاتون) نەدەژمێردرا، لە قۆناغی شارستانیەتی رۆمیدا، ئەرستۆ وەک تۆژیکزانێکی بەرجەستە ناو دەبرا، بەڵام بەشەکانی دیکەی فەلسەفەی ئەو، بە گشتی لەژێر سایەی قوتابخانەی روو لە گەشەکردنی نوێی ئەفلاتونیدا، نەیاندەتوانی بە بەرجەستەیی خۆیان دەربخەن، (یان تێکەڵی ئەو قوتابخانەیە بوون) و لەسەدەکانی دواتریشدا، پتر تێکەڵی مەسیحیەت بوون.

بیریارانی مەسیحی، هەر زوو لە سودمەندبوونی لۆژیکی ئەرستۆ گەیشتن، لەسەر ئەو بنچینەیە، ئێستا ئەرستۆ بنەمای چاوگی باڵای فەلسەفی بەدەستهێنا، لەسەرتاسەری سەدەکانی ناوەڕاستدا لۆژیکی ئەرستۆیی، بنەما و بنچینەی باس و مشتومڕە یەزدانناسیە مەسیحییەکانی پێک دەهێنا، بیریارە خۆپەرستە پلەو پایەخوازە دێرنشینەکان، بۆ (دەرهێنانی موو لە ماست) خۆیان لەنێو پاساوکاری لۆژیکیدا نقومکردو باشترینی بیریارەکان بۆ راوکردنی داهێنراوەکان (بیدعەتەکان) سودیان لەوە وەرگرت، بەم شێوەیە لۆژیکی ئەرستۆیی، لەرووی یەزدانناسیەوە چەندو چوونی تیانەبوو، گۆڕا بۆ بەشێکی بنەڕەتی لە شەرع و یاسا و رێساکانی مەسیحی.

لەگەڵ ئەوەشدا، هاوشانی ئەو باڵاکردن و پەرەگرتنەی مەسیحیانەی ئەندێشەکانی ئەرستۆ لە ئەوروپا، باڵاکردن و پەرەگرتنێکی دیکەی بەهەمان ئەندازە گرنگ لە رۆژهەڵات، لەسەروبەندی پێکهاتن و پێگەیشتندا بوو، کە دواجار کاریگەرێکی قوڵی لەسەر ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست دانا.

لەسەدەکانی سەرەتای هەزاری یەکەمی زایینیدا، بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی ئەرستۆ بۆ بیرمەندانی رۆژئاوا نەناسراو مابوونەوە تەنها لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن، لێکۆڵەران درێژەیان بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی هەموو رەهەندە فەلسەفیەکانی ئەو دەدا، دینی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا، سەریهەڵداو بەدوای ئەوەدا، داگیرکارییە گەورەکانی عەرەبەکان لەسەرانسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا روویاندا. بیریارانی موسوڵمان هەر زوو درکیان بە توانا و بەهاکانی بەرهەمەکانی ئەرستۆ کردو هیچ شتێکیان تێدا بەدینەکرد، کە دژ بە دینی ئەوان بێت، بۆیە لەپێناو ئامانجەکانی خۆیان، کەوتنە شرۆڤەو شیکارکردنی تێڕوانینەکانی ئەرستۆ، زۆری پێنەچوو کە چەمک و تێگەیشتنەکانی ئەرستۆ ئەوەندە خزانە ناو تانوپۆی باوەڕی تازەوە، کە دەتوانین بڵێین هەموو فەلسەفەی ئیسلامی بەشێوەیەک لەشێوەکان لە شرۆڤەو خوێندنەوەکانی ئەندێشەو تێروانینەکانی

ئەرستۆوە وەرگیراو عەرەبەکان بوون، کە بۆ یەکەم جار تێبینی ئەوەیانکرد، ئەرستۆ لەریزی گەورەترین فەیلەسوفەکانە، ئەو کاتەی جیهانی رۆژئاوا رۆدەچووە ناو سەدەکانی تاریکی، جیهانی ئیسلام درێژەی بە پێشکەوتنی فکری خۆی دەدا، ئەوە دەستەواژانەی کە ئێمە لە زمانی عەرەبییەوە وەرمانگرتون، وەکو (جەبر، ئەلکوڵ=کحول، کیمیاگەری)«1»نیشاندەری ئەو میراتە دەوڵەمەندەن، بەڵام گەورەترین سودێک کە ئێمە لە شارستانیەتی ئیسلامی وەدەستمان هێناوە، سودوەرگرتن بوو لە ژمارەکانی عەرەبی، ئەویش لەکاتێکدا کە بیرکاری لە جیهانی رۆژئـاوا، بەهۆی بەکارهێنانی ژمارەکانی رۆحی فەلەج ببوو.

بۆ وەرگرتنی ئەو راستیە، ئەوەندە بەسە بۆ نمونە ژمارە(11Lxxxv تەنها بە بەکارهێنانی ژمارەکانی رۆحی (لاتینی) بەسەر ژمارەی (17XL دابەش بکەین. ئەو سەختیانەی پەیوەستن بە ئەژمارکردنی وردتر یەکسەر دەردەکـەون بێ هۆ نییە، کە دەڵێن تاکە پیاوێکی رۆحی کە لەمێژووی بیرکاریدا ناوی هاتووە، سەربازێکە کە (ئەرشمیدس)ی کوشتووە.

فەلسەفەی ئەرستۆ لە رۆژهەڵات، لەسەر دەستی دوو بیرمەندی پلەیەکی موسوڵمان پێشکەوت ئەبو عەلی حسێن کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی سینا (کە خۆشبەختانە، لای ئێمە بە (Avicnna) بەناوبانگە لە کۆتاییەکانی سەدەی دەیەمی زایینی، لە ئێران لەدایکبووە بە گەورەترین فەیلەسوف و زانای جیهانی ئیسلام دەژمێردرێ.

نوسینە فراوانەکانی ئەو لە بواری پزیشکیدا، لە ریزی باشترین ئەو نوسینانەن کە تا ئەو کات نوسراون، ئەو نوسینانە برینیی بوون لە کۆمەڵێک هەوڵی بەپێز، بۆئەوەی کە ئەو بەشەی زانست لەئاستی پزیشککاری نادروست زیاتر هەنگاو هەڵێنێ، شتێک کە زانستی پزیشکی هەرگیز نەیتوانیوە بەتەواوی بیخاتە لاوە ئیبن سینا، تەنانەت هەوڵیدا ئەوەی کە بەبڕوای ئەو کۆمەڵێک تۆخمی پزیشککاریی نادروست، لە بەرهەمەکانی ئەرستۆ

چاکسازی بکات، کۆمەڵێک پرسی جۆراوجۆری دەستنیشانکرد، کە ئەرستۆ لەبەرچاوی نەگرتبوون، تەنانەت کۆمەڵێک وەڵامیشی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە پێشنیارکرد، کۆمەڵێک وەڵامی ئەوتۆ، کە ئەگەر ئەرستۆ لە یەکەمجاردا، تێبینی ئەو دوفاقیانەی بکردایە رەنگبوو بیانخاتەڕوو.

هەوڵەکانی ئیبن سینا، لەبواری زیاتر رێکخستنی ئەندێشەی ئەرستۆ، شارەزایانەیەو زۆر لە بەشە سست و لاوازەکانی، پتەو مکوم کردووە، بەداخەوە ئیبن سینا لەزۆرێک لەبەرهەکانی خۆیدا، زۆر لەو دەرگایانەی کە ئەرستۆ هەمیشە دەیویست بەکراوەیی بمێننەوە، داخست ئەرستۆ دەیزانی کە ناتوانێ هەموو شتێک بزانێ، ئیبن سینا بەشێوەیەکی دی بیری دەکردەوە.

شیکەرەوە گەورەکەی تری بەرهەم و نوسینەکانی ئەرستۆ لە جیهانی ئیسلامدا، (ئیبن روشد) بوو کە لە سەدەی دوازدەمی زایینی، ئەو کاتەی عەرەبە مەغرییەکان لە ئیسپانیا حوکمیان دەکرد، دەژیاو پزیشک و فەیلەسوفی تایبەتی خەلیفەی (قرطبە) بوو.

ئیبن روشد لەو باوەڕەدا بوو کە فەلسەفە بەشێوەیەکی گشتی و فەلسەفەی ئەرستۆ بە شێوەیەکی تایبەت، رێگای راستەقینەن بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، لە رێگای گەیشتن بەخوا ئەو دۆزینەوانەی لەباوەڕەوە سەرچاوە دەگرن، رێگای لاوازترن. عەقڵ لەباوەڕ لەپێشترە (زیاتر لەپێنج سەدەی کێشا، تا تێڕوانینی ئاوا بێ باوەڕانە بە ئایین لە ئەوروپای مەسیحیدا دەرکەوتن).

رۆژێک خەلیفە لە ئیبن روشدی پرسی کە ئاسمانەکان چۆن چۆنی دروستبوون، ئیبن روشدی بەم پرسیارە نیگەران کرد.

فەیلەسوف ناچار بوو دانی پێدابنێ، کە وەڵامی ئەم پرسیارە نازانێ. (ئەم قسەیە هەمیشە هەڵوێستێکی هزری شایستە نییە، لە وەڵامدانەوەی خەلیفە کە ئێوەی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی دامەزراندووە) خۆشبەختانە خەلیفە رێزی لە راستگۆیی ئیبن روشدنا و ئەوی بەڕێ کرد، تا وەڵامی ئەو

پرسیارە لە بەرهەمەکانی ئەرستۆدا بدۆزێتەوە.

لەماوەی سێ ساڵ دواتردا، ئیبن روشد زۆر شیکردنەوەو تەفسیری لەسەر تێڕوانینەکانی ئەرستۆ نوسن، ئەو زیرەکانە هەرگیز وەڵامێکی بەپرسیارە سەرەکیەکەی خەلیفە نەدایەوە، خەلیفە خۆیشی پێشتر لەو بارەیەوە رای خۆی دەبڕیبوو، بەڵام ئیبن روشد ژمارەیەک لە وەڵامەکانی خۆی بۆ ئەرستۆ خستنەڕوو، تەنانەت پاساوکارییەکانی ئەرستۆشی بۆ پێشخستنی تێڕوانین تایبەتیەکانی خۆی بەکارهێنان، کۆمەڵێک تێڕوانین کە زۆریان لەگەڵ تێڕۆانینەکانی ئەرستۆ جیاوازیان هەبوو).

ئەمە هەمان ئـەو بۆچوونە بـوو، کە لەگەڵ زەوق و دیدی بیرمەندانی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستدا یەکی دەگرتەوەو هەر زوو کارایی ئەو تێڕوانینەیان بۆ بەدواچوون و ئازاردانی ئەوانەی بە پێچەوانەی ئەوان بیردەکەنەوە، بۆ (داهێنەران) بیدعەتکاران خستەکارەوە وەرگێڕانی تەفسیرەکانی ئیبن روشد لەسەر ئەندێشەی ئەرستۆ هێواش هێواش لە پاریس، کە گرنگترین ناوەندی زانستی ئەو دەم بوو دەستاو دەستی دەکرد، بەڵام زۆری پێنەچوو کە ئیبن روشدیەکان- ناوێک کە ئەو بیریارانە پێ دەناسران- توشی گرفت بوون. کلّیسا دەیتوانی تێڕوانینەکانی ئەرستۆ قبوڵ بکات، بەڵام ئەو شرۆڤەو تەفسیرە تازانە لەسەر بەرهەمەکانی ئەرستۆ بەشێوەیەکی گومان ئامێز، بە دوور لەراستی ئایینی و ئایین شکێنی دەکەوتنە بەرچاو، لە ململانێی نێوان عەقڵ و باوەڕ، هیچ کەس نەبوو گومانی لەوەهەبێ، کە باوەڕ خاوەن دوا قسەیە، ئیبن روشدییەکان خۆیان لەبەردەم پەنجەی تۆمەتبارکردن، بەهەڵگەڕانەوە بینیەوەو تەنها رێگایەک کە ئەوان دەیانتوانی بۆ داکۆکیکردن لە خۆیان بیگرنە پێش، بریتیی بوو لە بەکارهێنانی پاساوکارییەکانی هەمان سەرچاوەی بیدعەتکارییەکانی خۆیان، واتە نوسینەکانی ئیبن روشد خۆی. خۆشبەختانە ئەو گرفتە بە درکەوتنی (تۆماس ئاکویناس) چارەسەر بوو، ئەو کە بە گەورەترین بیرمەندی

سەدەکانی ناوەڕاست دەژمێردرا، توانی سازش و پێکهاتنێک لە نێوان هەر دوو گروپی پێکناکۆک چا بکات. ئاکویناس پێشنازیکرد کە عەقڵ دەبێ لە کارایی و هەنگاوەکانی خۆیدا، بە گوێرەی یاسا بێ چەندو چوونەکانی خۆی ئازاد بێت، بەڵام تا ئەو شوێنەی کە پێ لە قەڵەمڕەوی باوەڕ نەباتەدەر، عەقڵ بەبێ باوەڕ هیچ نییە.

ئاکویناس بە قوڵی کەوتە ژێر کارتێکردنی ئەرستۆو هەرزوو بەهای مەزنی ئەو فەیلەسوفەی درکپێکرد. ئەو بەشی هەرەزۆری تەمەنی خۆی، لەرێی پێکەوەگونجاندن و سازگارکردنی فەلسەفەی ئەرستۆ، لەگەڵ فەلسەفەی کڵیسا خەرجکرد، سەرەنجام ئاکویناس سەرکەوت لەوەی ئەرستۆگەرایی وەک پایەو بناغەی فەلسەفی یەزدانناسی مەسیحی جێگیر بکات، ئەو کارە لە یەکەم هەنگاودا، بەمانایی هێنانەکایەو لە دوایشدا هەڵوەشاندنەوەی ئەرستۆ گەرایی بوو، کڵیسای کاسۆلێک رایگەیاندبوو چەمکەکانی ئەرستۆ، بەو شێوەیەی کە ئاکویناس تەفسیری کردون راستن و هەرکەس لە هەوڵی نکۆڵیکردن لەو واقیعیەتەدابێ، بیدعەتکارەو سزای بیرعەتکاران دەیگرێتەوە (هەڵومەرجێک، کە تا ئەمڕۆکەش هەر درێژەی هەیە).

بەشێکی گەورەی نوسینە فەلسەفیەکانی ئەرستۆ لە مەڕ جیهانی سروشتیدا دەدوان، لەبەر ئەوە کۆمەڵێک دەقی زانستی بوون.

زانستیش وەک فەلسەفە، هەندێ ئەحکام دەردەکـــات، کە پێدەچێ حەقیقەت بن، بەڵام دواتر پوچەڵبوونیان ساغدەبێتەوە، تێڕوانینە زانستیەکان، دەبێ پێبەپێی پەرەگرتنی درکی ئێمە لەجیهان، مشتو ماڵ و چاکسازی بکرێن.

کڵیسا بە سەیرکردنی نووسینەکانی ئەرستۆ، وەک سروشی دابەزێندراوی بێچەندوچوون، خۆی لە گۆشەیەکدا وێناکرد( گۆشەیەک لە زەویەکی بەرزتردا). بۆیە ناکۆکی نێوان کڵیساو دۆزینەوە زانستیەکان، حاشا

هەڵنەگربوو.

ئەرستۆ بەرپرسی دروستکردنی ئەو جۆرە ناکۆکیەی نێوان عەقڵ و باوەڕ نییە، ناکۆکیەک کە تا سەدەی بیستەم لە بیرکردنەوەی ڕۆژئاوادا، بەشێوەیەکی رازیکەرانە کۆتایی پێنەهات، لە راستیدا ئەو ناکۆکییە وەکو (کۆنت دراکۆلا)ی (خوێنمژ)، هەروەها ئەو کاتەی کە ئەو بۆ جیهانی زانست و زانیاری دەگەڕێنەوە، بەشێوەیەکی ترس ئامێزو سەیر هەڵدەستێنەوە ئەو باس و مشتومڕە چڕو ئاڵۆزەی، کە لە ئەمەریکا لەنێوان لایەنگرانی تیۆری کامڵبوونی داروین و ئەوانەی باوەڕدارن بەتیۆری خیلقەت (حەقیقەتی وشەیی کتێبی پیرۆز) لەگۆڕێدایە شتێک نییە، جگەلە نموونەیەکی دوایی ئەو واقیعیەتە.

وێـرای لەناوچوونی بیرکردنەوەی ئەرستۆیی، ئەرستۆ خۆی درێـژەی بـەرۆڵ بینین لە فەلسەفەی مۆدێرن داوە، (تۆماس کوهن)، فەیلەسوفی زانست کە لەبیرمەندە هاوچەرخەکانی ئەمەریکایەو یەکێکە لە لایەنگرە دڵگەرمەکانی ئەرستۆ، خۆی لەو بابەتەدا سەرسام بینی، کە چۆن ئەو داهێنەرە ناوازە مەزنە، لەهەمانکاتدا توشی ژمارەیەک هەڵەی سادەو ساویلکانە ببێتەوە، بۆ نمونە لەگەڵ ئەوەشدا کە فەیلەسوفان و ئەستێرەناسان، چەند پێشتر لە ئەرستۆ تێگەیشتبوون، کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، کەچی ئەو باوەڕە مایەوە، کە زەوی چەقی گەردوونە، هەڵەیەک کەزانستی ئەستێرەناسی بۆ ماوەی پتر لە (1500)ساڵ بەسەختی سنوردارکرد، هەروەها باوەڕی ئەرستۆ سەبارەت بەوەی، گەردوون لە چوار رەگەزی یەکەم واتە (ئاو، ئاگر، هەوا، خاک) پێکدێ، رێگای بیرکردنەوەی زانستی گرت بەخوێندنەوەو بەدواداچونی هەڵەکانی ئەرستۆ، کۆهنی بەو ئاقارەدا رێنوێنیکرد، کە تیۆری خۆی سەبارەت بە سەرمەشق یان یارادیمەکان رێک بخات ئەو تێگەیشتنەو بیرکردنەوەی ئێمەی سەبارەت بە فەلسەفەی زانست، لە رەگ و ریشەوە گۆڕی و کۆمەڵێک کاری زۆریش

بەدەر لە قەڵەمڕەوی فەلسەفەی زانست دۆزیەوە، بە بۆچوونی کوهن، هۆی هەڵەکانی ئەرستۆ، چۆنێتی تێڕوانینی ئەو و هاوسەردەمەکانی ئەوە بۆ جیهانی بوون، یان واتە سەر مەشق یان پارادیمی ئەندێشەکانمان، لە روانگەی یۆنانیە کۆنەکاندا، جیهان لە چۆنیەتیەکان پێکهاتووە، کۆمەڵێک شتی وەک وێنە، ئامانج و شتی لەوجۆرە، لەو رووەوە کە ئەوان ئاوا سەیری جیهان دەکەن، ناچاربوون بگەنە ژمارەیەک دەرەنجامی نادروست، وەک ئەو دەرەنجامانەی کە تەنانەت ئەندێشەی ئەرستۆیشیان بەهەدەردا.

دوا ئەنجامی حەتمی تێوری کوهن دەربارەی سەرمەشقەکان ئەوەیە،کە شتێک بەناوی چۆنێتی دیدی (دروست)ی جیهان، چ لەرووی زانستی و چ لەرووی، فەلسەفی بوونی نییە، ئەو دەرەئەنجامەی کە ئێمە بەدەستی دێنین هەر تەنها پەیوەندیان بەو سەرمەشقانەوە هەیە کە هەڵیاندەبژێرین، چینێک کە بۆ بیرکردنەوە دەربارەی جیهان هەڵی دەبژێرین، بە واتایەکی تر حەقیقەتێکی رەها لە گۆڕێ نییە.

# له نوسینەکانی ئەرستۆ

(ئێمە دەجەنگین، بۆئەوەی لە ئاشتیدا بژین)

ئەخلاقی نیکوماخوس، کتێبی دەیەم، 5b177–6

ئامانجی ژیان

«وا دەردەکـەوێ کە هەریەک لە هونەرو توێژینەوەکانی ئێمە، هەروەها هەر یەک لە کـردارو هەڵبژاردنەکانی ئێمە هەوڵدانن بۆ بەدەستهێنانی چاکەیەک. بەم پێیە، دەتوانین بەدروستی چاکە بە(ئامانجی هەموو شت) بزانین، لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرایە کە لەنێوان ئەو ئامانجانەی کە شتەکان مەیلیان بەلادا دەشکێن جیاوازی هەیە، هەندێ لەو ئامانجانە خودی کردارەکانن، لەکاتێکدا کە هەندێکی تریان ئاسەوارو دەرەنجامی جیا لە کردارەکانن، لەو رووەوەکە، ئامانجەکان جیان لە کردارەکان، بێگومان دەرەنجامەکان مەزنترن لە کردارەکان، لەبەر ئەوەی دەبینن تەکنیک و کردارو زانیاری جۆراوجۆر بوونیان هەیە، ناچار ئامانجەکانیشان جۆراوجۆرە، ئامانجی زانستی پزیشکی، تەندروستی، ئامانجی تەکنیکی لەشکرکێشی، سەرکەوتنە، ئامانجی زانستی ئابوری، بەدەستهێنانی سامانە»

(ئەخلاقی نیکوماخوس، کتێبی یەکەم،1a1094)

((چاکە بۆ مرۆڤ چالاکیی لێبڕاوانەی نەفسە، بەپێی تـەواوی و شکۆمەندی، ئەگەر تەواویەکان، یان کۆمەڵێک شکۆمەندی جۆراوجۆر هەبن، بەپێی باشترین و پێگەیشتووترین ئەو تەواوی و شکۆمەندیانە، بەڵام ئەو

چالاکیە، دەبێ لە سەرتاسەری تەمەندا بەردەوام بێ، چونکە بە تەنها گۆڵێک نە بەهار دێ و نە ڕۆژێکی بەهاری. بەهەمان شێوە خۆشبەختیی یەک ڕۆژە، یان کورت خایەن))
هیچ کەس بە تەواوەتی خۆشبەخت و بەختەوەر ناکات.
(ئەخلاقی نیکوماخوس، کتێبی یەکەم، 19–16a1098)

((تراژیدیا نمایشکردنی زانستێکی گەورەو زۆر جدیە، کە لەماوەی دیاریکراودا ڕوودەدا، بەڵام لەخۆیدا کامڵە...وێنای کۆمەڵێک ڕووداو دەکات، کە دەبنە مایەی وروژاندنی هەستی بەزەیی و ترس لە (ئێمە)دا، تا بەو ڕێگایە ئەو جۆرە هەست و سۆزانە بپاڵێورێن و پاکبکرێنەوە))
تەکنیکی شیعر، 28– 24b1449

((ئەو کەسەی لێکۆڵینەوە لەربارەی چۆنێتی پێکهاتن و هاتنەکایەی دیاردەکانەوە دەکات، جا ئەو دیاردەیە حکومەت بێ، یان هەرشتێکی تر ڕونترین تێڕوانینی لە بارەوە بەدەست دێنی))
سیاسەت 25–24a1252

((بەم پێیە ئاشکرایە کە دەوڵەت زادەی سروشتە...و یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئادەمیزاد (کە ئەو لە گیاندارانی دیکە جیا دەکاتەوە) ئەوەیە، کە ئەو بەتەنیا خاوەنی درکێکە لە چاکەو خراپە، دادگەری و بێداری و شتی لەو چەشنە، کۆبوونەوەی کۆمەڵێک بوونەوەری زیندوو، کە ئەو درکەیان هەیە، خێزان و دەوڵەت دێنە کایە))
**سیاسەت، 18–2a1253**
((لە ڕوانگەی ڕێکخستنی سروشتدا، وێنای دەوڵەت لە وێنای خێزان، یان تاک لە پێشترە، چونکە بێگومان گشت لە بەشەکان لە پێشترە.

ئەگەر گشتی بوونی مرۆڤێک بخەینە لاوە، ناتوانی بلێیت پێیەک، یان دەستێک ماوەتەوە، چونکە مرۆڤەکە سەراپای لەناو چووە و مردوە، مەگەر ئەوەی کە بەچەشنێک لێکیبدەیەوە کە وەک بلێی لە بەرد دروستکراوە. چیبوونی هەرشتێک تەنها لە تواناکانی و دەسەڵاتی بۆ وەدیهێنانیان سەرچاوە دەگرێ، ئەگەر ئیدی ئەو توانایانەی نەبوو، یان نەیتوانی بەدیانبێنێ، ئیدی هەمان ئەو شتە نامێنێتەوە، بەڵکو تەنها هەمان ناوی هەیەو بەس، بەمشێوەیە روونە کەشار (کۆمەڵی سیاسی) لەتاک لە پێشترە، چونکە ئەگەر تاک لێوەشاوەیی ئەوەی نەبێ، کە بە تەنیا حکومەتێکی تەواو پێکبێنێ، پەیوەندی ئەو بەشار (کۆمەڵی سیاسی) تەواو وەکو پەیوەندی هەر شتێکی دیکەیە بەگشتی خۆی.
ئەو کەسەش کە ناتوانێ لە نێو کۆمەڵگەدا بژی، یان ئەوەندە پشتبەستووە بەزاتی خۆی کە پێیوابێ پێویستی بە پێکەوە ژیان لەگەڵ ئەوانی تردا نییە، یان دەبێ گیانەوەر بێ، یان خوا بەمپێیە، پاڵنەرێکی خۆرسک لە ناخی هەموو مرۆڤەکاندا هەیە، تا بەو شێوەیە لەگەڵ یەکدا پەیوەست بن و ئەو کەسەی کە یەکەم کۆمەڵگەی مەدەنی بنیات نا، گەورەترین سودی بە مرۆڤەکان گەیاند، بەو شێوەیەیە کە مرۆڤ باشترینی گیانداران (رێزدارترین بوونەوەرەکان)ە، راست بەهەمانشێوەی کەلە باری نەبوونی یاساو دادگەریدا خراپترینیان دەبێ، چونکە ریشەکێشکردنی هیچ شتێک لە ریشەکێشکردنی بێداری لە سایەی هێزدا زەحمەتتر نییە، بەڵام ئەو هێزە، زاتی مرۆڤە، کە هەم رەگەزی پلان و بیری داهاتووی تێدا جێگیرەو هەم رەگەزی ئازایەتی ناعاقڵانە، دەتوانێ بۆ مەبەست و کۆمەڵێک ئامانجی دادپەروەرانەش سودی لێوەربگیرێ و هەم بۆ کۆمەڵێک ئامانجی نا دادپەروەرانە. ئەو کەسانەی هێز بەدیوە خراپەکەی بەکاردێنن، شەڕەنگێزترین و شەهوەتبازترین و چاوچنۆکترین بوونەوەرن کە دەشێ وێنایان بکەین، لەلایەکی ترەوە دادپەروەری هەمان ئەو شتەیە، کە

مرۆڤەکان بە حکومەتەوە پەیوەست دەکات، چونکە رەفتاری دادپەروەرانە، کە بریتییە لە دیاریکردنی داد، بنچینەی رێکخستن و دیسپلینی کۆمەڵگەی سیاسیە))

**سیاسەت 40-25a1253**

((دیموکراتەکان، بەرجەستەبوونی دیموکراسی بە خواست و بڕیاری زۆرینە دەزانن، داکۆکیکارانی ئۆلیگارشی، دەڵێن دەبێ بەڕێوەبردن و جڵەوی کاروبارەکان لەدەستی کەسانی دەوڵەمەندا بێ، بەڵام هەردوو ئەو شێوازە، لەگەڵ پێوەرەکانی دادگەری و یەکسانیدا ناکۆکن، ئەگەر خواستی کەمینە حوکمڕان بێت، ستەمکاری بەسەر کۆمەڵگادا فەرمانڕەوا دەبێ، چونکە بەپێی پێوەرە دادگەریەکانی ئۆلیگارشی، هەرکەس کە لەوانی تردا لەسەر حەق و رەوایە، لەلایەکی تر ئەگەر خواستی زۆر بەسەر کۆمەڵگا فەرمانڕەوابێ، وەک چۆن پێشتر وتمان حکومەت بەدەستبەسەرداگرتنی دارایی دەوڵەمەندەکان، کە کەمینەن و بەو پێیەش مافی بڕیاردانیان نییە، بناغەی بێداری پیادە دەکات، کەوایە ئەو تێگەیشتنە یەکسانەی کە هەردوو لایەن بتوانن لەسەری رێکبکەون، دەبێ لە پێناسەیەک لە ماف وەریگێرێ، کە لە نێوان هەردوولادا هاوبەش بێت))

**سیاسەت، 28-19a1318**

((کۆمەڵێک بابەتی بیرکاری، لە رووی جەوهەریەوە، لە شتەکان بایەخدارتر نین، ئەم بابەتانە تەنها لەبەر پێناسەی لۆژێکی لە شتە هەستپێکراوەکان لە پێشترن، نەک لەرووی بوونەوە، کۆمەڵێک بابەتی بیرکاری، ناتوانن لە شوێنێک بە شێوەیەکی جیاو سەربەخۆ بوونیان هەبێ، بەڵام لەو رووەوە کە ناشێ لە شتە هەستپێکراوەکانیشدا هەبن، بۆیە روون و ئاشکرایە، کە کۆمەڵێک بابەتی بیرکاری، یان هەر نین، یان تەنها بە واتایەکی تایبەت

هەن، کە ئەو واتایە دەلالەت لەسەر بوونێکی سەربەخۆ ناکات «هەبوو» دەتوانێ کۆمەڵێک واتای زۆر جیاجیای هەبێ))

**میتافیزیک، 17ـ12b1077**

((تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە تەنە سروشتیەکانەوە هەیە، هەندێک لەوانە گیانداران و هەندێک بێ گیان، بەواتایەکی تر هەندێ لە تەنە سروشتیەکان ئەو توانایەیان هەیە، کە خواردن بخۆن و گەشەبکەن و توشی پوکانەوە ببن، کەوایە هەر تەنێکی سروشتیی گیاندار، نەک هەر تەنها جەوهەرە، بەڵکو جەوهەرێکی پێکهاتەییە، بەڵام لەوەی کە ئەو تەنە لە جۆرێکی دیاریکراوە، واتە گیاندارە ناتوانێ هەمان نەفەس بێت، چونکە تەن بابەتە، نەک شتێک بە سەر بابەتدا سەپێنرابێ و دواجار تەن، مادەیە کەوایە نەفەس بەم واتایە جەوهەرە، کە وێنەی تەنێکی سروشتییە، کە تەواو گیاندارە، جەوهەر لەم مانایەدا حەتمیەت دوو لایەنی هەیە کە یەکێکی وەک هەبوونی زانستەو ئەوەي تر وەک سود وەرگرتنە لە زانست. ئەو حەتمیەتەی کە ئێمە قسەی لێدەکەین، لە شێوەی هەبوونی زانستە، چونکە هەم خەو هەم بێداری، پێویستیان بە بوونی نەفەس هەیە و بێداری هەروەکو سود وەگرتن لە زانستە، لە کاتێکدا کە خەو لە شێوەی هەبوونی زانستە بەبێ سود وەرگرتن لێی))

**دەربارەی نەفەس، 26ـ17a412**

((ئاشکرایە کە هۆکار هەن و ژمارەشیان یەکجار زۆرە، ئەو هۆکارانە کاتێک بۆ ئێمە روو دەبنەوە، کە بپرسین «چما ئەمە روویدا»؟ ئەمە ئێمە بەرەو چەند پرسیارێکی گرنگ دەبات، کاتێک لەگەڵ روبەڕووی شتە نەگۆڕاوەکان دەبینەوە، دەپرسین «ئەوە چییە»؟

بۆنمونە لە بیرکاریدا دەتوانین ئەم پرسیارە لە پێناسەی راستەهێڵ، یان ژمارەکان و شتی لەو بابەتە کورتبکەینەوە لە باریتردا، رەنگە بپرسین: «چ شتێک بووە هۆی ئەو گۆڕانە»؟ وەک ئەوەی کە بۆنمونە لە بارەی پرسیاری «ئەم خەڵکە چماچوونە شەڕ»؟ وەڵامەکە رەنگە ئەوەبێ کە «چونکە دوژمن پەلاماری سنوری دابوو» یان بۆ ئامانجی پرسەکە دەگەڕێنەوە، بە واتایەکی تر ئەمان چوونە شەڕ، تا فەرمانڕەوایی بکەن، لە واتایەکی دیکەدا لەو رووەیەوە کە کۆمەڵێک شت دێنە ئاراوە، هۆکارەکەیان بریتییە لەمادده، بە ئاشکرا هۆکارەکان لەو جۆرەن.

جۆرەها هۆکار هەن و هەرکەس کە دەیەوێ لەهەوڵی درککردنی سروشت بێ، دەبێ بزانێ چۆن پەردەیان لەسەر لابدات، لە راستیدا هۆکارەکان چوار جۆرن: مادی، وێنەیی، کرداری، ئامانجی))

**فیزیک، 24-14a198**

((لەبەرئەوەی جوڵە سەرمەدیە، کەوایە جوڵێنەری یەکەمیش، ئەگەر هەبێ سەرمەدیە..و لێرەدا ئەوەندە بەسە کە دان بە جوڵێنەرێکی تاک دابنێین، کە لەهەموو شتە بێ جوڵەکان لە پێشترە، شتەکان دەخاتە جوڵەوە، چونکە سەرمەدیە سەرەتاو چاوگی هەموو شتەکانی دیکەیە))

**فیزیک، 14-7a259**

((ئەرستۆ بەرادەیەک لەبارەی کۆمەڵێک شتی بێژمار داهێنەرانە بابەتی نوسین و بیری لێکردنەوە، کە بەناچاری ژمارەیەک لە پرسەکان بە هەڵە تێگەیشتوە)).

ئەو کەسانەی کە پەردەی کونەلووتیان ئەستورە، کەسانێکی تەمبەڵن، دروست وەکو مانگا، ئەوانەی کە سەری لووتیان پانە کەسانێکی بێ هەستن دروست وەکو بەراز، بە پێچەوانە ئەو کەسانەی کە سەری لووتیان تیژە

به ئاسانی تووڕه دەبن، وەکو سەگەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی کەسەری لووتیان خڕو سافە، کەسانێکی بەخشندەن، وەکو شێرەکان، ئەوانەی کە سەری لووتیان باریکە وەکو باڵندە وان، بەڵام ئەگەر لوتیان هەڵۆیی و یەکسەر لە ناوچاوانیانەوە درێژبوو بێنەوە، ئامادەی ڕەفتاری بێ شەرمانەن (دروست وەکو قەلە ڕەشەکان))

**قیافەناسی، 36‾28‾71**

(( ئەرستۆ هەوڵێکی زۆریدا، تا توێژینەوەی زانستی و چینبەندی بنیات بنێ و جێگیری بکات، دەستکەوت و هەڵێنجانەکانی ئەو لەو بوارەدا سەرسوڕهێنەرن، بە تایبەت ئەگەر زۆرێک لەو بەڵگەو زانیاریەباوانەی «ئەوکات» لەو رووەوە لەبەرچاوبگرین، بەڵگە و کۆمەڵێک زانیاری کە ئەرستۆ بەشێکی لێ تۆمارکردوون».

دەڵێن لە نیمچە دوورگەی عەرەب جۆرە کەمتیارێک دەژی کە تەنها بەخۆنیشاندان نێچیرەکەی فەلەج دەکات، ئەگەر ئەو کەمتیارە سەیری سێبەری مرۆڤێک بکات، نەک هەر مرۆڤەکە فەلەج دەکات، بەڵکو توانای قسەکردنیشی بە تەواوی لێدەسێنێ.

دوو ڕووبار لە (ئوبوئیا) هەن، ئەو گایانەی، کە ناویان (سەربیس)ە ئاوی لێبخۆنەوە سپی دەبن، ئەو گایانەی کە ناویان (نلیوس)ە ئاوی لێبخۆنەوە ڕەش دەبن... ڕووباری (رنوس) بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی ڕووبارەکانی تر دەڕوات، واتە ڕووەو باکور چێیەک کە زەرمەندەکانی لێ نیشتەجێن لە وەرزی هاویندا، دەتوانرێ لە نێو ئاوی ئەو ڕووبارە کەشتی لێخوڕی، بەڵام لە وەرزی زستان، ڕووی ئاوی ڕووبارەکە، بە چەشنێک دەبێتە سەهۆڵ، کە خەڵک وەک چۆن لەسەر زەوی دەتوانن بڕۆن، ئاواش بەسەر ئەو ئاوە سەهۆڵبەندانەدا دەڕۆن))

**لەبارەی شتە سەیرو سەمەرەکان، 168، 145**

((بە درێژایی چەندین سەدە، بەشی هەرە زۆری هەوڵەکانی ئەرستۆ لە بواری فەلسەفەدا، بەشتی رەهاو حاشاهەڵنەگر لەقەڵەمدەدران، راستیەکانی ئەو «راستیە سەرمەدیەکان»بوون، کە هەرگیز نەدەکرا نکۆڵیان لێبکرێ، بەڵام درکەوتنی فەلسەفەی نوێ بەو دەرەنجامە شکایەوە، کە وردە وردە بیرکردنەوەی ئەرستۆیی بخرێنە لاوە، بەشێوەیەکی حەتمی، ئەوە چاوەروان دەکرا، کەگرنگترین دەسکەوتی ئەو، واتە لۆژێک، تا هەتایە بمێنێنەوە ئینجا (نینچە) درکەوت و تەنانەت لۆژیکشی بردە ژێر پرسیارەوە).

ئێمە ناتوانین تاکە شتێک هاوکات پەسەند بکەین و رەتیش بکەینەوە، ئەمە یاسایەکی ئەزمونی هزری و نیشاندەری هیچ چەشنە «پێویستی»یەکی لۆژیکی نییە، تەنها ئاماژە بەبێ توانایی ئێمە دەدات لەو کارەدا.

لەدیدی ئەرستۆدا، بنەمای پێشگیری ناکۆکی، یەقینترین و بنچینەییترین بنەمایە، دوابنەماو بنچینەترین بنەمایە، کە سەرجەم نیشانە بەڵگەییەکانی لەسەر جێگیرن، سەرەتاکانی هەموو بنەماو پرەنسیپە حەتمیەکان بەو بنەمایەوە گرێ دراون، کەوایە ئەگەر بە راستی بابەتەکە بەو چەشنەیە، زۆر پێویستە بە وردبینێکی زۆرترەوە ئەو پێشمەرجانە کە لەناخی ئەو بابەتەدان شیبکەینەوە «ئەو بنەمایە» یاشتێک دەربارەی حەتمیەت، دەربارەی بوون دەردەکەوێ، بەشێوەیەک کە لەپێشدا، لە سەرچاوەیەکی تردا پێماندەزانی، واتە بە شێوەیەک کەنەدەکرا، ئەو بارگە پێکناکۆکانە بدەینە پاڵ ئەو (= بوونە).

با بەو مانایەیە، کە ئەو بارگە پێکناکۆکانە، نابێ بدرێنە پاڵیەوە، لەو بارەدا، لۆژێک بەو شێوەیەی، کە پێشتر دانراوە، نابێتە پێداویستی دۆزینەوەو ناسینی راستەقینە، بەڵکو تەنها پێدوایستی رێکخستنی جیهانێک دەبێ، کە ئێمە دەتوانین بە جیهانی راستەقینە ناوی ببەین.

بەم پێیە ئەو پرسە، هەروا بەهێزو کاریگەرە، کە ئایا بنەما سەرەتاییەکانی

لۆژیک تەواو، لەگەڵ واقعیەت یەکدەگرنەوە؟ یان ئەوەی کە تەنها ئامرازو شێوازێکن بۆ ئێمە، تا چەمک و تێگەیشتنێک لە «واقعیەت» کە خۆمان پەسەندی دەکەین دابهێنین؟ بۆ وەڵامدانەوەی پۆزەتیڤ بە پرسیاری یەکەم، وەک چۆن ئاماژەی پێدرا، دەبێ ناسین و ئاشنایەتیەکی پێشترمان لە «بوون» هەبێ (واتە ناسینێکی پێشتر لەسەر سوود وەرگرتنمان لە لۆژیک و تەواو جیاواز لێیەوە) گومانی تێدا نییە، کە ئەو جیاکاریە دروست نییە، بەم پێیە گوزارەی باسکراو (هەمان ئەوەی کە بنەمای پێشگیری ناکۆکی پێکدێنی) لەخۆگری هیچ پێوانەیەک نییە، بەڵکو تەنها حوکمێکە، کە دەڵێ چ شتێک دەبێ بەحەقیقەت بژمێردرێ))

نیتچە، ئیرادەی چاو لەدەسەڵات، بەشی 516

((بەم شێوەیە، لۆژیک دەگۆڕێ بۆ ئەخلاقی چۆنێتی دیدی ئێمە بۆجیهان و چۆنێتی تێگەیشتنمان لێی، ئەخلاقی مەعریفی ئێمە، نکوڵیکردن لە لۆژیک(هەڵە)یە، نە بەمانای چاودێر بەسەر واقیعیەت، بەڵکو بەمانای ئەخلاقی، بەم پێیە سەرجەمی تێڕوانین و وێناکردنەکانی ئێمە لە حەقیقەت -حەقیقەتی لۆژیکی، زانستی، دینی، پێدوایستی خستنەڕووی کۆمەڵایەتیی حەقیقەت و شتی لەوجۆرە لەیەک دەستەواژەدا یەکدەگرنەوە، ئەو تێڕوانینانە کۆمەڵێک سیستمن کە ئێمە لەژێر سایەیاندا دەژین، کۆمەڵێ سیستم کە بۆ ئێمە سودمەندن، هیچ کام لەوانە لەسەر ئەوەی کەلە راستیدا روودەدا جێگیر نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای شتێک جێگیرە کە بۆ ئێمە سودمەندە، لەگەڵ ئەو شێوازەی کە بۆ تێڕوانینی جیهان هەڵیدەبژێرین سازگارە))

**سەرچاوە:**

آشنایی با ارستو، پل استراترن، و. فارسی: شهرام حمزەای

# لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | سا ڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆرش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |